# پەروەندەی ئیداری

عەزیز نەسین

# پەروەندەی ئیداری

نووسینی: عەزیز نەسین

گەلاوێژ

لە فارسییەوە کردوویە بە کوردی

پەروەندەی ئیداری
نووسینی: گەلاوێژ
چاپ: چاپی نوێ/ سلێمانی/ ٢٠١٨
تیراژ: ١٠٠٠ دانە

## پەروەندەی ئیداری

لەگەڵ ئەوەشـــدا کە دەمزانـــی کارمەنـــدانی ئیـــداریی دەوڵەتـــی وڵاتەکەمـان پێش سـەعات ٩ی بەیـانی نـاگەنە سـەر کارەکانیـان، بەڵام مـن وەک هەمیشـە ڕاهـاتبووم سـبەی سـەعات هەشـتی بەیـانی لە بەردەمی دائیرەکەدا ڕابوەستم.

مـن لە سـەرەتای گەنجـیمەوە لە خەڵکـی چـوارەم و پێـنجەم، کە بریتـی بـوون لە دەرگـاوانی و بەردەسـتان بێـزار و نـاحەز بـووم. ئەم چینـی کەسـانە هەر کاتێـک بە مـن دەگەیشـتن، دەتگـوت گونـاهێکی گەورەم کـردووە بەرانبەریـان ئەوەنـدە قڕەقڕیـان بەسـەردا دەکـردم و ئەوەندە ڕاویـان دەنـام. زۆر جاریش بە جلە شـڕە پیناوییەکانم وایـان دەزانی یەکێکم لە خۆیان، بۆیە دەکەوتنە قسەوباس و شۆخی لەگەڵم.

ئەو چینە کەسانە هیچ کات ئەوەیان پێ خۆش نییە ئەگەر کەسێک لە چینی خۆیان بە بەرزی ببینن و بە پێچەوانەوە هەمیشە خەڵکی ئەم چینە، پلەی یەک بە ئینسانی لە خۆیان بە باشتر دەزانن.

من تاوەکو ئێستا لە ژووری هـیچ سـەرۆک دائیـرەیەک ڕاسـتەوخۆ لە لایەن ســەرۆکەکە خــۆیەوە دەرنەکــراومەتە دەرەوە، تەنیــا ئەو کەسـانەی چینی ٥ و ٤ بـوون کە وا چەنـد جـار منیـان لە ژووری ئەو سەرۆکدائیرانە دەرکردووە.

ئەو ڕۆژە کە بەیانی زوو هاتم، دائیرەکە ئاگاداری هاتوچۆ و ئیش و کاری ئیشکەرەکان بووم، بەتایبەتی ئەو دوو زەلامە زلحوتە کە سەریان بە پاککردنەوەی پلیکانەکانەوە قاڵ بوو، سەرنجیان ڕاکێشام و لەبەر ئەوەی وەکو هیچیشە دەرمنەکەن دەستم کرد بە پیاسەکردن لە بەرانبەر بینای دائیرەکە، لەو شوێنەوە کە ئاگام لە هاتن و گەیشتنی کاربەدەستەکان بوو.

من زۆر بە باشی دەرگا گەورەکەی دائیرەکەم دەبینی، کە مەئموورەکان لێوەی دەهاتن و دەچوون و بێگومان هەر کەسە بهاتایە بە چاکی چاوم لێی دەبوو، لەوانە نەبوو نەیبینم.

تنۆکی درشتی بارانیش کەم کەم بەر دەموچاوم دەکەوت، ئەگەرچی گوێشم نەدەدایە ئەو تەڕاییەی کە لە پێڵاوە دڕاوەکەمەوە دەچووە ژوورەوە، چونکە پێی ڕاهاتبووم، بەڵام خەمی فایل و کاغەز و بەڵگەکانم بوو نەوەکو تەڕ ببن، چونکە لە لای من زۆر گرنگ بوو ئەو بەڵگە و کاغەزانەم هەر وا بە سەلامەتی بپارێزم. لەبەر ئەوە هەر زوو بە پەلە جانتای کاغەزەکانم خستە ژێر چاکەتەکەم و ڕاوەستام چاوەڕێی هاتنی کاربەدەست و بەرپرسەکانم دەکرد.

وا بزانم زۆربەی کاربەدەست و ڕێبوارەکانیش وایان دەزانی جانتاکەم ڕەنگە هیی جلی حەمامم بێت، لەجیاتی کاغەز و بەڵگەنامە.

ئەو دوو نەفەرە ئیشکەرە شانپانەی کە خەریکی شتنی پلیکانەکان بوون، دوای باینێک بەرانبەر یەک ڕاوەستان و خۆیان دا بەسەر دەسکی گسکە درێژەکانیاندا و کەوتنە قسەکردن.

بە سەیرکردنەکانیدا بۆم دەرکەوت کە باس باسی منە و سەدی سەد دەمزانی کە بەیەکتری دەڵێن دیسان کابرا هاتووەتەوە.

من زۆر ڕقم لەو دوانە بوو. ئامادەش نەبووم تەنانەت بۆ یەک دەقیقەش ڕووخساریان ببینم، بەڵام لەبەر بەڕێوەبردنی ئیشەکەم ناچاریان بووم. ئەگەر ئیشەکەم دەبرایەوە، پارەکانم وەردەگرتن،

ئامادە بووم خەڵاتێکی وایان بکەم کە چەند ئەوەندە زیاتر بێت لەو مانگانەیەی کە وەریاندەگرت.

ئەگەرچی ئەو خەڵاتەشم لەبەر ئەوە پێ نەدەدان کە خۆشم دەوێن، بگرە لە بەر ئەوەم بوو کە تێیانبگەیەنم من چەند قینم لەو جۆرە کەسانەیە.

بۆیە دامنابوو هەر کە کارەکەم تەواو بوو و بە هەقی خۆم گەیشتم، کاغەز و فایل و بەڵگەنامەکانم لەبەر لوتیان ڕابگرم و خەڵاتێکی زۆریشیان پێ بدەم، تاوەکو پێیان بگەیەنم کە من لە چینی ئەوان نیم.

ئیشکەرەکان دوای ئەوەی لە قسەکردن بوونەوە، یەکلە دوایەک چوونە ناو دائیرەکەوە. من لە ترسی ئەوەی دیسانەوە دەرمنەکەن، چەند هەنگاوێک دوور کەوتمەوە. وا بزانم ئەوانە ئەگەر لەسەر شەقام و لە ڕێگەوبانیش تووشم ببن، هەر شوێنم دەکەون. بەتایبەتی ئەو خواروخێچە شانشکاوەیان.

لە دوای چوونەژوورەوەی ئیشکەرەکان، ئیتر کاربەدەستەکانی وردە وردە پەیدا بوون.

بۆ ئەوەی بزانم سەعات چەندە، دوو-سێ هەنگاوی تر ڕۆیشتم بەرەو لای دوکانی شیرینیفرۆشێک و سەیری سەعاتی دیوارەکەیم کرد سەعات بووبوو بە ٨:٥٠ دەقیقە،

من تێکڕا ناوی هەموو مەئموورەکانی ئەو دائیرەیەم لەبەر کردبوو، بگرە ناوی منداڵەکانیشیان و نەمدەزانی منداڵی هەرکامەشیان حەزیان لە چییە و ئێستا لەم سەعاتەدا خەریکی چین؛ بەڵام تەنیا ناوی ئەو کارمەندە عەینەکییانەم نەدەزانی کە ئێستا لە بەردەممدا تێپەڕی، هەروەها هیچ کاتێکیش سەر و ڕیشیشم وا بە تاشراوی نەدیب و تاکو ئەمڕۆ، هەروەها ئەم هەموو ماوەیەی کە هاتوچۆی ئەم دائیرەیەم کردووە، تەنیا نەمزانیوە ژووری ئەم لە کوێیە، لەگەڵ ئەوەشدا کە هەموو ڕۆژێک دێت جانتایەکی ڕەشی بە دەستەوەیە لەگەڵ مەنجەڵێکی بچووک کە لە غەزەتەیەکەوە پێچراوە.

وەکو هەموو ڕۆژانی تر هات و بە بەردەممدا تێپەڕیی، سەیرێکی کردم و هەندێک دەموچاوی کرایەوە و وەک زەردەخەنەیەک بکەوێتە سەر لێوی. منیش ئەم هەلەم قۆستەوە و پێم گوت:

- قوربان بەیانیت باش.

چاوەڕێم کرد هیچ نەبێت بەرانبەر بەم سەلام لێکردن و ڕێز لێگرتنەم هەر هیچ نەبێت وەرامی بەیانیباشەکەم بداتەوە؛ بەڵام بەبێ گوێدان بە بەیانیباشەکەم پرسیی:

- ئەوە بۆچی دوێنێ دەرگەوانی جەنابی سەرۆک دەیقیژاند بەسەرتدا؟

منیش بە کزۆڵەیی وەرامم دایەوە و گوتم:

- قوربان وا بزانم ئێوە ئەو کەسانە باشتر ئەناسن. ئەوە لەبەر ئەوەی ئەزانن کە پارەم نییە بەرتیلیان پێ بدەم، بۆیە بە هیچ جۆرێک ڕێم نادەن بەبێ قڕە بێم و بڕۆم.

کابرای عەینەکی لە کاتێکدا لە تەپڵی سەرمەوە تاوەکو پێم و پێڵاوەکانمی سەیر دەکرد، هەر وەک ئەندازەم بگرێت شتێکی سەیر بم لە لای، گوتی:

- ئەڵێیت بارانەکە توندتری کرد.

- بەڵی قوربان ڕاست ئەفەرموون.

کابرا جارێکی تر سەرتاپای سەیری کردم و بێ گوێدانە وەرامەکەم گوتی:

- وەڵڵا قوربان ئەوە دوو مانگی ڕێکە هەموو ڕۆژێک دێمە ئێرە بۆ وەرگرتنی بەڵگەنامەی تایبەتیی پاوانکردن و ڕاسەت، ئێستاش کەس وەرامی نەدامەوە. هەموو ڕۆژی هەفتەکە لێرەم بێجگە لە پێنجشەممە و هەینی.

کابرا لوتفی کرد و گوتی:

- باران تەڕی کردیت وەرە لەگەڵم بزانم چییە.

لەگەڵی ڕۆیشتم بەرەو دائیرەکە و چوار پێپلیکە بە سەلامەتی ڕۆیشتم، بەڵام هێشتا چەند هەنگاوێک بە ڕێڕەوە گەورە و درێژ و بەرینەکەدا نەڕۆیشتبووم کە ئیشکەرە شانپانە خواروخێچەکەم لێ پەیدا بوو، منیش هەر دەستبەجێ خۆم خستەپشت کابرای عەینەکییەوە، خۆم وا لێ کرد کە نەمبینێت.

کابرای عەینەکییش کە لە مەسەلەکەم تێگەیشتبوو، ئەویش یارمەتی دام نەمبینێت و ئەو بەلایەی لە کۆڵ کردمەوە. من تاوەکو ئەو ڕۆژە نەمزانیبوو ئەو دائیرەیە ژێرزەمینیشی هەیە؛ بەڵام کابرای عەینەکی پێشم کەوت بۆ ئەوێ. دوای ئەوەی بە چەند پێپلیکەیەک چووینە خوارەوە، حاڵی بووم کە دائیرەکە ئەم شوێنەشی هەیە کە تا ئێستا من نەمدیبوو.

ڕێڕەوێکی گەورەی درێژ بوو، چەندەها گڵۆپی ئەلکتریکی تیا داگیرسابوو. ئەوەندە درێژ و گەورە بوو هەر لە تونێل دەچوو، هیچ دەرگا و پەنجەرەیەکیشی تیا نەدەبینرا. پاشان لە دوای ئەوەی ماوەیەکی چاک لەگەڵ کابرای عەینەکی ئەو ڕێڕەوەمان پێوا و پیادا چووین. گەیشتینە بەردەمی دەرگایەک. کابرای عەینەکی دەرگاکەی کردەوە. بۆنێکی توندی ئەسفەنیک ئەو چەشنە میکرۆبکوژانە هاتە بەر لوتم، کە ویستم لەگەڵی بچمە ژوورەوە، گوتی:

- بۆچی تۆش دێیت؟

منیش بە کەساسییەکەوە گوتم:

- قوربان ئەدی تۆ نەتفەرموو وەرە لەگەڵم بەشکم یارمەتییەکت بدەم.

کابرای عەینەکی سەیرێکی کردم، گوتی:

- باشە بەڵام ئێرە تەوالێتە!

بە شپرزەییەکەوە گوتم:

- قوربان لێم ببوورە من وام زانی ژووری جەنابتانە.

عەینەکی دەستی درێژ کرد بۆ ئەولای تر و گوتی:

- ژووری کارەکەم ئەوەی ئەو لاوەیە، بەڵام ها بێزەحمەت ئەم شتانەم بۆ هەڵبگرە و چاوەڕێ بکە تاوەکو دێمە دەرەوە.

دەستی برد جانتا و مەنجەڵی خواردنەوەی و پاڵتۆکەی دایە دەستم.

منیش بە خۆشییەوە لێم وەرگرت و ڕاوەستام چاوەڕێی بکەم، بەڵام هەرچەندە چاوم دەگێڕا بەو ڕێڕەوەدا، کەس هاتوچۆی نەدەکرد و هیچ دەنگێکیش نەدەهات. ماوەیەکی باش هەر وا ڕاوەستام و کابرا دیار نەبوو، هەر نەهاتە دەرەوە، بە ئەندازەیەک کە خەریک بووم بێهیوا دەبووم و وا دەهاتە خەیاڵم یان شتێکی لێ هاتووە، یان لەوێوە دەرگایەکی تر هەیە ڕەنگە لەوێوە چووبێتە شوێنێک و ئەگەر جانتا و مەنجەڵی خواردن و پاڵتۆکەی لە لام نەبوایە، هەرگیز ئەوەندە ڕانەدەوەستام و چاوەڕێم نەدەکرد، بەڵام جوان نەبوو ئەو هەموو بڕوایەی بە من کردبوو و شتەکانی داوەتە دەستم و منیش بڕۆم.

چەند جارێک خەریکی دەرگاکە بووم پاڵم پێوە نا بەڵام بێسوود بوو، چونکە دەرگاکەی لە ناوەوە لەسەر خۆی داخستبوو. ناچار ماوەیەکی تریش لەسەری ڕاوەستام، بەڵام هیچ دەنگی نەبوو، ئەم جارە بە مستەکۆڵە لە دەرگاکەم دا.

کابرا دەنگی هات و گوتی:

- فەرموو.

بە بەرزی گوتم:

- قوربان چۆن بفەرمووم، تۆ دەرگاکەت لە ناوەوە داخستووە.
- ئەدی چۆن دەتویست دەرگاکە بە کراوەیی بەجێ بهێڵم و ...
- بەڵام قوربان تۆ دەڵێیت فەرموو، بۆیە منیش وام گوت.
- بیرم چوو، وام زانی لە ژوورەکەی خۆمم و کەسێک لە دەرگاکە دەدات و ئیشی هەیە.
- قوربان ئەتوانم جانتا و کەلوپەلەکانت لەبەر دیوارەکە بەجێ بهێڵم و خۆم بڕۆم؟

- ئەرێ ئەتوانیت لەوێ دایانبنێیت و خۆت بڕۆیت.
- بەڵام بە خوا وا بزانم ناتوانم بڕۆم.
- بۆچی؟
- لەبەر ئەوەی منیش ئیشی پەلەم بە تەوالێت هەیە.
- کەواتە ڕابوەستە وا ئێستا دێمە دەرەوە. یارمەتییشت ئەدەم.

بە پەلەپروزێوە گوتم:

- قوربان باشترین یارمەتیی من ئەوەیە کە بە زووترین کات "لە تەوالێتەکە" بێیتە دەرەوە، چونکە خەریکە لە دەستم دەردەچێت و خۆم پیس ئەکەم.
- ددان بە خۆتدا بگرە و هەندێک ئارام بە، هاکا هاتمە دەرێ، خەڵکی بەسەبر هەمیشە سەر ئەکەون.

لە نارەحەتیدا جانتاکای خۆمم و هیی ئەو و خواردن و پاڵتۆکەی و هەموویم لەسەر ئەرزەکە دانا و کەوتمە پەلەپڕوزێ، چونکە زۆرم بۆ هاتبوو و کەوتبوومە هەڵبەزین و لەسەر ئەم پێ و ئەو پێ ڕاوەستان و پێچ بە خۆدادان.

لەو کاتەدا دەنگە دەنگێک پەیدا بوو لەو ڕێڕەوە گەورەیەدا، کە دەنگی دەدایەوە وەکو ئەشکەوت و لە دوورەوە دوو کەس دەرکەوتن و کە هاتن و بە لای مندا تێپەڕین، گوێم لێیان بوو یەکێکیان بەوی تری گوت:

- ئەرێ ئەو کابرایە بۆ وای دەکرد؟

ئەوی تریان وەرامی دایەوە و گوتی:

- وا بزانم سەمای دەکرد.
- باوەڕ ناکەم لەوە دەچوو کە سکی ژان بکات.
- با لێی بپرسین.
- باشە دە لێی پرسە.

گەڕانەوە بۆ لام و یەکێکیان پرسی:

- ببوورە کاکە، ئەرێ ئەوە بۆ چی وا ئەکەیت؟

به منگەمنگ و پەلەپەلەوە گوتم:

- هەروەک جەنابت فەرمووت، خەریکی سەماکردنم.

لەگەڵ ئەو قسەیە دەرگای تەوالێتەکە کرایەوە.

کابرای عەینەکی هاتە دەرەوە. منیش هەر بەبێ قسە و بە پەلە پەلاماری جانتاکەم دا و چوومە ژوورەوە، کە سەیرم کرد تەوالێتەکە ئەوەندە بچووکە جێگەی خۆم و جانتاکەمی تیا نابێتەوە، بەتایبەتی کە جانتاکەم هەندێک گەورە بوو. منیش بە پەلە دەرگاکەم کردەوە و جانتاکەم لەودیوی دەرگاکەوە دانا، لە تاوانا دەرگاکەم دانەخست و هەر وا پێوەم دا. دوای تۆزێک سەیرم کرد لەپڕ دەرگاکە کرایەوە و ژنێکی ئێسکسووکی جوان پرسی:

- سلێمان ئاغا لێرەیە؟

بە شڵەژان و ناڕەحەتییەوە گوتم:

- نەخێر خانم.

خانم بە ناڕەحەتی و توڕەییەوە قیژاندی:

- ئەی لە کوێیە؟

منیش سەرم سووڕما و کەوتمە پەلەپەل، کە خۆم کۆ کەمەوە و لە دڵی خۆمدا گوتم: دیارە باسی کابرای عەینەکی دەکات، چونکە ئەو ژوورەی لەم نزیکانەیە، لەبەر ئەوە گوتم:

- چەند دەقیقەیەک لەمەو پێش لێرە بوو، بەڵام ئێستا نازانم چوو بۆ کوێ.

خانم کە هەر تووڕە و ناڕەحەت دیار بوو، دەیبۆڵاند و وەرامی دامەوە و گوتی:

- لێرە بوو؟ باشە چۆن لەم جێگە بچووکە جێی هەردوکتان بووەوە؟

- نەخێر پێکەوە نەبووین، کە ئەو چووە دەرەوە ئینجا من هاتم.

خانم دەستی دا بەیەکدا و بە توڕەییەوە گوتی:

- ئێستا من چی بکەم؟

- ئەگەر زەحمەت نەبێت تۆزێک بچیتە ئەو لاوە و ڕێگەم بدەیت بێمە دەرەوە.

خانم جوولایەوە و گوتی:

- فەرموو... بەڵام دەتوانیت پێم بڵێیت سلێمان ئاغا چوو بۆ کوێ؟

بێ ئەوەی ئاگام لە خۆم بێت گوتم:

- سوپاست دەکەم.

ئەو سوپاسەش یەکێک بوو لەو قسانەی جارجار لە دەمم دەردەچوون.

خانم دایە قاقای پێکەنین، بەبێ قسە دوور کەوتەوە.

منیش بە پەلە دەرپەڕیمە دەرەوە و خەریک بووم پەلاماری جانتاکەم بدەم، بەڵام بە داخەوە سەیرم کرد جانتاکەم لە شوێنی خۆی نەماوە، بەو هەموو فایل و بەڵگەنامە و کاغەزانەوە کە پەیوەندییان بە هەموو ژیانمەوە هەبوو.

هەر خەریک بووم لە تاوانا ببوورێمەوە و دەستم کرد بە هاوار و بانگەبانگ:

- سلێمان ئاغا... سلێمان ئاغا.... سلێمان ئاغا... سلێمان ئاغا...

بەڵام لە دەنگی خۆم کە لە ڕێڕەوەکە دەنگی دەدایەوە، هیچی دیکە نەدەهاتە گوێم.

بەو حاڵە پەرێشانەوە و وەک شێت ڕام کرد بە شوێن خانمەکەدا، بەڵام بێسوود بوو، چونکە خانم هەر زوو لەبەر چاوم گوم بوو. نەمزانی چیی لێ هات.

ناچار ویستم بگەڕێمەوە ئەو شوێنە کە لێی بووم و ئەو کاتەش زانیم کە ئەو ژێرزەمینە کرابوو بە دوو لایەن و هەر لایەی کرابوو بە دوو ڕێڕەوی جیاجیا، لەبەر ئەوە من لەجیاتی بگەڕێمەوە شوێنەکەی خۆم، لێم تێک چوو و چوومە ڕێڕەوێکی تر و بەدبەختیی من لەوێدا بوو کە هەرچوار ڕێڕەوەکە لەیەک دەچوون و من نەمدەزانی بە

کامیاندا بڕۆم تاوەکو بگەمە شوێنەکەی کە لێی بووم لای تەوالێتەکە؛ هەروەها ڕێگەی پێپلیکەکانیشم لێ تێک چوو کە دەمویست بڕۆمەوە بـۆ سـەری بـۆ چینـی یەکەم و لە دوای ئەوەی چەنـد جـار بەم لاو ئەولادا ڕام کرد، دیسـان دەسـتم کردەوە بە بـانگکردن. دەنگێک هـاتە بەرگوێم و گوتی:

- چیت ئەوێت؟ وەرە لێرەم.

دەنگی سلێمان ئاغا لە شوێنێکی دوورەوە دەهـات، دەتگوت لە نـاو بیرێکی زۆر قووڵەوە دەردێت.

ئەم جارە لەسەرخۆ بانگم کرد:

- سلێمان ئاغا ئەوە لە کوێیت؟

دەنگەکە هاتەوە دیسان گوتی:

- ئەوەتام لێرە وەرە ئێرە.

بە پەلە و شـپرزەییەوە شـوێن دەنـگەکە کەوتـم. لە پاشـان خـۆمم بەرانـبەر دەرگـایەک دیـت. دەرگـاکەم پـاڵ پێـوە نـا سـەیر دەکەم ئەو خانمەی گوم بووبوو، بەرانبەرم دانیشتووە.

خانم ڕاپەڕیی و بە ناڕەحەتییەوە پرسیی:

- ها چیت کرد سلێمان ئاغات دۆزییەوە؟

بە داماوییەوە پرسیم:

- کام سلێمان ئاغا ئەڵێیت؟

- ئەبێت کام سلێمان ئاغا بێت! هەر ئەوە ئەڵێم کە لێرەیە.

- ببوورە تێناگەم چی دەفەرموویت؟! هەر نـازانم سـلێمان ئاغـا کێیە کە باسی ئەکەیت.

خانمەکە زۆر تووڕە دیار بوو، گوتی:

- ئەو سلێمان ئاغایە ئەڵێم کە جانتاکەمی بردووە.

بە سەرسووڕمانەوە گوتم:

- کەواتە جانتـاکەی تۆشـی بـردووە. بـۆ نەگبەتـی جانتـاکەی منیشی بردووە.

خانم که له کاتێکدا له نارەحەتیدا دەستەکانی هەڵگڵۆفی و گوتی:

– بێزەحمەت هەر کاتێک دۆزیتەوە ئاگادارم بکە.

– ببوورە ئەتوانیت پێم بڵێیت لێرەوە خەڵک چۆن دەچێتەوە بۆ سەرەوە؟

خانم بە سەرسوورمانەوە گوتی:

– بە پێپلیکە.

– ڕاستەکەی کەواتە ئەبێت بەوە بڕۆمە سەرەوە.

خواحافیزی لێ کردم و چوومەوە بۆ ڕێڕەوەکە دەستم کرد بە گەڕان بۆ دۆزینەوەی پێپلیکە، بەڵام گەڕانەکەم بێسوود بوو، پێپلیکەم پێ پەیدا نەکرا. ناچار ویستم بگەڕێمەوە بۆ لای خانم و هەندێک بە توندی پێی بڵێم:

– خانم گیان دەمزانی بە پێپلیکە سەر دەکەونە سەرەوە، بەڵام من نیازم ئەوە بوو کە پێم بڵێیت لە چ لایەکەوە بۆ پێپلیکەکە دەچن؟ ئەم جارە هەرچییەکم کرد دەرگای ژوورەکەی خانمم پێ نەدۆزرایەوە.

ناچار دیسانەوە دەنگم هەڵبڕی گوتم:

– سلێمان ئاغا ئەوە لە کوێیت؟

جارێکی تر ئەو دەنگە هاتەوە گوێم و گوتی:

– هەی ژەهری مار، قوزەڵقورت، کوڕە بابە لێرەم ئەوە چیت دەوێت؟

ڕووم کردە لای دەنگەکە و هەندێک ڕۆیشتم سەیر دەکەم وا پێپلیکەکان بەرانبەرمن. بەبێ وەستان ڕام کرد بەرەو پێپلیکە و لەتاوانا چوارچوار و پێنجپێنج بەسەریاندا سەر دەکەوتم و بە پەلە خۆم گەیاندە نهۆمی یەکەم شاهیدمانێکم هێنا.

لەو چینە خەڵکێکی زۆر لە هاتوچۆدا بوون لە کاربەدەست و خەڵکی خاوەن ئیش و کار. هەروەها ئیشکەر و دەرگاوان.

له دڵـی خۆمـدا گـوتم: ئەگەر ئەم جـارە دەرگـاوان و ئیشـکەرەکان نەک دەرمبکەن، بگرە لێشم بدەن نـاڕۆم، چـونکە دەبێت جانتـاکەم بەو هەموو بەڵگە و فایلانەوە بدۆزمەوە.

بە توڕەیی و ناڕەحەتییەوە لە ئیشکەرێکم پرسی:

- ژووری سلێمان ئاغا لە کوێیە؟

ئیشکەرەکە، نازانم بەکێ هاتمە بەرچاوی بۆیە کەمێک سڵەمییەوە و گوتی:

- نهۆمی دووەم دەرگای یەکەم لە دەستی ڕاست.

بە پەلە سـەر پێپلیکانەکـان کەوتـم و یەکەم دەرگـای دەستەڕاسـتم کردەوە. دەرگاوانەکە ویستی ڕامبگرێت، بەڵام پـاڵێکم پێوە نـا و خۆم هاویشتە ژوورەوە.

ژوورە کە زۆر بە جـوانی ڕێـک خـرا و ڕازاوە بـوو لە سـەروو ژوورەکە لە پشـت مێزێکـی گەورەی چـاک کـابرایەکی لێوەشـاوەی ڕێکپۆش دانیشتبوو.

هەر چاوی بە من کەوت، لەسەر جێگەکەی بەرز بووەوە گوتی:

- فەرموو بەخێر هاتیت.

- زۆر سوپاست ئەکەم و زۆر مەمنوونم.

ئامـاژەی کـرد کە دابنیشـم لەسـەر کورسـییەک بەرانبەر مێزەکەی. منیش هەر گورج دانیشتم.

دوای چاک و چۆنی، گوتی:

- فەرموو ئیشێکت هەیە؟

- وەڵڵا قوربان ئیشێکم بە سلێمان ئاغا هەیە.

- فەرموو من سلێمان ئاغام.

- بەڵام جەنابـت ئەو سـلێمان ئاغـایە نیـت کە جانتـاکەی منـی لەگەڵ خۆی بردبوو لە ڕاڕەوەکەی خوارەوە.

- باشە چ ئیشێکت پێی هەیە؟

- وەڵڵا قوربان جانتاکەمی بردووە.

- بۆچی جانتاکەتت دایە دەستی؟

منیش هەموو بەسەرهاتەکەمم بۆ گێڕایەوە وەکو هەبوو.

گوتی:

- کەواتە لە دائیـرەکەی ئـێمە بـێجگە لە سـلێمان ئاغاکـانی تـر، سلێمان ئاغایەکی جانتافڕێنیش هەیە.

بە خۆشییەوە پرسیم:

- کەواتە جەنابت ئەویش دەناسیت؟

بە ساردییەکەوە گوتی:

- بەڵێ.

- بەڵام جەنابت فەرمووت سلێمان جانتافڕێن.

کابرا هەڵی داییە و گوتی:

- مـن کەی وام گوتـووە؟ تـۆ وات گـوت، منـیش گـوتم کەواتە ڕەنگە کارمەندێکی واش لەم دائیرەیە هەبێت.

لەو کاتەدا دەرگای ژووری سلێمان ئاغا لێ درا و ئەویش گوتی:

- فەرموو.

کـابرایەکی یەکجـار شـیکپۆش خـۆی کـرد بە ژووردا و کـابرای دەرگـاوانەکە ویسـتی نەهێڵێـت بـێمە ژوورەوە بە دوایەوە. کـابرای شیکپۆش کە دوای حاڵی بووم یەکێکە لە هەرە کارمەندە گەورەکانی دائیرەکە، چووە نزیک سـلێمان ئاغـا و چرپاندی بە گوێیدا، دەسـتیان کـرد بە ورتەورت لەگەڵ یەک بە ئەسـپایی و جارجـارێکیش سـەیری منیـان دەکـرد و گـوێم لـێ بـوو لە نـاو قسـەکانیاندا کـابرای شـیکپۆش چەنـد جارێـک نـاوی شـێتی بـرد. لە سـلێمان ئاغـاش ئەم قسـانە حـاڵی دەبووم: "تو خوا"... "چەند سەیرە!"... "هەر باوەڕ ناکەم!"... "کەواتە وا".

کابرای پلەبەرزی شیکپۆش بە توڕەییەوە سەیرێکی کردم و چاک لـێم ورد بـووەوە. دوای بە چـاو ئامـاژەی دەرگـاوانکەی کـرد کە لە ژوورەکە دەرم کاتە دەرەوە.

بە نــاڕەحەتییەکی زۆرەوە لە جــێگەی خــۆم بەرز بــوومەوە و بە شپرزەییەوە گوتم:

- قوربــان بــاوەڕ بــکە مــن شــێت نــیم و ئەوانەی دەیانەوێــت هەقەکەم ون بکەن و غەدرم لێ بکەن وام پێ دەڵێن.

کابرای شیکپۆش بە فیزێکەوە گوتی:

- نیازت تێدەگەم.

وای گوت و لەگەڵ کابرای دەرگاوان چوونە دەرەوە.

دوای ڕۆیشتنی ئەوان سلێمان ئاغا گوتی:

- فەرموو دابنیشەوە.

بە پەلە گوتم:

- زۆر سوپاس و مەمنوونم.

ئاغای سەرۆک دائیرە. سلێمان ئاغا لە دوای بەینێک بیرکردن بە دەست و پەنجە یاریکردن ڕووی تێکردم و گوتی:

- جانتاکەت کۆن بوو یان تازە؟

- قوربان وەڵڵا زۆر زۆریش کۆن بوو.

- چی تیا بوو؟

- کــاغەز و بەڵگەنــامەی زۆر کە ســەلماندنی وەرەســاتن، کــۆم کردبوونەوە.

- تۆ ئیش وکاری ترت هەیە؟

- وەڵڵا قوربان جاران ئیشم هەبوو، بەڵام ئێســتا نامپەرژێت و ئەوە دوو مــانگە خەریکی هــاتوچۆی ئەم دائیــرەیەم، لەبەر ئەوە وازم لە هەموو ئیشێکی دیکە هێناوە.

ســلێمان ئاغــا هەر خەریکــی دەســت و پەنــجەی بــوو یــاری پــێ دەکــردن و پەنجەکــانی دەتەقانــد و دەنگــی لــێ دەهێنــان و جارجــاریش دەیکێشــان بە شووشــەی مێــزەکەدا و بە جۆرێــک کە لەو دەنگەدەنــگە خەریک بوو مێشکم تێک دەچوو.

بە ناڕەحەتییەوە گوتم:

– ئەگەر بێت و من ئەو جانتایەم نەدۆزمەوە، بە جارێک ماڵم وێران دەبێت و باوەڕ بکە ئەوسا لە خۆکوشتن زیاتر چاری ترم نامێنێت.

گوتی:

– نارەحەت مەبە، دەیدۆزیتەوە.

– چۆن نارەحەت نەبم قوربان، ئەگەر ئەوە نەدۆزمەوە...

نەیهێشت قسەکەم تەواو بکەم و گوتی:

– ئەڵێم دەیدۆزیتەوە و بەڵێنت دەدەمێ ئەگەر داتبێتە دەست سلێمان ناوێک، لە سەدا سەد دەیدۆزیتەوە؛ بەڵام تۆ پێت نەگوتم ئەم هەق و ویراسەتەی تۆ بە دوایدا ئەوەندە سەرگەردانی، وەرەساتی چییە؟

– قوربان وا بزانم هەرچی لەم دائیرە زلەدا هەیە، ئەم ئیشەی من دەزانێت و بۆ هەموویانم باس کردووە، تەنیا جەنابت و ئەو سلێمان ئاغاکەی دیکە کە جانتاکەمی بردووە تەنیا بۆ ئێوەم باس نەکردووە.

– هەقی خۆتە، چونکە منیش تازە هاتووم بۆ ئەم دائیرەیە.

– ئەگەر جەنابت لێم خۆش دەبیت و ڕێگەم دەدەیت کە باسەکەتان بۆ بکەم.

سلێمان ئاغا کە هەرخەریک بوو پەنجەکانی بە شووشەی مێزەکەدا دەکێشا، ئەم جارە ئاوازەکەی گۆڕی و کەوتە لێدانی ئاوازێکی تازە. گوتی:

– زۆر حەز دەکەم، دەی باسەکەم بۆ بکە، بەدڵ گوێت لێ دەگرم.

ئەم قسەیەی کە کردی ڕووداوگۆڕینێکی یەکجار گرنگ بوو لە لام، بگرە باوەڕم بە گوێچکەی خۆم نەکرد کە وای پێ گوتم، چونکە تاوەکو ئێستا کەس گوێی لە دەردی دڵی من نەگرتبوو، کە وا ئێستا

ئەم خۆی پێم دەڵێت دەی بۆم باس بکە، لەبەر ئەوە دەستم پێ کرد و گوتم:

- لە زەمانی کام پاشادا؟

- لە زەمانی پاشای سوڵتانی کە لەشکری زۆری بردە سەر وڵاتێکی دراوسێی وڵاتەکەمان.

- باشە، باش تێگەیشتم.

چاوم بڕیبووە پەنجەکانی کە چۆن بەبێ وەستان بە شووشەی سەری مێزەکەیدا دەکێشا، بە جۆرێک کە هەرچەندم دەکرد بواری پێ نەدەدام قسەکانم بە ڕێکوپێکی و بێپشت و پێش بکەم.گوتی:

- دەی خۆ تۆ باست بۆ دەکردم؟

- بەڵێ قوربان... لەو زەمانە لەجیاتی بێتەل و تەلەفۆن و شتی وا، کۆتریان بەکار دەهێنا بۆ نامەهێنان و بردن. باوکی باوکی باوکم، ئەو وەختە زۆری حەز لە کۆتری وا دەکرد و لە خانووەکەیدا ڕەوەیەکی زۆری لەو جۆرە کۆترانە بەخێو دەکرد.

لە وەختی جەنگدا سوڵتان کۆترەکانی ئەوها بەکار هێنا بۆ دەنگوباس و نامەهێنان و بردن، خاوەنی ئەو کۆترانەی بانگ کردە لای خۆی کە باوکی باپیرە هەرە گەورەکەم بوو. پێی گوت: ئیتر ئەم کاری نامەهێنان و بردنە لەژێر دەستی تۆدا دەبێت، هەروەها کردی بە لێپرسراوی هەموو ئەو جۆرە کارانەی جەنگ.

لە دواییدا سوڵتان لەبەر ئەوەی ئەو هەموو کارە گرنگەی دابوو بەسەر باوکی باپیرمدا، بۆیە خەڵاتێکی زۆر گەورەی کرد و فەرمانی دەرکرد هەرچی کۆتری ئەو شارە هەیە پێی ببەخشێت. لە دوای ئەوەی باوکی باوکی باپیرم ئەمری خوای کرد، ئیتر ئەو کارە کەوتە دەستی کوڕەکانی. لە دوای ئەوانیش کوڕەکانیان ئیتر ئەو کارە ئاوا ڕۆیشت. تاوەکو کات گۆڕا و نەوەکانی گرفتاری ئیش و کاری تر بوون و زۆریان لە وەزیفە و کاری تری دەوڵەتی دامەزران، ئیتر پێیان نەکرا ئەوەندە گوێبدەنە ئەو کۆترانە. جەنابیشت دەزانیت کە

ڕیقنەی کۆتر چەند بە بەهایە و نایابترین پەینە بۆ گوڵ و گوڵزار و زۆریش کەمە و زۆریش بە زەحمەت دەست دەکەوێت.

لەگەڵ ئەوەشدا کە من ئەم قسانەم بۆ ئەکرد، بەڵام ئەو هەر بۆ یەک دەقیقەش وازی نەئەهێنا لەو شووشەی پیاکێشانە، تاوەکو وام لێ هات لە دەمم دەرچوو و قیژاندم و گوتم:

- بەسە ئیتر.
- باسی چی ئەکەیت باوکت گوتی: بەسە ئیتر؟
- نەخێر قوربان باوکی خوالیخۆشبووم وای نەگوت، بەڵام ئەوە جەنابت بوویت کە ناچارت کردم وا بڵێم.

دەنگی ئەم تەپڵ و دەهۆڵەی بۆم لێ ئەدەیت مێشکی تێک دام و ئیتر هیچم لەبیر نەما و لە دەمم دەرچوو، ببوورە.

- بزانم تۆش ئەتوانیت وەکو من بە پەنجەکانت ئەم ئاوازانە لێ بەیت؟
- قوربان زۆر ئاسانە، ئینجا ئەوە چییە.
- کەواتە بزانم تۆش دەست پێ بکە.

منیش دەستم پێ کرد، یەک-دوو ئاوازم لێ دا بەڵام نەک وەک ئەو.

- خەریکە بزانم تۆش چۆن ئەتوانیت وەکو من بکەیت.
- بەڵی وایە.

سلێمان ئاغا کەوتە دەست و پەنجە پێدانێکی سەیری پڕ جۆش و گوتی:

- ئەگەر حەز لەم جۆرەش ئەکەیت ئەوا ئەتوانیت ئەمیش فێر بیت.

بەینێکیش من و ئەو خەریک بووین کە فێری ئەو جۆرە ئاوازەشم بکات کە دەرگاکەی لێ درا و سلێمان ئاغا گوتی:

- فەرموو.

لەو کاتەدا کە دەرگا کرایەوە پیاوێکی زۆر قەڵەوی کەتە بە کۆمەڵێک فایل و دۆسیەوە هاتە ژوورەوە و بە سلێمان ئاغای گوت:

- قوربان تکایە ئەمانەم بۆ ئیمزا بکە.

ئەو کاتە سلێمان ئاغا دەستی لە سەر مێزە شووشەکەی هەڵگرت و منیش وەکو ئەو دەستم کێشایەوە و بێدەنگ بووین.

سلێمان ئاغا دەستی کرد بە ئیمزای کاغازەکانی بەردەمی. کاتێک لێ بووەوە بە کابرای قەڵەوی زلەی گوت:

- تو خوا هەندێک ڕابوەستە من و ئەم کابرایە ئێستا شتێک لێ ئەدەین تۆش سەیرمان بکە و بزانە کاممان باشتر ئەیکەین، بەڵام قسەی هەق بکە نە بۆ منت بێت و نە بۆ ئەو.

هەردووکمان دەستمان کرد بە لێدانی شووشەی مێزەکە، پیاوە زلەکە لە دوای بەینێک کە سەرتاپای من و سلێمان ئاغای بە سەرسووڕمانەوە سەیر کرد، بەبێ قسە چووە دەرەوە لە ژوورەکە.

من حەزم دەکرد وا پیشان بدەم کە سلێمان ئاغا زۆر لە من باشتر ئەو ئاوازانە لێ دەدات لەبەر ئەوەی دڵی خۆش بێت و باشتر یارمەتیم بدات، بۆیە گوتم:

- من هەر هیچ نازانم لە چاو تۆدا. ماشەڵڵا تۆ زۆر سەیروخۆش ئەیزانیت.

- ڕاست ئەکەیت، چونکە من ئەم ٤٢ ساڵە ئەم نەوعە ئاوازە لێ ئەدەم و تاقیکردنەوەیان لەسەر ئەکەم.

- بەڕاستی ماشەڵڵا! زۆر ئاوازی دڵفڕێن لێ ئەدەیت.

- ئەوە چی ئەفەرموویت؟ تازە هاتوویتە ئەم دائیرەیە؟

- بەڵێ من ئەم بەیانییە هاتووم.

- لە کوێوە تەشریفت هێناوە؟

- لە ماڵەوە.

- جەنابت سەرۆکی ئەم بەشەیت؟

- نا

- ئەی کارمەندی؟

- وای چەندم ڕق لە کارمەندە.

- کەواتە چ کارەیت لێرە؟

– منیش وەک تۆ بێکارم و تاقەتم چووە، ئەم بەیانییە هاتم بۆ ئەم دائیرەیە بەشکم ئیشێک پەیدا بکەم. وەختێک بە ئێرەدا تێپەڕیم، ئەم دەرگاوانە دەرگای ئەم ژوورەی بۆ کردمەوە و گوتی: فەرموو قوربان ئەم ژوورە بۆ ئێوەیە.

گوتم:

– باشە گریمان وا بوو، وا هاتیت، ئەدی بۆچی ئەو هەموو کاغەزانەت ئیمزا کرد.

– چۆن؟ بێئەدەبی نییە کابرایێکی زل و زەلام ئەو هەموو کاغزانەم لە بەردەم ڕابگرێت و داوای ئیمزام لێ بکات و من تەریقی بکەمەوە و بڵێم نایکەم.

– کەواتە ئەوە چی بوو لە بەیانییەوە منت بە دیار خۆتەوە داناوە و باسی وەرەسات و کاغەز و فایل و جانتام لێ ئەپرسیت؟

– ئەوە زۆر گفتوگۆیەکی خۆش بوو، ئەدی چۆن وەختەکەمان لێ تێبپەڕیایە.

هەستامە سەرپێ و بە توورەبوونێکەوە چوومە دەرەوە و دەرگاکەم دایەوە بەیەکدا.

ئیشکەر و دەرگاوانەکە کە هەمیشە ئازاری ئەدام، ڕای کرد بە دوامدا و گوتی:

– قوربان ئەتوانیت ناوی سەرۆکە تازەکەم پێ بڵێیت؟

منیش خۆم گێڤ کرد و گوتم:

– سلێمان ئاغا.

کاتێک کە بە پلەکاندا چوومە خوارەوە، کارمەندانی دائیرەکە کەوشم دەهاتن، وەکو هەموو جارێک دەستیان کرد بە گاڵتەپێکردنم.

تاوەکو ئەو دوو خانمە تایپیستانەش ئەمڕۆ تێکەڵ بوون و بۆ هەزارویەکەمین جار گوێم لەو قسانە بوو کە دەیانکرد:

– ئاغای کۆترباز کۆترت هەیە؟

– ڕیقنەی کۆتر بۆ گوڵ و گوڵزار چۆنە؟

- ڕیقنەی کۆتر تەنی بە چەند ئەفرۆشیت؟

لەبەر ئەوەی بەو جۆرە نوکتانە ڕاهاتبووم، بۆیە گویم پێ نەدەدان. خواخوام بوو دەرگاوانەکان شوێنم نەکەون و دەرمنەکەن.

منیش هەر بە پەلە دەڕۆیشتم و ئەوانیش هەر لەو قسانەیان پێ دەگوتم، کە دەنگێکی ئاشنایانە هاتە بەرگوێم، ئاوڕم دایەوە سەیر دەکەم دەرگاوانەکەی ژووری سلێمان ئاغاکەی کە ئێستا لەوێ بووم ئاماژەی کارمەندەکان دەکات و دەڵێت: کوڕە باوکم هەقتان نەبێت بەسەریەوە، ئەمە وا بزانم خزمێکی نزیکی سەرۆکی تازەیە.

من بێ ئەوەی گوێیان پێ بدەم، خۆم گەیاندە چینی یەکەم، ویستم بڕۆمە ژێرزەمینەکە، بەڵام دیسان چەند گەڕام پێپلیکانەکانم بۆ نەدۆزرایەوە.

سەعات هەر ڕاست دوازدەی نیوەڕۆ بوو، کارمەندەکان بۆ نانخواردن پەرش و بڵاو بووبوونەوە، لە هاتوچۆدا بوون. هەندێکیان دەچوونە دەرەوە نان بخۆن، هەندێک دەهاتنەوە لە دەرەوە بە کیسەی خواردن و خواردنەوەوە.

ئاخری زۆر بێزارانە تاقەتم چوو و ناچار لە کارمەندێکم پرسی:

- لێم ببوورە ئەتوانیت پێم بڵێیت لە کوێوە ئەچیت بۆ ژێرزەمینەکە؟

- ژێرزەمینی چی؟

- قوربان ژێرزەمینی دائیرەکە، چەند سەعات لەمەو پێش لەوێ بووم و ئێستا پێپلیکەکانم لێ گووم بووە.

- من ١٣ ساڵە لەم دائیرەیە ئیش ئەکەم تۆ بڵێیت نەزانم، ئەگەر ژێرزەمینیش هەبێت قەدەغەیە و نابێت کەس بچێتە ئەوێ.

- قوربان پێت ئەڵێم سەعاتێک لەمەو پێش لەوێ بووم. تاوەکو دوور لە ڕووت تەوالێتیشی لێیە.

لەم مشتومڕەدا بووین کە دەرگاوانێکی سمێڵبابڕە گەیشتە سەرمان و ڕووی تێکردم و گوتی:

- هەرچی زووتر هەیە بڕۆیتە دەرەوە باشترە، بابە گیان ئێرە دائیرەیە نەک شێتخانە.

بە تووڕەبوونێکی زۆرەوە لێی ڕاپەڕیم و:

- شێت خۆتیت، بۆچی وا ئەشێرێنیت بەسەرمدا. تاوەکو جانتاکەم نەدۆزمەوە پێم لێرە ناچێتە دەرەوە، تێگەیشتیت؟

لەو کاتە خەڵک لە دەورمان گرد بوونەوە و ویستیان سەیری ئەم شەڕوقڕەیە بکەن. هەندێکیان گوتیان ڕاستە با دەریبکەن و هەندێکی تریش قایل نەبوون و گوتیان بۆچی وازی لێ ناهێنن جانتاکەی بدۆزێتەوە؟

کابرای سمێڵبابڕیش هەر پاڵی پێوە دەنام کە دەرمبکاتە دەرەوە.

کابرایێکی بەقەڵافەت لەسەر پێپلیکەوە هاتە خوارەوە بەرەو لای ئێمە، لەو دیوەوە قیژاندی و گوتی:

- هەقتان نییە بەم جۆرە ڕەفتار لەگەڵ هاوڵاتیان بکەن. بۆچی چی کردووە وا هەمووتان سەرتان کردووەتە سەری؟

قڕەقڕکەرەکان وازیان لە من هێنا و هێرشیان بردە سەر کابرای سەر پێپلیکە کە وای پێ گوتن.

کابرای کارمەند کە هەواڵی ژێرزەمینم لێ پرسی و بوو بە هۆی ئەم قڕە و بەزمە، بە ئەسپایی قۆڵی گرتم و بردمیە ژوورەکەی خۆی. منیش ئەوەندە بەم ئیشە دڵم خۆش بوو هەر گورج پێم گوت:

- شەرت بێت ئیشی "وەرەساتەکەم" جێبەجێ ببێت، بێبەشت نەکەم لێی.

- باشە ئیشەکەت چییە و بە دوای میراتی چیدا ئەگەڕێیت؟

- قوربان من فەرمانێکم لە دەستدایە، ئەڵێن کە هەرچی کۆتری ئەم شارە هەیە لەگەڵ ڕیقنەکەیان هەموو میراتی باوکمە. خۆتان ئەزانن ئیش و کاری دائیرەکانمان چەند خراپ و سستن، هەرگیز ئیش و کاری خەڵک ڕاناپەڕێنن، هەر ئەمڕۆ و سبەینێیان پێ ئەکەن، بۆیە باپیرەکانم و باوکم لەوەتی هەبوون هەر بە دوای ئەو کاری

(ایرسەوە) ئەگەڕان و تاوەکو ئێستاش هەر دەستم نەکەوت. وەکو بیستومە باپیرانم و باوکیشم هەر بەو داخەوە سەریان ناوەتەوە و هەرچییشیان هەبوو لەسەر ئەسپاتی ئەم وەرەساتەیان داناوە.

لە وەختێکدا من ئەم باسانەم بۆ کابرای کارمەند دەگێڕایەوە، ئەو بە چنگاڵ و کەوچک کەوتبووە خواردنەکەی بەردەمی و بە ئیشتیهاوە دەیخواردن، لە کاتێکدا هەر چنگاڵ و کەوچکێکی هەبوو و ئەویش بە دەست خۆیەوە بوو. بەدەم خواردنەوە خولقی کردم و گوتی:

– دەی فەرموو تۆش لەگەڵم بخۆ.

بەڵام من بە بیانووی گوایە چەند دەقیقەیەک لەمەو پێش نانم خواردووە و بە گەرمی سوپاسم کرد.

کابرا بە گووپی پڕەوە گوتی:

– کارەکەت زۆر گرنگە، ئەگەر بتوانیت لەسەری بڕۆیت و کۆڵ نەدەیت هیوام هەیە لە ئەنجامدا سەروەتوسامانێکی زۆرت دەست ئەکەوێت.

– زۆر سوپاست ئەکەم، ئەی خۆزگە هەموویان وەکو جەنابت بیریان ئەکردەوە و ئاوا منیان بە خاوەن هەق ئەزانی.

– نارەحەت مەبە. ڕەنگە داواکەت هێشتا نەگەیشتبێتە بەردەستی کارمەندان.

– چی ئەفەرموویت قوربان؟ من ٤٣ ساڵ لەمەو پێش ئەم داوایەم خستووەتە بەر دەستیان.

– بۆچی تەمەنت چەندە؟

– ٤٣ لەو ساوە کە هێشتا لە سکی دایکمدا بووم، کە دایکم هەر خەریکی ئەم ئیشە بوو. ئایا وەکو بزانیت بۆمان لەبەرچاو ناگیرێت کە لەوساوە خەریکین؟

– چۆن هەمووی حیسابە و لەو ڕۆژەوە کە ئەم شکاتەتان کردووە تاوەکو ئەمڕۆ بۆتان حیساب ئەکرێت.

– بەڕاستی لە کانگای دڵمەوە سوپاست ئەکەم، ئەگەر هەموو کاربەدەست و کارمەندان وەکو جەنابت بوونایە، ئێستا دەمێک بوو بەم هەقە یاساییەم گەیشتبووم.

– بەڵام ئەوەشت پێ بڵێم، تاوەکو بەرتیل نەدەیت ئیشەکەت بە باشی ناڕوات.

– ڕاست ئەفەرموویت، بەرتیلدان بە کارمەند ئیشێکی ئاسانە، بەڵام ئەوان بەو پارەیەی کە ئێمە ئەیاندەینێ ڕازی نابن. خوا عەفوویان بکات دایکم ئەوەندەی بەرتیل دا بە کارمەندەکان، کە ئەم ئیشەی بۆ جێبەجێ بکەن هەر هیچی نەمابوو، کەوتبووە سواڵ، لەسەر ئەوەش ڕانەوەستا و کاتێک زانیبووی ئیشەکەی گەیشتبووە لای چ کارمەندێک، لەبەر ئەوەی زوو بۆی ڕاپەڕێنێت، چووبوو بووبوو بە کارەکەریان. دوایش کارمەندەکان لە ناو خۆیاندا تەکبیریان کردبوو کە تا پێیان بکرێت کەڵک لە کارەکەرێتی و جلشۆریی دایکم وەربگرن و هەر ڕۆژەی ماڵی کاربەدەست و مەئموورێک ئیش و کار و جلیان هەبوایە، پێیان ئەگوت کە ئەمڕۆ ئیشەکە کەوتووەتە بەردەستی ئەو کەسە و ناچار دایکی بەستەزمانم ئەبوو بچێتە ئەو ماڵە ئیش بکات. تاوەکو وای لێ هاتبوو دایکم بازاڕی ڕەشی پەیدا کردبوو و هەموو کارمەندان بۆ ئەوە ئیشی وەرەساتی دایکم بخاتە بەردەستی خۆیەوە ئەکەوتە بەرتیلدان.

دوایی دایکم کە بەو فێڵەیانی زانی، چوو شکاتی کرد لای سەرۆکدائیرەکە. سەرۆکدائیرەکە یەکجار بۆی ناڕەحەت ئەبێت، لەبەر ئەوەی هەمیشە بۆ کارەکەری ئەیباتە ماڵی خۆیان. ئەو کاتە هێشتا باوکم مابوو، یەک تۆزی ئەمێنێت کە ئیشەکەمان تەواو بێت، بەڵام بە مردنی ناگەهانی باوکم هەموو کارێک تێک چووەوە و ڕاوەستێنرا. لە دوای مردنی باوکم، ئیتر دایکم دەستی پێ کرد و سەرلەنوێ وەرەساتەکە دەست پێ کرایەوە و خرایە سەر ناوی ئەو. دوای مردنی دایکم کە ئەو کاتە من ٣ ساڵ بووم. پوورم تیا هەڵچووەوە،

پوورم ئەیگوت بۆ ئەوەی کارمەندەکان وا لێ بکەم کە بەزەییان بە ئێمەدا بێتەوە، منی قۆناغە ئەکرد بە عومری ٣ ساڵیمەوە ئەیگرتمە باوەشی و ئەچوو بە دوای ئیشەکە، هەروەها ئەیگوت کە دەستیشمی لە قۆناغەکە ئەهێنایە دەرەوە و نامەیەکی پاڕانەوەی ئەخستە ناو بۆ هەریەکەیان.

دوای ئەوەی کارمەندەکان لە پوورم بێزار ئەبن، ئەمرێک دەرئەکەن، چونکە ئەو وەرەساتە هیی کاتی جەنگ بووە، ئەبێت ئیشەکە بچێتە وەزارەتی جەنگ و لەوێ بە دوای بکەویت.

ئینجا قوربان بیخەرە بەرچاوت کە پووری بێچارە و بەستەزمان لەبەر ئەوەی بتوانێت چاوی بە وەزیری جەنگ بکەوێت، ئەبێت چ مەینەتی و فەلاکەتی بەسەر هاتبێت و چی دیبێت؟ ئاخر ڕۆژێک لە ڕۆژان پوورم ڕێی ئەدرێت کە چاوی پێ بکەوێت. وەختێک پوورم ئەچێتە ژووری و منی بە باوەشەوە، وەزیری جەنگ دوای بەخێرهاتنمان بەزەیی بە مندا دێتەوە کە وا بێدایکوباوک و بە باوەشی ئەو پووره ماندوو و بێچارەیەوەم. ئەمگرێتە باوەشی، منیش بەینێک بە نیشان و خەت و مەدالیاکانی سنگی یاری ئەکەم ئەویش لەگەڵ پوورم قسە ئەکات و شتی لێ ئەپرسێت، کە لەپڕ وەزیر ڕائەپەڕێت و ئەمداتە دەست پوورم و ئەڵێت ئێوە بفەرموون بڕۆنە ماڵێ، من کارەکەت بە زوویی جێبەجێ ئەکەم. من و پوورم ئەگەڕێینەوە ماڵێ و ماوەیەکی زۆر زۆر چاوەڕێی نامەی وەزارەتی جەنگ ئەکەین. دوای بەینێک نامەی وەزارەتی جەنگمان بە دەست گەیشت، کە ئەڵێت تکایە پەیوەندی بە وەزارەتی کشتوکاڵەوە بکەن. ڕیقنە و پەین و زەراعەت ڕوو ئەکاتە ئەو وەزارەتە.

بەڵام بە داخەوە تاوەکو پوورم دەستی کرد بە هاتوچۆی وەزارەتی کشتوکاڵ، دیسانەوە ئەم ماڵ و ئەو ماڵی کارمەندانی ئەو وەزارەتخانەشی کرد، چیتر هێزی نەما و بۆ خۆی ئەمری خوای کرد.

بەڵام پێش مردنی، ئامۆژگارییەکی کردم و گوتی: دوای مردنم بڕۆ بۆ لای فڵانەکەسی ئاغا، کە لە ئیدارەی فێربوونی ئیسلامی کارمەندە و ئەو بەڵێنی پێ داوم کە ئەو کارەمان بۆ جێبەجێ بکات .

ئەو کاتە کە کارمەندەکە منی هێنابووە ژوورەکەی، هێشتا نانەکەی تەواو نەکردبوو، جاربەجار منگەمنگێکی بۆ دەکردم و دەمزانی کە وا گـوێم لـێ دەگرێـت، بەڵام دوای ئەوەی تەواو بـوو لە نـانخواردن و خۆی تێر کرد، ئیتر وردە وردە قسـە و پرسیارەکانی نەما و دواییش زانیم کە وا خەریکە خەوی لێ بکەوێت، گوتم:

- قوربـــان ئیتـــر ئەبێـــت ئیـــزنم بـــدەیت کە بـــڕۆم بە لای جانتاکەمەوە بۆ ئەوەی تۆش بە ئیسراحەت بنوویت.

کابرا ڕاپەڕیی و باوێشکێکی دا و بە دەنگێکی خەواڵووەوە گوتی:

- بۆچی ئەڕۆیت؟ قسەکەت تەواو بکە.

وای گوت و سەری خستە سەر هەردوو دەستی لەسەر مێزەکە و دوای چاوتروکاندنێک پرخەی لێ هەستا.

منـیش هەسـتام تـاوەکو بـڕۆم. دەنگـی دەرگـاکە هـات و کـابرای خەبەر کردەوە.

کابرا لێی پرسیم: باشە دوایی چیت لێ هات.

- هـیچ قوربـان، ئێسـتا بە دوای پێپیلکەکانـدا ئەگەڕێـم تـاوەکو بچمە ژێرزەمینەکە، بەشکەم جانتاکەم بدۆزمەوە .

- هەروەک پـێم گوتیـت ١٣ سـاڵی ڕێـکە لەم دائیـرەیە ئـیش ئەکەم، نەپێپـیلکەم دیـوە نە ژێـرزەمین، بەڵام بێهیـوا مەبە، بـگەڕێ بەشکم بیدۆزیتەوە .

سوپاسم کرد و چوومە دەرێ و خۆم گەیاندە ڕێڕەوە گەورەکە، هەر گەیشتم و یەکسەر تووشی سلێمان ئاغا هاتم کە جانتاکەمی بردبوو.

سـلێمان ئاغـا هەر چـاوی پـێم کەوت بە تـووڕەییەوە قیژانـدی بەسەرمدا و گوتی:

- کوڕە بابە ئەوە لە کوێیت؟ لە بەیانییەوە سەرگەردان بە دوای تۆدا ئەگەڕێم. ئاخر مەگەر من جانتاوانم کە هەموو کەس جانتاکانیان لای من دابنێن.

سلێمان ئاغا پێشم کەوت و هەر دوای چەند هەنگاوێک گەیشتینە پێپلیکەکان. من کەمێکم مابوو ببوورێمەوە ئەوەندە ماندوو بووبووم. لەگەڵ سلێمان ئاغا گەیشتینە ژێرزەمین و ڕێڕەوە درێژەکەی کە لە تونێل ئەچوو. ئەو هیچ قسەی نەکرد منیش لەتاوانا و بۆ ئەوەی بێدەنگییەکە نەشکێنم، ورتەم لە دەمەوە نەدەهات.

بەینێک بەو هەموو ڕێڕەوە درێژانەدا چووین و ئەملاو ئەولامان کرد و سلێمان ئاغا لەبەر دەرگایەک ڕاوەستا و کردیەوە و چووینە ژوورەوە، ژوورێکی زۆر گەورە و بەرین بوو، نیوەی ژوورەکە هەمووی جانتای دەستی جۆراوجۆر بوو، کە هەمووی لەسەر یەک کەڵەکە کرابوون.

سلێمان ئاغا ڕووی تێکردم و گوتی:

- بزانە کامیان هیی تۆیە؟
- وەڵڵا نازانم.
- باشە بگەڕێ و بیدۆزەرەوە .

من نیو سەعات ئەو جانتایانەم سەروژێر کرد، بەڵام جانتاکەمم نەدۆزییەوە. تۆزە تۆزە هەستم کرد خەریکە ئیتر توانام تیا نامێنێت و زۆر ماندوو و پەرێشانم، بۆیە پاڵم بە جانتایەکی هەندێک گەورەدا دا و دانیشتم و مات بووم. لەو کاتە دەرگای ژوورەکە کرایەوە و زەلامێکی پەنجا-شەستساڵە هاتە ژوورەوە و دوای هەواڵپرسین لەگەڵ سلێمان ئاغا، کابرا گوتی:

- تۆ ڕیخۆڵەکوێرەت هیچی هەیە؟
- بەڵێ هەمە، بەڵام خۆم پێویستم پێیەتی .
- زۆر باشە من پێویستم پێی نییە، بەڵام هەر وا ویستم بزانم.

دوایی مەبەستی من بوو گوتی:

- ئەو پیاوە کێیە ئەڵێیت خەوی لێ کەوتووە لە ناو ئەم جانتایانەدا .
- ئەرێ بێچارەی بەستەزمانە، زۆر ماندوو و هیلاکە.

من ویستم بەدرۆیان نەخەمەوە وام لە خۆمم کرد کە نووستووم. کابرا گوتی:

- کەواتە ئیش گەیشتووەتە ئەوەی بگاتە ئێرەش.

سلێمان ئاغا پرسی و گوتی:

- بۆچی تۆ ئەیناسیت؟
- ئەیچۆن نایناسم. ئەمە سێ-چوار ساڵ لەمەو پێش لە لای ئێمە بوو، ئێمە بە ناوی دەرگاوانەوە ئیشمان پێ ئەکرد.
- باشە کەواتە بۆچی دەرتانکرد؟
- ئێمە دەرماننەکرد، خۆی وازی هێنا و ڕۆیشت.
- ڕەنگە ئیشی قورستان پێ کردبێت.
- کاری قورس کە قورس بوون بەڵام ئەو هیچ بۆڵەی نەبوو و دەرەقەت ئەهات، بگرە زۆر جاریش کە سەرۆکدائیرە و ژنەکەی لەماڵەوە شەڕیان بکردایە، کابرای سەرۆک داخی دڵی خۆی بەو ئەڕشت.

کابرا قسەکەی تەواو کرد و گوتی:

- کەواتە با من بڕۆم. ئێستا ئەڵێت کە ڕیخۆڵەکوێرەت هەیە؟
- بەڵێ وەکو گوتم هەمە، بەڵام تۆ پێت نەگوتم بۆچی ئەتەوێت بزانیت؟
- ئاغای سەرۆک ویستویەتی بزانێت، لەبەر ئەوەی قەرارە پازدەی مانگ لیستێک لە ڕیخۆڵەکوێرە بۆ وەزارەت بنێرین.
- باشە وا گریمان ئەم لیستەیان نارد، ئەتوانرێت چی بکرێت؟
- ئەوەی من بزانم وەزارەت دەیەوێت حاڵی ببێت لە ژمارەی ئەو کەس و کارمەندانەی کە تووشی ڕیخۆڵەکوێرە ئەبن.

- ئینجا ئەم کار و حاڵیبوونە چ مەعنایێکی هەیە؟
- ئەوەی من بیستوومە لە کۆبوونەوەی گشتیی مەجلیس، کە وەزیری خۆیشمان لەوێ ئامادە بووە، باسی زۆریی و کەڵەکەبوونی کارمەندەکانی کراوە. وەزیرەکەشمان نیازی هەیە هەرچی کارمەندێک کە نەشتەرگەری ڕیخۆڵەکوێرەی کردووە دەستی لە کار بکێشێتەوە و هەندێک لە کەڵەکەبوونی کارمەندان سووک بکات.

لەو کاتەدا منیش هەندێک جووڵامەوە گوایە لە خەو خەبەرم بووەوە. دوای ئەوەی ڕاست بوومەوە، جارێکی تریش دەستم کرد بە سەروژێرکردنی جانتاکان و بۆ جانتاکەی خۆ گەڕام.

کە سلێمان ئاغا ئاگای لە بەخەبەربوون و کەوتنە ناوجانتاکانم بوو، پرسیی:

- پێت نەگوتم بەڵگەنامە و فایلەکانت لە چ دائیرەیەکەوە نێردراوە بۆ دائیرەکەمان؟
- لە وەزارەتی دەرەوە.
- ڕیقنەی کۆتر و پەین هەقی بەسەر وەزارەتی دەرەوە چییە؟
- چی بڵێم قوربان. ڕەنگە ویستبێتیان پەینی شیمایی لێ دروست بکەن، تاقیکردنەوەی لەسەر بکەن، بەڵام وا دیارە جەنابت لە هەندێک لە بابەتەکانی ئاگاداری.
- مەگەر ئیمکانی هەیە کە ئاگادار نەبم. هەموو کارمەندانی دائیرەکەمان بابەتی ئەم کارەت ئەزانن.
- تەنیا سەرۆکی تازەی دائیرەکەتان هیچی نەئەزانی ئەویش ئەم بەیانییە تێمگەیاند.
- مەگەر سەرۆکی تازە گەیشتووە؟
- بەڵێ، هەموو ڕووداوەکەی بەیانیم بۆ گێڕایەوە کە چۆن ئەو کابرایەم دیوە و پێی گوتووم نەسەرۆکم و نە هیچ، هاتبووم بۆ کار ئەگەڕام. دەرگاوانەکە دەرگای بۆ کردمەوە و منیش هاتمە ژووری، چونکە گوتی: ئەمە ژووری تۆیە.

سلێان ئاغا بە بێباکانە گوتی:

– بۆ ئێمە فەرقی نییە کە سەرۆکدائیرەیەک بیت تەنیا ئەوەی هەبێت کە ڕووخسار و جلوبەرگی لە ڕۆسا بچێت، ئیتر تەواو. بۆ ئێمەی کارمەند سەرۆکی دائیرە کەسێکە کە دوو–سێ نەفەر ئیشکەر و دەرگەوانی هەبێت. هەروەها لەگەڵ ئەو دوو–سێ کەسانەش پەیوەندی جۆراوجۆری و چەند پەیوەندییەکی لەگەڵ ئەوانە توندتر بێت، ئەوا ئاشکرایە کە یان بەڕێوەبەری گشتی لە پشتە، یان وەزیر.

– لای تۆ بۆ چی ئەو جۆرە پەیوەندییانە پێویستە؟

– ئەدی چۆن پێویست نییە. ئەگەر ئەو جۆرە پەیوەندییانە نەبن و کاری خەڵکی بێچارەی ئەم بەروبەری پێ نەکەن، ئەوسا خەڵک بە سەرۆکدائیرەکان ئەوەندە ڕێز و مەرایی ناکەن.

سلێمان ئاغا قسەکانی تەواو کرد و گوتی:

– بە چاوی خۆت ئەبینیت ڕێڕەوەکانی چەند قەرەباڵغە و چۆن خەڵک بەسەر ورگی یەکتردا کەوتوون. باوەڕ بکە ئەگەر ئەم خاوەن کارە بەستەزمانانە نەکەونە بەردەستی سەرۆکدائیرەکان و زۆر زووتر ئیشەکانیان جێبەجێ ئەبێت، بەڵام ئەڵێیت چی لەگەڵ تەفەرەدان و درۆ و بلۆف.

– خوا پاداشتت بداتەوە و هیوام وایە ئەمە دوا ناخۆشیتان بێت. ئەگەرچی ئەمە وەرامی قسەکانی نەبوو، هیچ کاتێک قسەی واش نەبوو، بەڵام من جارجار ئەم جۆرە قسانەم لە دەم دەرئەپەڕێت و دەسەڵاتم بەسەر خۆما نەبوو کە قسەی وا شوێنی خۆی هەیە، بەڵام تازە لە دەمم دەرچووبوو.

سلێمان ئاغا بەم قسانە نارەحەت نەبوو، ماوەشی نەبوو کە هیچ بڵێت، چونکە لەو کاتەدا دەنگی لیدانی دەرگاکە هات، ئەویش گوتی:

– فەرموو

خانمێک خۆی کرد بە ژووردا، ئەو خانمەی بەیانی لە ژێرزەمینەکە تووشم هات و هەواڵی سلێمان ئاغای لێ پرسیم.

خانم خۆی کرد بەژووردا و گوتی:

- سلێمان ئاغا خۆت ئامادە بکە سەرۆکدائیرە تازەکە گەیشتووە و هەموو کارمەندەکان ئەچنە خزمەتی تاوەکو بیانناسێت.

خانم ڕووی کردە یەکێک لەو دەیان جانتایەی کە لەوێدا کەڵەکە کرابوون و جانتایەکی گرت بە دەستەوە و کردیەوە دەستی برد جووتێک مەمکی دەستکردی لێ دەرهێنا، لەگەڵ یەک قتوو پۆدرە و یەک لوولەی سووراوی لێو و لەگەڵ چەند وردە شتی تریش. هەروەها ئاوێنەیەکی گرت بە دەستەوە و بەملاو ئەولادا دەیگێڕا کە بتوانێت لە شوێنێک ڕای بگرێت، لەبەر ئەوەی بۆی ڕانەگیرا، بۆیە ناچار دایە دەست من و گوتی:

- بە یارمەتیت ئاوا ئەم ئاوێنەیەم بۆ ڕابگرە تا خۆم ڕێک ئەخەم.

خانم لەبەر چاوە سەرسام و سەرسووڕماوەکانم مەمکە دەستکردەکەی خستە سەر مەمکەکانی و ڕوویکردە سلێمان ئاغا و گوتی:

- چۆنە؟

- زۆر باشە و جوانە. ئەوە بۆچی هەمیشە ئەوانە بەکار ناهێنیت.

- لەبەر ئەوەی سەرۆکی پێشوو حەزی ئەکرد تەنیا لەبەر خاتری ئەو ئەمانە ببەستم. ئاخۆ سەرۆکی تازە زەوقی چۆن بێت؟

خانم لە دوای ئەوەی بە چاکی خەریکی خۆی ،بوو ڕووی کردە سلێمان ئاغا و گوتی:

- سلێمان ئاغا سەرۆکی تازەت چۆن دێتە پێش چاو؟

- من هێشتا نەمدیوە، بەڵام تۆ دیوتە؟

- من بە چاکی سەیری دەموچاویم نەکردووە، بەڵام وا بزانم ڕەوشت و خووی لە ڕەوشت و خووی سەرۆکی پێشوو ئەچێت.

خانم باییەکی لە خۆی دا و گوتی:

- وا من چووم و لەویَ ئەمێنم تاوەکو تۆش دێیت.
- زۆر باشە وا منیش ئێستا دێم.

دوای ڕۆیشتنی خانم، سلێمان ئاغا ڕووی کردە من و گوتی:

- ئەمە سکرتێری تایبەتیی سەرۆکە، هەر لەبەر ئەویش مەمەکانی وا لیَ ئەکات.
- دیارە سەرۆکگۆڕین بە لای خانمەوە زور ئاسانە.
- وایە ئەو هەموویان وەکو یەک سەیر ئەکات و فەرقیان نییە لە لای.
- چەند سەیرە ئەزانیَ ناوی سەرۆکی تازەش سلێمان ئاغایە.
- زۆریی سەرۆکەکانم ناویان سلێمان ئاغایە.
- تۆ ناوت سلێمان ئاغایە کەچی سەرۆکیش نیت!
- ڕاست ئەکەیت، تێکڕا هەموو سەرۆکەکان سلێمان ئاغان، بەڵام زۆریی سلێمان ئاغاکانیش سەرۆک نین.

لەم کاتە دەرگای ژوورەکە بە قایمی کرایەوە و دیسانەوە سکرتێر هاتەوە ژوورەوە. سلێمان ئاغا گوتی:

- بۆچی گەڕایتەوە؟
- سلێمان ئاغا ئەزانیت چییە؟ ئەڵێن سەرۆکی تازە پیاوێکی بەکارە. ئێستا کە لە لای بووم گوتی: ئەبێت ئێمە هەر چییەکمان کردبێت ئیشی ئەو پیاوە شێتە کە بە دووی پەروەندەی میراتەکەی ئەگەڕێت، بە زووترین کات بۆی جێبەجیَ بکەین.

سلێمان ئاغا بە چاو و بە دەست و بە ئاماژە خانمی تێگەیاند کە لەسەر قسەکەی نەڕوات.

- چی ئەڵێیت؟ ئەو لێرەیە؟
- ئەوەی باست کرد، ئەو پیاوەیە و کاری بە ئاغای سەرۆک هەیە.

سلێمان ئاغا هاتە نزیکم و گوتی:

- تۆزێ خۆت گورج بکەرەوە و خۆت مەشڵەژێنە، ئەمەوێت لەگەڵ ئەم خانمە بە یەکترتان بناسێنم. بەڵێنت پێ ئەدەم کە هەموو کارەکەت بە دڵسۆزی ڕائەپەڕێنێت و لە دەست دەرگاوانەکانیش ڕزگارت ئەکات.

- تەمەنت درێژ بێت یاخوا، ئینشائەڵڵا هەر کارەکەم دوایی هات مەرج بێت ئەم چاکەیەت قەت لەبیر نەکەم.

- دەی هەستە و ئامادە بە.

- ئامادەم.

سلێمان ئاغا بانگی خانمی کرد و گوتی:

- ئەمەوێت هەردووکتان یەکتر بناسن، ئەمە ئەو ئاغایەیە کە بە دوای پەروەندەی وەرەساتەکەیدا ئەگەڕێت.

خانم ڕووری لە من کرد و گوتی:

- بەخێر بێیت.

- بەخێر بێیت و بەسەرچاو.

دوای یەکتر پێناساندن، هەرسێکمان لە ژوورەکە هاتینە دەرەوە و سەر کەوتین بەرەو نهۆمی یەکەم.

لە نهۆمی یەکەم هەرسێکمان سواری ئەسانسۆر بووین. خانم دەستی خستە سەر دووگمەی نهۆمی شەشەم.

بە سلێمان ئاغام گوت:

- ئاغای سەرۆک لە نهۆمی دووەمە، بۆ دووگمەی شەشەمتان دەست پێوە نا؟

- قەیناکە لە دواییدا ئەگەڕێینەوە. ئاخر ئەزانیت هەر چەندە مرۆڤ بۆ ئەم جۆرە چاوپێکەوتنانە زەحمەت بکێشێت، بە قەد ئەوەش ئەچێتە پێشەوە.

لەو کاتەدا خانمی سکرتێر دەمی هێنایە نزیک گوێی سلێمان ئاغا و گوتی:

- بۆچی نهێنیی دەوڵەت لای خەڵکی بیانی ئاشکرا ئەکەیت.

- ئەو بیانی نییە، خۆمانەیە.
- هەرچەندە خۆمانەش بێت وەک کارمەندێک نییە.
- ئەڵێم خۆمانەیە و سەد چینیش لە خۆمانی کارمەند زیاترە.

ئەسانسۆر گەیشتە نهۆمی شەشەم و خانم دەستی نا بە دووگمەی دوو و گەیشتینە ئەوێ.

وەختی گەیشتینە ژووری سەرۆکدائیرە، سەیر ئەکەم ئەوەی بەیانی نییە کە بە دەست و پەنجە تەپڵ و دەهۆڵ و بەزمی فێر دەکردم.

کاتێک ئەم سەرۆکە دەستی بۆ درێژ کردم کە تەوقەم لەگەڵ بکات، گوتم:

- قوربان بەیانی تەشریفت لێرە نەبوویت.
- ڕاست ئەکەیت بەیانی سەرۆکێکی تازەی لێ بوو، من نیو سەعات لەمەو پێش لێرە دامەزرام.
- قوربان لە کوێوە تەشریفت هێناوە؟
- لە ئوتێلەوە هێشتا خانووم نەگرتووە.
- ئەوەی بەیانی گوتی: لە ماڵەوە هاتووم.

سەرۆک ڕووی تێکردم و گوتی:

- وەرامی نامەکانت هاتوون، ئەڵێن داواکەت زۆر ڕاستە و ڕیقنەی هەموو کۆترەکانی ئەم مەملەکەتە میراتی هەمیشەیی ئێوەیە؛ بەڵام وەزارەتی کشتوکاڵیش نامەیەکی نوسیوە بۆتان کە تیایدا ئەڵێت: دیارە هەر کۆترێک لە ٢٤ سەعاتەی شەووڕۆژێک ئەتوانێت ١٨ گرام ڕیقنە دەستکەوتی بێت. لەبەر ئەوەی پایتەختی وڵاتەکەمان زیاتر لە ٢٠ هەزار کۆتری هەیە و تێکڕا داواکار پەیوەندیی چوارپشتی باپیر و باوکی پێیە. ئەگەر هەر پشتە تەنیا ٣٠ ساڵ ژیابن، ئەو کاتە ١٢٠ ساڵ کە بەسەر زەمانی ئەو وەرەساتە تێپەڕیوە. ئەبێت ئەوەش بزانین کە ئەو ڕیقنەیە بەو حیسابە ئێستا ئەکاتە ٣٦ هەزار تەن، وەزارەتی کشتوکاڵ ئامادەیە هەر کیلۆی بە ١٠٥ لیرە بکڕێت، کە ئەکاتە ٤,٥

ملیۆن لیره؛ بەڵام وا ڕیقنەکە ئەبێت ۱۸/ ئەم پارەیە پێشەکی بدات بە وەزارەتی دارایی، چونکە ئەوەندەی زەریبەی هاتووەتە سەر.

کابرای سەرۆک کە لێبووەوە، سەیرێکی کردم و گوتی:

- پیرۆزباییت لێ ئەکەم ئێستا ئەڵێیت چی؟

بە ناڕەحەتی و دەستەپاچەییەوە گوتم:

- ئەوە ناکرێت وەزارەتی دارایی لەجیاتی پارە کاڵای ترم لێ قبووڵ بکات؟

- وەکو ئەزانیت هەموو کارێک بەپێی یاسایە و لە یاساکانی دارایی ولا،. ئەبێت زەڕیبە بە پارەی کاش بدرێت نەک بگۆڕێت بە شتی تر.

بە ترس و سڵەمینەوە گوتم:

- ئاخر من پارەم نییە، هەروەها لە خێری ئەم میراتەش هیچم دەست نەکەوتووە و من دەستم سست بوو و بە تەمای هیچ نەمابووم.

- دەستشتن و بەتەمانەبوونت بێکەڵکە، ئەم قسانە بەرانبەر قانوون بێئەنجام و هیچوپوچن.

ئێستا تۆ قەرزاری وەزاراتی داراییت و ئەبێت هەرچی زووترە ئەو پارانە بە پێی پارەی ئەم وڵاتە هەمووی بدەیتەوە.

خەریک بوو ببووریمەوە، بە ناڕەحەتی و شپرزەییەوە هەستامە سەرپێ و بە پەلە ویستم لە ژوورەکە بچمە دەرەوە.

سلێمان ئاغای ژێرزەمینەکە منی هێنا بۆ ئەوێ لەگەڵ سکرتێرەکەی سەرۆک. ڕووی کردە سەرۆک گوتی:

- قوربان لێی ببوورە، گوێی لە مقداری پارەی زەڕیبەکە بوو بۆیە وا ناڕەحەت و تووڕە بوو. ئەبێت بیبەخشیت لەم تووڕەبوون و ڕەفتارەی کە کردی.

سلێمان ئاغای ژێرزەمین کە وا بیانووی بۆ من هێنایەوە لە لای سەرۆک، هەروەک پاڵم پێوە بنێت حەزی کرد زوو بچمە دەرەوە لە ژوورەکە.

منیش ئیتر نەمتوانی هیچ بڵێم، چونکە جانتا نازدارەکەم کە دۆکیۆمێنت و بەڵگەی چوارپشتی تیا بوو، لێم گوم بووبوو، لەبەر ئەوە دونیام هەر بە جارێک تاریک هاتە بەرچاو و وەکو کوێرم لێ هات.

بەو دیمەنە شپرزەیە لە پێپلیکەکان دەهاتمە خوارەوە، بێحاڵ و سەرلێشێواو. هەستم دەکرد وەکو کەسێک دەستی نابێتە بینم و خەریک بێت بمخنکێنێت، بە تەواوی دونیا و خەڵکەکانیشم لەبەر چاوم دەخولانەوە. ئیتر هەرچەندە بڵێم و باسی ئەو کاتەی خۆم بکەم هێشتا هەر کەمە.

لەو حاڵەدا جارجار هەندێک دەنگ دەهاتە بەرگوێم.

- وەیش داماوی کلۆڵ خۆ ئەگریی؟

کاتێک گەیشتمە ڕێڕەوە گەورەکەی نهۆمی یەکەم، کارمەندان، ئیشکەر و دەرگاوانەکان، تایپیستەکان بە چاوێکی بەزەییەوە سەیریان دەکردم. لەجیاتی جوێن و گاڵتەپێکردنی ڕۆژان، ئەم جارە قسەی لاواندنەوە و بەزەیی بوو.

کارمەندەکەی کە منی بردبووە ژوورەکەی و نانی دەخوارد و منیش هەر قسەم بۆ دەکرد، دواییش خەوی لێ کەوت، پێم گەیشت و بە ناڕەحەتییەوە گوتی:

- ناڕەحەت مەبە کار نییە خوا ئاسانی نەکات.

تاوەکو ئەو دەرگاوانە شانخواروخێچەش بە چاوێکی پڕ بەزەیی سەیری کردم و زانیی کە چیم لێ قەوماوە، زانیی کە ڕەنگە هەر قەت ڕوو نەکەمە ئەم دائیرەیە.

بەینێــک بەســـەر ئەو ڕووداوە تێپەڕیـــی، زۆر نزیــک بــووم هەر بەتەواوی شێت ببم. ڕۆژێک لە قەراغ دەریایەکەوە پیاسـەم دەکرد، کە یەکێک گوتی:

- سەلام قوربان چۆنیت چاکیت؟

لە چەشنی قسەکەی هەر زوو زانیم ئەمە یەکێکە لە کارمەندەکانی ئەو دائیـــرەیە، کە منـــیش هەمیشـــە لەوێـــدا کەوتبـــووم. چـــاک و چۆنییەکەیش لە گاڵتەپێکردن دەچوو.

بۆیە گوتم:

- بەڵێ فەرمو ئیشێکت هەبوو؟

- بۆچی ئێستا دیار نیت بزانم دەرناکەویت؟

- بۆیە نایەم تاوەکو جەنابتان سەغڵەت نەکەم و دائیرەکەشتان پیس نەکەم.

- ئـــاخر لە وەزارەتخـــانەوە نامەیەکـــت بـــۆ هـــاتووە داوای دۆکیۆمێنت و بەڵگەکانت ئەکەن.

- گـاڵتەپێکردن بەسـە. خـوا یـار بێـت دۆکیۆمێنـت و بەڵگەی تـر پەیدا ئەکەمەوە و سەرلەنوێ پێیدا ئەچمەوە بە کوێرایی چاوی ئەوەی پێی خۆش نییە. ئیتر هەریەکەمان چووین بەلایەکدا.

ئێسـتا وا خەریکـم سـەرلەنوێ تـێ هەڵـدەچمەوە و یەکەم جـار و پـێش هەمـوو شـتێک ئەبێـت بچـمە لای کـۆنەفرۆش بـۆ دۆزیـنەوەی ڕۆژنامە و کتێبی کۆن.

## گیرفانبڕ

لەسەر پردە گەورەکەی شاری ئیستانبول، ژنێکی جوانی ڕازاوەی شیک، هاواری دەکرد و دەیگوت:

- هەی هاوار خەڵکینە فریام بکەون. هەی هاوار جانتاکەمی ڕفاند تو خوا خەڵکینە شوێنی بکەون مەهێڵن ڕابکات و بیبات.

بوو بە غەڵبەغەڵب، های دزە های دزە... کوڕە ئەو دزە بگرن.

زەلامە پێپەتییەکەی کە جانتای ژنە جوانەکەی ڕفاندبوو، بە هەموو هێز و توانایەوە ڕای دەکرد تاوەکو خۆی گەیاندە پێپلیکەیەکی نزیک پردەکە و لەوێوەوە بە چوارچوار و پێنجپێنج بەسەریدا تێپەڕی، تاوەکو گەیشتە بن پردەکە بەشکم بتوانێت لە دەست پۆلیس و خەڵک خۆی ڕزگار بکات.

خانمی خاوەن جانتاش هەر هاواری دەکرد و خەڵکی لە خۆی کۆ کردبووەوە. ٥ دەقیقە بەسەر ئەم هاوارهاوار و ڕاکەڕاکەی پۆلیس و خەڵک تێنەپەڕی کە پۆلیس گەیشتە لای خانم بە کابرای دز و جانتاوە.

پۆلیسەکە بە فیزێکەوە سەیرێکی خانم و خەڵکەکەی کرد و گوتی:

- ئەم جانتایە هیی کێ بوو؟

خـانمی ڕازاوه هەر چـاوی بەو جانتـا چەرمە بـریقە دارە کەوت. هەڵبەزی و هاواری کرد و گوتی:

- هیـی مـنە. وەی لە خـوا بەزیـاد بێـت کە پارەکـانم دەسـت کەوتەوە. وەی تو خوا زۆر سوپاستان ئەکەم و زۆر مەمنوون.

پۆلیسـەکە دەسـتی بە پرچـی دزەکەوە بـوو بـۆ ئەوەی ڕانەکـات. دزەکەش زۆر بە نـاڕەحەتی و دامـاوییەوە ڕاوەسـتابوو لە بەردەسـتی پۆلیسەکە، چونکە بە پرچ گرتبووی، نەیدەتوانی جووڵە بکات لەتاوانا. چڵکـن، پـیس، ڕانە گرێـوە پانەکـانی لە دەلاقەی پـانتۆڵە شـڕەکەیەوە دەرکەوتبوو. پانتۆڵەکەشی دیار بوو هیی وەختی سەربازییەکەی بو.

پۆلیس ڕووی کردە خانم و گوتی:

- بێزەحمەت ئەبێت لەگەڵم بێیت بۆ پۆلیسخانە.

خانم بە هەندێک توڕەییەوە گوتی:

- ئەوەی بـۆ چـیـیە. هەمـوو ئەم خەڵکە بە چـاوی خۆیـان دییـان وەختێک ئەم پیاوە جانتاکەمی لە دەست دەرهێنام.

- ڕاست ئەکەیت و جانتـا هیـی تـۆیە، بەڵام ئەبێت دزەکە ببەمە پۆلیسخانە و لەوێش ئیفادەی تۆش وەربگرین. لە پۆلیسـخانە لە دوای ئەوەی گەورەی پۆلیسـەکان گـوێی لە قسـەکانی ژنەکە گـرت، بە سووکی و بێزەوە سەیرێکی دزەکەی کرد و گوتی:

- ئەوە شـەرم ناکەیت دزی ئەکەیت، بۆ ناچیت وەکو ئەم خەڵکە بۆ خۆت ئیشێک بدۆزیتەوە؟

دزەکە قسـەی نەکـرد و هەروەک خـۆی ڕاوەسـتابوو بە سـەری شۆڕەوە.

کابرای پۆلیس سەرزەنشتی دزەکەی کردەوە و گوتی:

- ئەم کـارەی تـۆ ئەیکەیـت هـیچ دوارۆژێکـی نییە لە خەجاڵەتی زیاتر. ئاخر بۆ تۆ ئەبێت وا بکەیت؟

دزەکە وردە وردە سەری بەرز کردەوە و گوتی:

- قوربان چی بکەم لە وڵاتەکەمان ئیش دەست ناکەوێت.

کابرای گەورەی پۆلیس بە نارەحەتییەوە قیژاندی بەسەر دزەکەدا و گوتی:

- دزی و گیرفانبڕینت بەس نییە. پڕوپاگەندەی خراپیش ئەکەیت، تاوەکو شتێکت لێ نەپرسن لە خۆتەوە قسە مەکە.

سەرۆکی پۆلیس ڕووی کردە خانم و گوتی:

- تکایە دەکرێت پێمان بڵێیت جانتاکەت چی تیایە؟

- هەندێک پارە، سوراوی لێو، قتوویەک پۆدرە، ئاوێنەیەک.

- لە جانتاکەتاندا چەند پارە هەیە؟

خانم هەندێک خەیاڵی ڕۆیشت و بیرێکی کردەوە و لەو کاتەدا پۆلیسەکە دەستی درێژ کردە ناو جانتاکە کە لەسەر مێزەکەی دانرابوو.

خانم هەر گورج ڕاپەڕیی و گوتی:

- بێزەحمەت جانتاکەم مەکەرەوە، چونکە شتی تایبەتیی خۆمی تیایە.

سەرۆکی پۆلیس بێ ئەوەی گوێ بداتە خانم، جانتاکەی کردەوە و ڕاست ئەو شتانەی تیابوو کە گوتی، تەنیا هەندێک پارەی وردە و ٢٠٠ دۆلار لە پەنایەکی جانتاکەدا بوو. پۆلیس پرسی:

- خانم ئەتوانیت پێم بڵێیت ئەم دۆلارانە لە کوێ کڕیوتن؟

- من تاقەتی ئەم قسەکردنە سەرانەم نییە، خێرتان ئەگات جانتاکەم بدەنەوە دەست با بڕۆمەوە.

- پرسیم ئەم دۆلارانە لە کوێ کڕیوتن؟

- بابە جانتاکەشم نەویست هەمووی بۆ خۆتان، تەنیا وازم لێ بهێنن با بڕۆم.

- تۆ ناتوانیت بڕۆیت تاوەکو پێم نەڵێیت ئەم دۆلارانەت لە کوێ کڕیوە؟

خانم سەری شۆڕ کرد و گوتی:

- "مادام ئالین" ئەم بەیانییە دایمێ.

دزی گیرفـانبڕ هەنـدێک سـەری بەرز کـردەوە و زەردەخەنەیەک کەوتە سەرلێوی و سمێڵە چرکەی جووڵاندەوە. پۆلیس گوتی:

- "مادام ئالین" ئێستا لە کوێیە؟

خانمی ڕازاوە بە ئەسپایی ئەدرەسی ماڵی مادامی دا بە پۆلیسەکە و هەر دەستبەجێ پۆلیسەکە خانم و دزەکەی لەگەڵ پۆلیسی تر برد بۆ ماڵی "مادام ئالین" و چوونە ژوورەوە.

کەوتە پشکنین و هەر شەش ژووری خانووەکە گەڕا، هەر ژن و پیاوی ڕووت لە وەزعی ناشرین و ئابڕووبەر بوون ڕایان دەکرد بەملا و ئەولای ماڵەکەدا و دەیانقیژاند. پۆلیس بە تووڕەبوونەوە قیژاندی بەسەر مادام ئالین دا و گوتی:

- کەواتە تۆ ئەو مادام ئالینەی کە ئەم شەش مانگە بە دواتدا ئەگەڕێین و ناتدۆزینەوە. وا بزانم ئەمە پێنجەمین خانووە بەدخووەکانتە کە تۆ ئەیگریت. دە زوو قسە بکە بزانم ئەم دۆلارانەت لە کوێ بە دەست گەیشتووە.

- ئەوانەم لە ئاغای ڕەزا وەرگرتوون، کە یەکێکە لە موشتەرییەکانم.

پۆلیسەکان پیاوەکانیان لەبەر ئەوەی پیاو بوون بەڕەڵا کردن و ژنەکانیان چونکە ژن بوون، ڕەوانەی پۆلیسخانە کردن و لەگەڵ کابرای دز و خانمی شیکپۆش و مادام ئالین چەند پۆلیسی تر ڕۆیشتن بەرەو ماڵی ئاغا ڕەزا.

ئاغا ڕەزا لە پشت ئاپارتمانەکەی کە بەبێ ئیجازەی شارەوانی خەریکی بینای ژوور و هەیوانی تر بوون، پۆلیس بە تورەییەوە لێی چووە پێشەوە و بە توندی پرسیی:

- لێرە چی ئەکەیت؟

- هیچ قوربان.

- ئەی کەواتە ئەم عەمەلە و کرێکار و قوڕ و چیمەنتۆیە چییە. ناشێت بەبێ مۆڵەت خەریکی خانوو دروستکردن بیت؟

دزی گیرفانبڕ و جانتاڕفێن لە ژێر سمێڵەکەیەوە و جارێکی تر زەردەخەنەیەکی پێشکەش بە سەرۆکی پۆلیس کرد. پۆلیس بە ئاغای ڕەزای گوت:

– زوو قسە بکە بزانم ئەم دۆلارانەت لە کوێوە هێناوە؟

ئاغای ڕەزا بە شپرزییەوە گوتی:

– من ئەوانم لە عەلی ئاغا وەرگرتووە.

پۆلیسەکە بە تەلەفۆن داوای پاسێکی بچووکی کرد لە پۆلیسخانە کە بگاتە لایان.

پاس گەیشت، پۆلیسەکان و دز و خانمی شیکپۆش و مادام ئالین و ئاغای ڕەزا، هەموو سوار بوون و کەوتنە ڕێ بەرەو مالّی عەلی ئاغا.

کە گەیشتن پۆلیس پرسی لە عەلی ئاغا و گوتی:

– تۆ ئەم دۆلارانەت بە ئاغای ڕەزا داوە؟

– بەڵێ قوربان.

– لەبەر چی داوتەتێ؟

– ئەویش لەجیاتی ئەو پارانە تیرەئاسنی قاچاغی پێ فرۆشتووم.

– کەواتە تۆ لەو کەسانەی کە بۆ تیرەئاسنیش بازاڕی ڕەشتان دروست کردووە. باشە بڵێ تۆ ئەو دۆلارانەت لە کوێ بووە.

– من ئەوانەم دوو شەو لەمەو پێش لە مالّی حسێن ئاغا بردمەوە.

کابرای دز لە ژێر سمێڵەوە تۆزێک بە ئەسپایی پێکەنیی.

خانمی شیکپۆش، مادام ئالین، کابرای دز، ئاغای ڕەزا، عەلی ئاغا و پۆلیسەکان هەموو بە کۆمەڵ چوون سواری پاسەکە بوون و چوونە مالّی حسێن ئاغا.

کاتێک گتیشتنه ساڵۆنه گەورەکەی حسێن ئاغا، سەیریان کرد مێزێکی زۆر گەورەی گرانبەهای لێیە و لەسەری نزیک بە هەزار دۆلاری نەقد، لەگەڵ چەند پاکەت کاغەزی قومار دانراوە.

له دوای ئەوە پۆلیس ٨ تا ٧٠ قومارچی ڕەوانەی پۆلیسخانە کرد، ئینجا لە حسێن ئاغای پرسی:

– بڵێ بزانم تۆ ئەم پارانەت لە کوێ پەیدا کردووە؟

– ئەوانەم لە ئاغای نووری وەرگرتووە و وەکو بزانم ئەویش لە کاپتنێکی کەشتیی ئەورووپی وەرگرتووە.

ئاغای حسێن لەگەڵ ئەوان چوونە ماڵی ئاغای نووری. پۆلیس لەوێ توانییان ١٠ کیلۆ هیرۆین بگرێت، ئاغای نووری لە سەر کردنەسەر و پرس و پرسیارەکانسا پێی لێ نا کە ئەو شتانە ئیحسان ئاغا پێی داوە، کە خاوەن گەورەترین کارگەی هیرۆین و ئەو جۆرە شتانەیە.

پۆلیس لە دوای ئەوەی ئیحسان ئاغای دەستگیر کرد و کەلەپچەی کردە دەست. پرسی و گوتی:

– ئەدی دۆلارەکانت چۆن پەیدا ئەکەیت؟

– لە ئاغای ڕەزاق.

– ئاغای ڕەزاق کێیە؟

– ئاغا ڕەزاق قاچاخچییە لە بەیروتەوە جلی قاچاخچیی ژنانە ئەهێنێت بۆ ئێرە.

دزی گیرفانبڕی جانتاڕفێن بۆ چەند جارێک لەسەر یەک دایە قاقای پێکەنین.

هەموویان بە جارێک ڕوویان کردە ماڵی ئاغای ڕەزاق. ئاغای ڕەزاق پێی لێ نا کە ئەوانەی لە خانم نوین، قاچاغچیی شۆرت و دەرپێ، لاستیکی ژنانە وەرگرتووە، پۆلیس ویستی ڕوو بکەنە ماڵی نووین، بەڵام ئاگادار کران کە خانم نوین لەوێ نییە و ئێستا لە

پاریسە و نیازیش نییە بگەڕێتەوە. سەرۆکپۆلیسەکە لە دڵی خۆیدا گوتی: ئەوچاتر کە لێرە نییە، ئەگینا جێگەمان نەئەبووەوە لە پاسەکەدا.

کابرای دز و گیرفانبڕ ویستی دیسان پێبکەنێت کە سەرۆکپۆلیس ڕووی تێکرد و بە توڕەییەوە گوتی:

- پێی ناوێت پێبکەنیت، تێگەیشتم کە تۆ لەچاو ئەواندا پیاوێکی شەریف و ئابڕوومەندیت.

دزی گیرفابڕ و جانتاڕفێن بە تۆمەتی نیازی دزی، بە هەشت مانگ حوکم درا.

دوایی کە بەربوو، بوو بە پیاوێکی زۆر شەریف و بەئابڕوو، ئیتر کە بە لای خانمێکی شیکپۆشی جانتا بەدەستەوە تێئەپەڕی، وای سەیر دەکردن هەروەک سەیری گوڵ بکات و تاوەکو پێی دەکرا ڕایدەکرد و لێیان دوور دەکەوتەوە.

## کات بەبەهایە

سەیری لیستەی جووڵانەوەی ئەو کەشتییانەم کرد کە لە بغازەوە بۆ ئیستانبول دەچوون. زانیم کە ٣٣ دەقیقەی تر ئەو کەشتییە دەکەوێتە ڕێ کە من نیازم هەیە سواری ببم.

ئەگەر بهاتایە و تاکسیی بەتاڵ دەست بکەوتایە، خۆمم دەگەیاندە بغاز و بە پێچەوانەوە دەبوو ٤٥ دەقیقەی تر چاوەڕێی کەشتییەکی تر بکەم، ئەو کاتەش ئیشە گرنگە بەپەلەکەم لەکیس دەچوو.

تاوەکو ئێستا چەند جار لەسەر سەعات و لە کاتی تەواودا خۆمم گەیاندووەتە ئەسکەلە، بەڵام زۆر جار ڕووبەڕووی دەرگای داخراو دەبووم. هەندێک جار بە بیانووی ئەوەی هێشتا نەکراوەتەوە، زۆری ماوە، یان تازە درەنگە و هەموو دەرگاکان داخران، بەڵام ئەو ڕۆژە ئیشەکەم یەکجار گرنگ بوو، دەبوو هەر بگەم بە کەشتییەکە لەو کاتەدا. ئەگەرچی ٣٣ دەقیقەشی مابوو کە بکەوێتە ڕێ. ئەگەر هەر ئەو کاتە بە ڕاکردن بڕۆیشتمایە یان تاکسیی خاڵیم دەست بکەوتایە، بە هەموو حیسابێک دەگەیشتم و فریای کەشتییەکەم دەکەوتم. وەختێک خۆم ئامادە کرد کە بڕۆم، کارمەندەکەی تەنیشتم گوتی:

- عابدین ئاغا لیستەی ژمارەکانت تەواو کرد؟

بە پەلە گوتم:

- کاکە گیان هەندێک سەبرت هەبێت، ٧ مانگە لێرە نیت و ئێستا چ وەختی لیست و ژمارەیە، بەتایبەتی کە دەبینیت هەموو کارمەندەکان ڕۆیشتن و دائیرەکە چۆڵ بوو.

کارمەندەکە دیسان بانگی کردم:

- عابدین ئاغا؟

لە دڵی خۆما گوتم: وەی ژەهری مار.

دیسان بانگی کردمەوە:

- عابدین ئاغا؟

بە نارەحەتییەوە گوتم:

- چییە، چیت ئەوێت؟

- ئاغای سەرۆک تۆی ئەوێت.

خەریک بووم شەق بەرم. بە ژێر لێوەوە هەزار جوێنم بە بەختی نالەباری خۆم دا.

بە پەلە ڕۆیشتم بەرەو لای سەرۆک و بەسەر پێلیکەکاندا پێنجپێنج و چوارچوار سەرکەوتم، بە پەلە چوومە ژوورەکەی و گوتم:

- بەڵێ قوربان فەرمانێکت هەبوو؟

- عابدین بۆی ئەوەندە ڕەنگپەڕیوی نەخۆش نەبیت؟ بۆچی ئەوەندە هەناسەت سەر کەوتووە و هەناسەبڕکێت پێ کەوتووە؟

- هیچ نییە قوربان، ئەوە زۆر بە پەلە بەسەر پێپلیکەکاندا سەرکەوتم بۆ ئەوەی زوو بە خزمەتت بگەم.

- باشە فەرموو جارێ دابنیشە.

- نەخێر قوربان زۆرم پەلەیە، بزانم فرمایشت چی بوو.

- من؟ نەخێر ئەبێت بە سەهوو هاتبیت، من چ ئیشێکم پێت نییە.

- بەڵام دەرگاوانەکەی جەنابت وای پێ گوتم!

سەرۆک لە زەنگەکەی دا و دەرگاوان هاتە ژوورەوە. سەرۆک پێی گوت:

- من کەی بە تۆم گوت بە عابدین ئاغا بڵێ بێت بۆ ئێرە؟

- قوربان خۆت فەرمووت.

- کەی؟
- چەند دەقیقەیەک لەمەو پێش.

سەرۆک سەیرێکی کردم و گوتی:

- هاهاها... زانیم تۆم بۆ کارێک بانگ کرد، بەڵام بیرم چوو چی بوو، بەڕاستی پیری و هەزار دەرد.

بە تیلایی چاو سەیرێکی سەعاتەکەم کرد ٣٠ دەقیقە ماوە هەیە، ئەگەر لە هەموو ئەو ڕێگەیە ڕام بکردایە و تاسی خاڵیم دەست بکەوتایە، لەوانە بوو فریای کەشتییەکە بکەوتمایە.

ئاغای سەرۆک قسەکانی درێژە پێدا و گوتی:

- ئاسنیش ئەسوێ، بە ٢٥ ساڵ چ جای ئینسان. بیرمە کارێکی زۆر گرنگم پێت بوو. بەڵام لە بیرم نییە ئێستا کە چی بووە لەبەر ئەوە ڕێگەت ناگرم. ئەگەر بیرم کەوتەوە ئەوا بەیانی پێت ئەڵێم.

بە خۆشییەوە پرسیم:

- کەواتە قوربان ئیجازەم ئەدەیت کە بڕۆم.
- ئیشی پەلەت هەیە؟
- ئەرێ وەڵڵا ئەمەوێت بگەمە کەشتییەکە.
- کە وا بوو هیچ ئیشم نییە و خوات لەگەڵ.
- کەواتە قوربان دابنیشن بەخێر.

هێشتا چەند هەنگاوێک دوور نەکەوتبوومەوە کە دەنگە ناسازاکەی دەرگاوانەکەی بە بانگکردنم سڕی کردم و ناچار گەڕامەوە ژووری سەرۆک.

کە سەرۆک چاوی پێمکەوت، گوتی:

- ئەو ئیشەم کە بیرم چوو بوو بیرم کەوتەوە. ئەمویست لێت بپرسم کە ئەڵێیت هێلکەی ئەمریکیت خستووەتە ژێر مریشکەکانتەوە، ئەتوانیت پێم بڵێیت ئەو هێلکانەت چۆن دەست کەوتووە؟

لە ناڕەحەتیدا نەوەکو کەشتییەکە بەجێم بهێڵێت، خەریک بووم بگریم، بەڵام ناچار بە زەردەخەنەی دەستکردەوە گوتم:

- وەڵڵا قوربان لە متەوەستەی کشاوەرزی.
- باشە ئەدرەسی ئەو متەوەستەیە چییە؟
- لە مەیدانی بیازیتە.
- باشـــە زۆر ســـوپاس ئیتـــر زووکە بـــڕۆ بە دوای کـــارتەوە، تاوەکو فریای کەشتییەکە بکەویت.

سـەیری سـەعاتەکەم کـرد بینـیم ٢٧ دەقـیقە مـاوە بـۆ بەڕێکەوتنـی کەشـــتییەکەم و بە پەلە دەرپەڕیمـــە دەرەوە و کەوتـــمە ڕێ بەرەو شـەقامە گەورەکە.

دەنگێک بەرز بووەوە:

- ئاغای عابدین... ئاغای عابدین.

کە سەیر ئەکەم سەرۆک خۆیەتی لە پەنجەرەکەوە بانگم دەکات.

ڕاوەستام و گوتم:

- بەڵێ قوربان.
- بەڕاست هێلکەکان دانەیت بە چەند کڕیوە؟
- ٥٠ قروش قوربان.
- زۆریش گران نییە، کەواتە خێرا بکە با چیتر ڕات نەگرم.

بە خێرایی کەوتمە ڕێ. لە ڕێگەکە گوێم لە دەنگێک بوو.

- هەی حەیوان لەسەرخۆ ئەڵێیر ڕاوت ئەنێن.

بەدەم ڕاکردنەوە سەیرم کرد پیـاوێکە کەوتـووەتە سـەرئەرز، دیـار بوو من بەریکەوتبووم لە کاتی ڕاکردندا.

دەنگێکی تریش هاتە بەرگوێم گوتی:

- هەی کەری بارگیر، ئەمە چ جۆرە ڕۆیشتنێکە؟

ئەویش هەقی بوو، چونکە بەر ئەویـش کەوتبـووم. هەروەهـا چەنـد جوێنێکی ئاوداریشم گوێ لێ بوو، بێ ئەوەی بە ڕووی خۆمـدا بهێنـم، یان گوێی پێ بدەم، چونکە ٢٢ دەقیقەم مابوو.

که گەیشتمە شەقامە گەورەکە بۆ تاکسی ڕاوەستام، لەبەر ئەوەی بێهیوا بووم لە پەیدابوونی تاکسیی تایبەتی ناچار چوومە لای تاکسیی نەفەری و لە لێخوڕەکانم پرسی: - بێزەحمەت تۆ بۆ کوێ ئەچیت؟

- تۆ ئەتەوێت بۆ کوێ بچیت؟
- گوتم ئەمەوێت بڕۆمە ئەسکەلە.
- نەبابە ئەسکەلەی چی، ناڕۆم بۆ ئەو شوێنە، بەڵام ئەگەر سبەینێ بەیانی زوو بێیت ئەوا ئەتبەم.

لە وەختێکدا کە جوێنم بە دار و بەرد دەدا و ڕام دەکرد، دەنگێکی ئاشنا بانگی کردم:

- عابدین... ئاغا عابدین ئاغا.

لەگەڵ ڕاکردنەکە ئاوڕێکم دایەوە، پیاوێکم دی هەندێک لێم دوور بوو گوتی:

- سەلاموعەلەیک عابدین ئاغا.

بە پەلە گوتم:

- عەلیکەسەلام و سەرچاو.
- ئەوە بەو پەلە و ڕاکردنە بۆ کوێ ئۆغر ئەکەیت؟

هەر بەدەم ڕاکردنەوە کە هەندێک خاوم کردبووەوە لەبەر پیاوەکە، گوتم:

- ئیستانبول.
- ئەی بێ قەزا بیت من وام زانی ئاخۆ چیت لێ قەوماوە یان ئەچیت بۆ دەرەوەی وڵات. باشە حاڵ و ئەحواڵت چۆنە؟
- زۆر سوپاست ئەکەم ئەلحەمدوللا خراپ نیم.
- لە بیرتە دواجار لە کوێ یەکترمان دیبوو؟
- وەڵڵا چاک بیرم نییە، بەگومانم لێم ببوورە.

١٨دەقیقە زیاترم نەمابوو، کابراش بەرۆکی بەرنەدەدام.

- بەڕاستی بیرەوەریی ڕۆژانی سەربازی لەبیر ناچێتەوە.

هەر کە باسی سەربازی کرد ناسیمەوە، زانیم ئەوە ئەو عەریفەیە کە خۆی بە جەنەڕاڵ دەزانی. گوتم:

- لێم ببوورە زۆرم پەلەیە، ئەبێت بگەمە کەشتی.
- عابدین گیان با جار و بار یەکتری ببینین.
- انشائەڵلا.

لە دوورەوە تاکسیی نەفەری دەرکەوت. بە سەر و دەست و چاو هاوار ئاماژەم بۆ کرد کە ڕاوەستێت بۆم؛ بەڵام لەجیاتی تاکسی ڕاوەستێت، لێخوڕەکەی سەری هێنایە دەرەوە و لە پەنجەرەکەوە و بە تووڕەییەوە قیژاندی: کەری وڵاخی بێمێشک، سەیری پشتەوەت بکە بۆچی وا هاتوویتە ناوەڕاستی شەقامەکە.

بەبێ ئەوەی وەرامی بدەمەوە ڕام کرد بە لای تاکسییەکی تردا کە خەریک بوو دەهاتە بەرانبەرم و خەریک بوو بۆم ڕاوەستێت، بەڵام تاوەکو توانیم دەرگاکەی بکەمەوە ئەو هێشتا هەر نەیەتوانی ڕاوەستێت، چونکە ستۆپەکەی باش نەبوو، تاوەکو ٦٠ یان ٧٠ هەنگاو ڕۆیشت ئینجا ڕاوەستا. لەوانەش بوو کابرای لێخوڕ گاڵتەی لەگەڵ دەکردم، چونکە لە دوای ئەوەی من بۆی ڕاوەستام ئەو کەوتەوە ڕێ بە هەناسەبڕکێ لە لێخوڕەکەم پرسی:

- ئەرێ برا دەتوانیت پێم بڵێیت بۆ وات لێ ئەکردم، من ئەمویست سوار بم تۆ ئەڕۆیشتیت، کە ئەڕۆیشتم بۆم ڕائەوەستایت؟
- لێم ببوورە کاکە گیان گاڵتەی چی ئەم قسانە چییە.
- ئەی بۆ وات لێ ئەکردم؟
- کە من ڕائەوەستام تۆ ئەڕۆیشتیت، من چی بکەم و ئەگەر زۆریش پێت ناخۆش بوو فەرموو دابەزەوە.
- باشە ئێستا تۆ بەرەو کوێ ئەچیت؟
- بەرەو ماڵی خۆمان.

وەک شێت ڕاپەڕیم و گوتم:

- من ئێستا ژمارەکەت ئەنووسم و خۆم ئەزانم چیت پێ ئەکەم.

- ژمارەی پێڵاوەکانم یان خەتی کراسەکەم ئەنووسیت؟

بە توڕەییەوە گوتم:

- ئەگەر ژمارەی بەدخوورییەکانتم پێ بڵێیت باشترە.

کابرای لێخوڕ لەسەر خۆ گوتی:

- ئینشائەڵڵا جارێکی تر کە سوار بوویت پێت ئەڵێم.

لەبەر ئەوەی دەمەقاڵێکەم بە بێهودە زانی، داوای ڕاوەستانم کرد و دابەزیم. لەو کاتەدا تاکسییکی تر هات بەرەو پیرمەوە کە چەند نەفەری تیا بوو، دەستم بۆ ڕاگرت و ڕانەوەستا، بەڵام لە دوای چەند هەنگاوێک ڕاوەستا، بە ڕاکردن چووم و خەریک بووم سوار ببم، سەیرم کرد جێگە نییە و ژمارە تەواوە. گوتم:

- کە تۆ جێگەت نییە بۆ چی لە بەردەمی خەڵک ڕائەوەستیت و بە خۆڕایی دڵیان خۆش ئەکەیت؟

- قوربان ئینجا کێ دەعوەتنامەی بۆ جەنابت ناردووە کە بێت سوار بیت.

- تۆ لەبەر ئیشارەتەکانم ڕاوەستایت، منیش وام زانی جێگەت هەیە بۆیە ڕاوەستایت.

- ستۆپکردن و ڕاوەستان لەم وڵاتەدا قەدەغە نییە، وا بزانم تۆ لێت تێک چووە وات زانیوە کە من تاکسیی نەفەرم، قروشیم ئەگەر وات زانیبێت بە سەهوو چوویت بەگم.

کە سەیری ژمارەی ئۆتۆمبێلەکەم کرد زانیم کە سەهووم کردووە و ئەمە ئۆتۆمبێلی تایبەتییە. گوتم:

- ئەبێت زۆر لێم ببووریت، چونکە ئەمویست بە پەلە بگەمە ئەسکەلە بۆیە وا شڵەژام و لێم تێک چوو، جارێکی تر داوای لێبوردن ئەکەم.

کـابرای خـاوەن ئۆتۆمبێـل، کە کـابرایکی بە سـەر و هەیـکەل و چوارشانە بوو، دڵی بە من سووتا و گوتی:

– مـادام ئەوەنـدە کـوڕێکی باشـیت و بە جـورئەت دەرچوویـت، کەواتە سوار بە بۆ هەر کوێیەکت ئەوێت ئەتگەیەنم.

– بەقەد یەک دونیا مەمنوونتانم، ئەترسم ئەزیەتان بدەم.

– نانا قەیناکە سوار بە.

خوا عەمری درێژ بکات کە سواری کردم.

ئۆتۆمبێل کەوتە ڕێ، منیش دڵم ئارام بوو. لە دوای بەینێکی کەم ڕۆیشتنی زانیم ئۆتۆمبێلەکە تەواو نییە و هەر ئەڕوات و ڕادەوەستێت و تەکان دەخوات.

کـابرای لێخـوڕ یەک-دوو جـار دابەزی و سـەیری ئۆتـۆمبێلەکەی هەڵدایەوە خەریکی بوو، سوار بووەوە.

کە ئەم جارە ڕاوەستا گوتم:

– ئیتـر منـیش دائەبەزم، نـزیکم ئەتـوانم ئێسـتا بە پـێ بـگەمە شوێنی خۆم، زۆر سوپاست ئەکەم وام گوت و دابەزیم.

کابرای لێخوڕ ڕووی کردە من و زەلامەکانی تر و گوتی:

– بێـزەحمەت هەنـدێک پـاڵ بە ئۆتـۆمبێلەکەوە بنـێن، بەشـکم مەکینەکەی دابگیرسێتەوە.

لە کاتێکدا کە دوعـا و سـکاڵام لە بەدبەختیـی خـۆم دەکـرد، لەگەڵ زەلامەکـانی تـر پاڵم بە ئۆتـۆمبێلەوە دەنـا، هەسـتم کـرد هەمـوو لەشـم ئـارەقی پیـا دێـتە خـوارەوە، ئۆتـۆمبێلیش هەر پرتەپرتێکـی دەکـرد و دووبارە دەکوژایەوە.

نازانم ڕەنگە ٣٠٠-٤٠٠ مەترمان پاڵ پێوە نابێت و یان من وا دەهـاتە بەرچاوم، لە کاتێکدا کە هەر بەردەوام بووین لە پاڵپێوەناندا، گوتم:

– ئاغا گیان لێم ببوورن چونکە من ئەبێت بە کەشـتییەکە بگەم، بۆیە بە دوعا من وا ڕۆیشتم.

دەستم کرد بە ڕاکردن. دیسان ئەم قسانەم هاتە بەرگوێ:

- هەی کەری ولاخ، بچۆرە ئەو لایە.
- ماڵ کاول خۆ ئێرە دەشتی فوتبۆڵێن نییە.

جارێکی تریش گوێم لە دەنگێک بوو:

- عابدین ئاغا عابدین ئاغا.

بەلام من نە گوێم دایە ئەو دەنگانە، نە ئاوڕیشم لێ دانەوە.

جارێکی تر دەنگەکە هات: عابدین ئاغا ڕابوەستە ئیشم پێتە.

ئاخری خاوەن دەنگەکەش ڕای کرد بە دوامدا. لەسەر پردەکە پێم گەیشت و گوتی:

- ئەرێ برا بۆ وا ڕائەکەیت؟ خۆ داوای پارەکەمت لێ ناکەم.

بە سەرسووڕمانەوە سەرم بەرز کردەوە و پرسیم:

- ئەفەرموویت پارە؟ پارەی چی؟

کابرا هەندێک بە چاکی سەیری کردم و گوتی:

- زۆر زۆر داوای لێ بووردن ئەکەم. تۆم بە عابدینی دۆستم زانی. کاکە تۆ نازانیت ئەو پیاوە چەند بێشەرەفە و چەند پارەی بردووم تاوەکو کەوچکی چا و نانخواردنیش.
- قەیناکە کاکە هیچ نەبووە بەلام ئەبێت بمبەخشیت چونکە زۆر پەلەمە کەشتییەکە بە جێم ئەهێڵێت، زۆرم پەلەیە.
- عابدین ئاغا قەول بوو جومعەی ڕابردوو بێتە ماڵمان.

کابرای بە سەهووچوو کە هەر پێبەپێی من ڕای دەکرد و دەستیشی گرتبووم و من لەگەڵ ڕاکردنەکاندا هەوڵم دەدا دەستم دەربهێنم لە دەستی. بۆیە گوتم:

- لێم ببوورە زۆرم پەلەیە.
- کاکە ئەو بێشەرەفە هەفتەی ڕابردوو کەوچکەچایەکی بردم کە لە تاقمەکە دانەیەکی لێ کەم بووەوە.

سەعاتەکەم هەر ڕاست کاتی جووڵانەوەی کەشتییەکە بوو، بەلام هیوای ئەوەی کە وەک هەموو جارێک چەند دەقیقەیەک دوا بکەوێت.

- لێم ببوورە دەستم بەردە درەنگە.

دەستی بەردام و گوتی:

- باشە فەرموو، چیتر سەغڵەتت ناکەم؛ بەڵام باوەڕ بکە کە لەم دونیایەدا کەم کەس هەیە ئەوەندەی تۆ لەو عابدینە بێشەرەفە بچێت، سبحانەڵڵا هەر کتومت ئەڵێیت ئەویت. من ناوم مفتونە لە دائیرەی ئەوقافی ماموورم. لە هەر کەسێک بپرسیت مفتون کێیە، پێت ئەڵێن. ئینشا ئەڵڵا حەز ئەکەم ڕۆژێک سەرێکمان بدەیت.

- ناوی جەنابت چییە؟

- عابدین.

- چی! سەرسووڕمانکەر؟ ئینسان شاخی بۆ دەردێت. تاوەکو ناویشتان لە یەک ئەچێت.

هەرچۆنێک بوو خۆمم گەیاندە ئەسکەلە، باش بوو شکور کەشتییەکە هێشتا نەجووڵابوو. بە پەلە لە پێپلیکەکانەوە سەرکەوتمە سەرەوە و خۆم وەک پارچە گۆشتێک لە دەرگاکەوە ئاخنییە ژوورەوە، لەگەڵ ئەوەشدا کە چ بەدبەختییەک و چەند جوێن سزام دیبوو، بەڵام لە خۆشیی ئەوەی هاتمە ژوورەوە و گەیشتم هەموویم لە بیر نەما.

چەند دەقیقەیەک لەسەر یەکێک لە کورسییەکانی کەشتییەکە دانیشتم و هەندێک هاتمەوە سەر خۆم، بەڵام سەیرم کرد کەشتی نەجووڵایەوە. بۆ نەگبەتیش ڕێبوارەکانی کەشتییەکەش کە سەردەکەوتن ئەوەندە بە پەلە و شپرزە دیار نەبوون، زۆر لەسەرخۆ سەردەکەوتن و دەچوونە خوارەوە.

٥ دەقیقە ڕۆیی کەشتییەکە نەجووڵایەوە، ٥ دەقیقە بوو بە ١٠ و بە ١٥یش... کەشتی هەر نەجووڵایەوە، لە کاربەدەستێکی کەشتییەکەم پرسی: بۆچی بەرنامەی جووڵانەوەی کەشتییەکان گۆڕاون؟

گوتی: نەخێر قوربان ١٥ ڕۆژی تر ەگۆڕێت و بەرنامەی هاوینە دەست پێ ئەکات.

به تورەییەوە قیژاندم: لەبەر ئەوەیە ئێمە قەت نابین بە میللەتێکی پێشکەوتوو... دونیای پێشکەوتوو بۆ یەک دەقیقەش حیساب ئەکات و ناهێڵێت بەفیرۆ بچێت، ئێمەش ٥ سەعات و پێنج ڕۆژیش لای ئێمە قیمەت و بەهای نییە، ئەی ئەم میللەتە کەی ئەیەوێت فێری بەها و قیمەتی کات بێت.

کاربەدەستی کەشتییەکە ویستی قسە بکات بەڵام من ماوەم پێی نەدا و گوتم:

- لە کاتێکدا ئەوان ئەیانەوێت بۆ مانگ بڕۆن. ئێمە ناتوانین سادەترین کارمان ڕێکوپێک بکەین.

بەڕاستی ئەوانە هەقیانە پێش بکەون و ئێمەش هەر لە دواوە بین.

هەندێک کەس هەوڵیان دا و گوتیان: ئەشهەدوبیللا ئاغا ڕاست ئەکات.

بوو بە غەڵبەغەڵبی ڕێبوارەکان یەکێک گوتی:

- تاوەکو ئێمە لەسەر ئەم بەرنامەیە بڕۆین.

قیژاندم:

- لە کام مەملەکەت ئەبینیت کەشتی یان ئۆتۆبوس (پاس) ٢٠ دەقیقە لە بەرنامەی خۆی درەنگ تر بجووڵێتەوە؟

یەکێک لەو ڕێبورانەی لە دەورم کۆ بووبوونەوە.

- بەڕاستی مایەی شەرمەزارییە.

- وا نابێت، ئەبێت بیرێک بکەینەوە لەم حاڵە.

کارمەندی کەشتییەکە ڕووی کردە من و گوتی:

- بەڵام قوربان وا بزانم سەعاتی جەنابت خەوتووە و بە سستی ئیش ئەکات. چونکە ئێستا سەعات شەش و سیوحەوت دەقیقەیە.

بە سەرسووڕمانەوە پرسیم: شەش و وحەوت دەقیقەیە؟

ڕێبوارێک لە ناو کۆمەڵەکدا بە دەنگی بەرز گوتی:

- سەعاتەکەت غەڵەتە. سەعات شەش و سیوپێنج دەقیقەیە.

ئەوی دیکەیان هەڵیدایە و گوتی:

- نەخێر سەعاتی من لە هەمووتان ڕاستترە و هیی من لەسەر سەعاتی ڕادیۆ کات کراوە. ئێستا سەعات شەش و سیوچوار دەقیقەیە.

من کە کۆمەڵەی ڕێبوارم سەرقاڵ کردبوو بەو باسانەوە، لە کارمەندی کەشتییەکەم پرسی:

- باشە گریمان سەعاتی ئێوە لە هەموومان ڕاستترە، ئەی بۆچی کەشتییەکە ناجووڵێتەوە؟

- بۆچی بجووڵێتەوە، هێشتا دە دەقیقەی ماوە لە کاتی جووڵانەوەی.

- بەڵام من هەموو ئێوارەیەک بەم کەشتییە...

نەیهێشت قسەکەم تەواو بکەم گوتی:

- قوربان بۆچی تۆ ئەتەوێت بۆ کوێ تەشریف بەریت؟

- ئیستانبول.

ئەوانەی چەند دەقیقەیەک لەمەو پێش لە دەورم ئالابوون و قسەکانمیان بە ڕاست ئەزانی و لەسەریان دەکردمەوە، هەموویان بە جارێک دەستیان کرد بە قاقالێدان.

کارمەندی کەشتی گوتی:

- قوربان تۆ بە سەهوو سوار بوویت.

کەشتیی ئیستانبول نیو سەعات لەمەو پێش جووڵەی کرد.

## ڕێگەپیشاندەر

مـن لە ئیسـتانبول لە دایـک بـووم و لە ئیسـتانبولیش گەورە بـووم. دایک و بـاوکم و خزمەکانیشـم لە ئیسـتانبول لە دایک بـوون. تێکڕا ٧ یـان ١٧ پشـتمان هەر ئیسـتانبولین. هەر کاتێـک لە ئیسـتانبول دوور دەکەومەوە، هەست دەکەم ناتوانم هەناسە بکێشم. تاوەکو وەختێک لە ئەمریکی و ئەورووپا و پاریس و ئیتاڵیا و پراگیش بـووم هەر هەسـتم بەو ناڕەحەتییە کردووە.

لەگەڵ ئەوەشـدا کە ئەو وڵاتە نـاوبراوانە گەلێک جـوان و دڵفـڕێنن، بەڵام جوانیی ئیستانبول شتێکی بێوێنە و بێسنوورە لای من.

من پەیوەندی و ئاشـقێکی بـاوەڕنەکردە نـیم بە ئیسـتانبولەوە هەیە. هەر لەبەر ئەوەش بوو کە لە ئاشنا و هاوڕێکانم دواکەوتـووتر بـووم. کاتێـک لە وڵاتـان یـان شـارانی تـر خەریکـی خوێنـدن و ئـیش و کـار بووین. ئێستاش کە هەمووی ٥ سـاڵم مـاوە کە خانەنشـین بکرێم، پێم ناکرێت لە ئیستانبول دوور بکەومەوە.

ژنەکەشـم وەکـو خـۆم ئیسـتانبولییە و ئەگەر وا نەبـوایە هەرگیـز نەمدەهێنا.

من به ئیستانبولی بوونی خۆم هەڵناکێشم، چونکە ئیستانبول خۆی خەڵکی ئەسڵی لێ نەماوە. بگرە خەڵکی ئێستای هەموو لە شارستان و دێهاتی ترن کە هاتوون و تیایدا دانیشتوون.

هەڵبەتە ئەو خەڵکانەی کۆن و ئەسڵی نەبوون لە تازە هاتووەکان جیاوازن و فەرقیان هەیە، ئەویش لەبەر ئەوەیە کە ئەوان وەکو خەڵکی ئیستانبولیی ئەسڵی قسەکردنیان جوان و ناسک نییە.

دوو-سێ مانگ لەمەو پێش یەکێک لەو هاوڕێیە کۆنە زۆر نزیەکانم نامەیەکی بۆ ناردم لە لەندەنەوە، ئەڵێت ئایا دەتوانم یارمەتیی ژن و مێردێکی ئینگلیزی ئاشنای بدەم کە زۆری خۆش دەوێت و زۆر تێکەڵیانە، دەتوانم ئاگام لێیان بێت؟ لەگەڵیان بچم بۆ بازاڕ و دوکان و گەڕان و ئەو جۆرە شتانە؟

هاوڕێیەکم لەو کەسانە بوو کە نەتوانم قسەی بشکێنم، چونکە لە برام زیاتر بوو، بۆیە دەستبەجێ وەرامی نامەکەم دایەوە و ئامادەیی خۆمم بە خۆشییەوە پیشان دا.

لە دوای ناردنی نامەکە چووم ئیجازەشم لە دائیرەکەم وەرگرت بۆ ماوەی ١٥ ڕۆژ بۆ ئەوەی خۆم ئامادە بکەم کە لە خزمەت میوانە عەزیزەکانمدا بم. دوای یەک-دوو ڕۆژ لەگەڵ ژنەکەم و لە فڕۆکەخانەی شار چووین بە پیریانەوە و لە دوای خۆشیپیشاندان و بەخێرهاتنێکی گەرم، بردماننە ئوتێلەکەی کە لەوەو پێش گرتبوویان.

دوای دوو سەعات لەگەڵ ژنەکەم چووین بە دوایاندا و هێنامانن بۆماڵی خۆمان، چونکە نانی نیوەڕۆمان بۆ ئامادە کردبوون.

ژنەکەم خواردنێکی خۆشی بۆ لێنابووین، هەروەها چەند چەشن خواردنی ئەورووپییشی دروست کردبوو، خانمی ئینگلیزی چێشتەکانی وڵاتەکەمانی پێخۆش بوو و هەر بە شان و باڵی ژنەکەمدا هەڵی دەدا و گوتی:

- ئەتوانن بفەرموون کە چۆنچۆنی دۆڵمەی باینجان دروست ئەکرێت؟

له دڵی خۆمدا گوتم: ئەم خانمە ئەم خواردنەی لە کوێ بیستووە و لە کوێ ئەیزانێت. خۆ هاوڕێکەم نووسیبووی ئەمانە یەکەم جارە بێن بۆ وڵاتەکەمان، لەبەر ئەوە پرسیم:

- بێزەحمەت خانم بۆچی پێشتر هاتوویت بۆ ئیستانبول؟
- نەخێر یەکەم جارە ئەم شارە جوانەی ئێوە ببینم؟
- ئایا قەت خواردووتە؟
- نەخێر ئەسڵەن من ئەو خۆراکەم قەت نەدیوە و نەمخواردووە، بەڵام دەمێک بوو نیازمان هەبوو بێین بۆ ئێرە. بۆیە هەرچی کتێبێک پەیوەندی بە ڕەسم و عادەت و ئەدەب و خواردنتانەوە هەبێت خوێندوومەتەوە، لەبەر ئەوە ناوی هەندێک خواردنتان ئەزانم. ئەشزانم بە چاکی لێشی بنێم.

خانم دەستی پێ کرد و باسی چۆنێتیی لێنانی دۆڵمەی باینجانی کرد بە ئەندازەیەک کە چەندەها جار باشتر بێت لە لێنانی کەیبانووەیەکی بەئەزموونی کارامە.

من قسەکانی خانمە ئینگلیزەکەم بۆ ژنەکەمم تەرجومە کرد، چونکە ئینگلیزی باش نەدەزانی، خانم پرسی:

- باشە ئێوە باینجانی سوورەکراوە چۆن دروست ئەکەن؟

یەکەم جار پیاز سوورئەکەنەوە یان دوایی؟

ژنەکەم بە هەندێک ناڕەحەتییەوە وەرامی خانمی دایەوە. خانمی ئینگلیز لێی پرسی:

- ئێوە وڵاتێکی زۆر کۆنن و ئیمپراتۆریەتی ئێوە ساڵەهای ساڵە حوکمی دنیای کرد. ئایا ئەتوانیت چۆنێتیی دروستکردنی ئەم خواردنانەم پێ بڵێیت، زۆر سوپاست ئەکەم.

خانم کەوتە ژماردنی ناوی خواردنەکان، ئەو خواردنانەی کە هێشتا لە ژیانماندا نەماندیبوون و نەمانخواردبوون، لەبەر ئەوەی خۆمان تەریق نەکەینەوە هەر زوو باسەکەمان گۆڕی و کەوتینە باسی گەڕان و چوونە نمایشگەی ئەو جۆرە شوێنانە.

خانمی ئینگلیزی گوتی:

- من زۆر حەز ئەکەم سەیری گەڕەکی بەدخووەکانتان بکەم.

من بە تەریقییەوە گوتم:

- بەڵام ئێمە گەڕەکی بەدخوومان نییە.

مێردەکەی هەڵی دایە و گوتی:

- نەخێر هەتانە، من لە کتێبەکتدا خوێندمەوە. گەڕەکێکی زۆر گەورەشە و حەزیشم ئەکرد کە پێتان بڵێم بێزەحمەت زوو بمانبەنە قاوەخانەکانتان، تاوەکو نێرگەلە بکێشین.

- نێرگەلە زۆر کۆنە باوەڕ ناکەم ئێستا قاوەخانەی وا مابێت کە ئەو جۆرە شتانە بەکار بهێنن.

- نا کاکە گیان وا دیارە تۆ ئاگادار نیت، ئێمە لە کتێبەکەدا خوێندوومانەتەوە کە قاوەخانەی وا هێشتا هەر ماوە و نێرگەلەش بەکار ئەهێنن.

ژنەکەشی هەڵیدایە و گوتی:

- زۆرمان پێ خۆش ئەبێت ئەگەر ڕۆژێکیش بمانبەنە "بغاز" بۆ ڕابواردن و ماسیگرتن.

- بەڵام من تاوەکو ئێستا ماسیم نەگرتووە.

- ئەمە چۆن ئەکرێت خەڵکی ئیستانبول بیت و تاوەکو ئێستا ماسیت نەگرتبێت؟! ئێستا باشترین فەسڵی ماسیگرتنە، بەتایبەتی ماسیی لوفەر، کتێبەکان ئەڵێن کە ماسیگرەکانتان بە شەوان بە یارمەتیی قایغەکان بە فانۆسی تایبەتی ئەچن بۆ گرتنی ئەو جۆرە ماسییە گرانبەهایانە.

لە دڵی خۆمدا زۆر ناڕەحەت بووم و لە کتێبخوێندنەوەی ئەم دوو کەسەش سەرم سوڕما. لە خەیاڵی خۆمدا گوتم: کەواتە دەوڵەت ناهەقی نییە دەستی کردووە بە فێرکردنی خوێندەواری و ژمارەی خوێندەواری کردووە بە لە سەدا ٣٠، و ئەم دوانەش سەرباقی

دەردان دەیانەوێت ئیستانبولییەکان لە ئیستانبول شارەزا بکەن. لەژێر لێوەوە بە تەوسەوە گوتم:

– وەڵڵا ئەمە شتێکی خۆشە، هەر ئەوەمان کەم بوو.

دوای نانخواردن ژنەکەم چوو قاوەی ساردی ئەمریکی بۆ هێنان، خانمی ئینگلیزی پرسی: بۆچی ئێوە قاوەی تورکی ناخۆنەوە؟

ژنەکەم گوتی: دەمێکە ناتوانین بیخۆینەوە، لەبەر ئەوەی ئاگردانەکەمان ئەمریکییە و لەسەری دروست ناکرێت.

نیوەشەو بوو کە ئەو دوانەمان گەیاندە ئوتێلەکەیان و ئێمەش بە ناڕەحەتی گەڕاینەوە ماڵەوە و بە ناڕەحەتی و هیلاکییش نووستین. بەیانی زوو لەبەر ئەوەی بچین بە دەنگیانەوە ڕاپەڕین لە خەو و چووین بۆ لایان.

لە دوای چاک و چۆنی و بەیانیباش و ئەو جۆرە قسانە، پیاوەکە گوتی:

– وا بزانم ئەم ئوتێلە زۆر باش نییە. ئەگەر زەحمەت نەبێت با بچین بۆ ئوتێلێکی باشتر و هەرزانتر.

– بەسەرچاو هەر چۆنتان پێ خۆشە وا بکەن.

کابرا دەستی برد لیستێک ناوی ئوتێلەکانی ئیستانبولی تیا بوو لە گیرفانی دەرهێنا و دەستی کرد بە خوێندنەوەی، بەڵام من هیچ یەکێک لەو ئوتێل و ناوانەم نەبیستبوو.

هەر چوارمان هاتینە دەرەوە لە ئوتێلەکە و لە قەراغ جادەکە ڕاوەستاین بۆ تاکسی، بەڵام تاکسییەک بەوێدا تێنەپەڕی و نەهات.

کابرای ئینگلیز گوتی:

– ئەگەر کەمێک سەرووتر بڕۆین وا بزانم ئێستگەی تاکسی لەوێ هەیە.

– باوەڕ ناکەم.

– چی باوەڕ ناکەیت؟

– وێستگەی تاکسی کە فەرمووت.

- نەخێر من بە بڕواوە ئەیڵێم.

کەوتینە ڕێ بەشکم تاکسی پەیدا بکەین، هەرچەندە بە دەست و بە هاوار بانگی تاکسیمان دەکرد، بەڵام هیچ کامێکیان بۆمان ڕانەوەستان. ئاخری چوومە پێشەوە و قیژاندم بەسەر خاوەن تەکسییەکدا کە ڕاوەستێت، کابرای خاوەن تاکسی قیژاندی بەسەرمدا و گوتی:

- تاکسی چی، مەگەر نابینیت پۆلیس وەستاوە و لێرە نابێت کەس سوار بێت.

کابرای ئینگلیز ڕووی تێکردم و گوتی:

- دۆستی عەزیزم نارەحەت مەبە، من لە کتێبێکدا خوێندوومە کە وێستگەی تاکسی و پاس لە مەملەکەتی ئێوە شوێنەکانیان زوو زوو ئەگۆڕێن و ئەگەر وەکو چەند ڕۆژێک لەمەو پێش لە وێستگەیەکەوە سواری تاکسی بووبیت، لە سەداسەد ئەبێت ئەمڕۆ شوێنەکەیان گۆڕابێت. ئەمە سیاسەتی پۆلیسی ڕێگەوبانی مەملەکەتی ئێوەیە و ئەم گۆڕانانەش بێ حیکمەت نییە، لەبەر ئەوەیە کە لێخوڕەکان لێیان تێک بچێت و سەریان لێ بشێوێت، پۆلیسیش بە کەیفی خۆی جەزایان لێ وەربگرێت تاوەکو لەو ڕێگەیەوە دەستکەوتێکی باشیان دەست کەوێت.

سەرم سووڕمابوو، گێژ بووبووم لەم کابرا ئینگلیزە کە ئەم هەموو زانیارییەی هەبوو لە بابەت نەخشەی نهێنییەکانی وڵاتەکەمانەوە، لە کاتێکدا خەڵکی وڵاتەکە خۆی هیچی لەم کەینوبەینەی نەدەزانی.

زۆر بە نارەحەتی و بە زمانی خۆمان گوتم:

- ئەم کتێبەت لە دەست بسێنیت تاوەکو ئەوەندە پرسیار و پێچوپێچمان پێ نەکەیت. پیاوە ئینگلیزەکە پرسی:

- بۆچی ئەوەندە نارەحەتی و دوعا ئەکەیت؟

بە سەرسووڕمانەوە پرسیم:

- بۆچی تورکی ئەزانیت؟
- نـــا مـــن تـــورکی نـــازانم، بەڵام جـــوێن و دوعاکانتـــانم خوێندووەتەوە لە کتێبێکدا، بە چاکی تێیانئەگەم.

ئێمە تێکڕا کە ئەمانەوێت بچینە وڵاتێک، چەند مانگ لەمەو پێش هەموو سۆراغێک ئەکەین دەربارەی ئەم وڵاتە.

لەو مشتومڕەدا بووین کابرا تەوالێتی گشتی لێ پرسیم و گوتم: فەرمووت تەوالێت لە کوێیە؟ لەڕاستیدا تەوالێتی گشتیمان نییە، بەڵام هەزار ڕەحمەت لە گۆڕی باوکوباپیرمان کە بیرێکیان لە ماڵی ئێمەیان کردبووەوە و چووبوون ئەو شوێنەیان دروست کردبوو کە پێی ئەڵێن مزگەوت، تاوەکو هەم خەڵک ئاگای لە دین و ئاین و نوێژی بێت، هەم خۆیشـــی ئـــارام بکـــاتەوە بە چـــوونە تەوالێـــت. تەوالێتەکانمـــان لە مزگەوتەکانە.

کابرا بە سەرسووڕمانەوە پرسی:

- ئەوە چۆن ئەبێت؟ بـۆچی تەوالێتـی ئێـوە لە مـزگەوتە یـان کەنیسە؟

بە بێزارییەوە گوتم:

- هەر ئەوەیە وەکو ئەیڵێم، تەوالێتی گشتیمان نییە، ئەگەر زۆر پەلەتە و نارەحەتیت با بگەڕێینەوە بۆ ئوتێلەکە.

کـــابرا زۆری بـــۆ هـــاتبوو و نـــاڕەحەت دیـــار بـــوو، ڕووی کـــردە ژنەکەی و گوتی:

- سەیرێکی نەخشەکە بکە.

ژنەکەی نەخشەی دەرهێنا، هەندێک بە وردی سەیری کرد، دوای تۆزێک بە خۆشییەوە گوتی: بە دەستە چەپی ئەم شەقامە گەورەیە، لە ٥٠ مەتر تەوالێتی گشتی لەوێ هەیە.

کە چـــووین لە خـــوام ویســـت کە وا نەبێـــت و بە درۆ بـــکەونەوە و تەریق ببنەوە، بەڵام لە بەدبەختیی من لەو نوقتەیەی ژنەکەی گوتی و لە نەخشەکە پیشانی دا، تەوالێتی گشتیمان دۆزییەوە.

منیش بە خێری ئەوان چووم و خۆم ئارام کردەوە.

لە دوای ئەوە سواری تاکسی بووین و چووینە ئەو ئەدرەسەی کە ئەوان بە لێخوڕەکەیان دابوو بۆ دۆزینەوەی ئوتێلێکی باشتر و هەرزانتر. لە ڕێگە کابرای ئینگلیز لێی پرسیم و گوتی:

– ئەتوانیت پێم بڵێیت خەڵکی ئەسڵی ئەم شارە بۆ کوێ چوون؟

– وەڵڵا نازانم. تەنیا هەر ئەوەنە ئەزانم کە ئێستا لێرە نین و ڕەنگە بۆ ئیش و کار پەیداکردن چووبنە وڵاتانی تر.

– ڕاست ئەکەیت ئەو باسەمان خوێندووەتەوە کە لێرە میللەت چەند فەقیر و بەدبەختە و زۆریان لە وڵاتانی تر خەریکی ئیش و کارن.

تاکسی بەرانبەر ئوتێلێک وەستا کە ئەوان ویستبوویان، کە چووینە ژوورەوە بەڕاستی ئوتێلێکی پاکوتەمیز و هەرزان بوو. لە دوای ئەوەی دامەزران، داوامان لێ کردن ئیجازە بدەن کە بڕۆینەوە، بەڵام ئەو دوانە دەستبەردار نەبوون و گوتیان ئیلا و بیلا ئەبێت هەر ئێستا بچین بۆ گەڕەکی بەدخووەکان، منیش کە دیم چەند لەسەر ئەم چوونە سوورن، گوتم "باشە با بڕۆین". بەرەو "بێ ئۆغلو"، کە گەڕەکی بەدخووەکان بوو کەوتینە ڕێ؛ بەڵام هەرچەندە ئەو شەقام و ئەم شەقامەمان کرد، گەڕەکی بەدخوومان نەدۆزییەوە. شارەوانی خانووەکانی چۆڵ کردبوو، ناوێکی خۆشیشی لە گەڕەکەکە نابوو؛ بەڵام کابرای ئینگلیز هەر گورج نەخشەکەی پان کردەوە و سەیرێکی مەرکەزی فەساد و بەدخووی وڵاتەکەمانی کرد، گوتی:

– وەرن بتانبەمە ئەوێ. ئێمە ئەبێت بڕۆینە زەرە و "گەلاتا" تاوەکو بگەینە ئەو شوێنە.

هەرچۆنێک بوو سەرتان نەئێشێنم، کابرا لە دوای ئەوەی خۆی ڕێگەی پیشان داین و چەند شەقام و گەڕەکی پێ کردین، گەیشتینە ئەوێ بە کۆڵانە زۆرەکاندا ڕۆیشتین، ژنەکەشی لەگەڵ سەیرکردنی ژنانی بەدخوو و خۆفرۆش ڕەسمیشی دەگرتن.

له دوای ئەوەش بردمن بۆ ڕێستۆرانتێکی گەورە و بەناوبانگ کە نانی نیوەڕۆ بخۆین. کابرا هەروەک ئەوڕێستۆرانتەی دیبێت و لەوەو پێش چووبێت و لەوێ نانی خواردبێت، گوتی:

ـ وەڵڵا با نەچینە ئێرە. ئێرە هەم گرانە و هەم خواردنەکانیشی باش نین.

ـ خەریک بوو لێک بمەوە لە داخاندا. گوتم ئەوەش لە کتێبەکەتدا نووسراوە؟

ـ نا ئەمە یەکێک لە هاوڕێکانم پێی گوتم و ڕاشی سپاردووم کە بڕۆینە ئاخری بازاڕ، ماسیی تازەی سوورەکراو ئەفرۆشێت، هەم بەلەزەتە و هەم هەرزان.

بە ڕێگە پێشاندانی ئەو ڕۆیشتین و گەیشتین و لە دوای خواردن لەو دوکانە پیسە بچووکە هاتنە دەرەوە.

خانم و ئاغای ئینگلیزی پێکەوە گوتیان و لەسەریشی سوور بوون کە هەر ئەبێت بڕۆن بۆ قاوەخانەیەک کە نێرگەلەی تیا ئەکێشن. هەرچەندە بیرم کردەوە کە لە چ ناوچەیەک ئەتوانم قاوەخانەی وا پەیدا بکەم، بیرم نەکەوتەوە؛ چونکە تاوەکو ئەو ڕۆژە نە لە قاوەخانە دانیشتبووم و نە نێرگەلەشم کێشابوو.

خانم و ئاغا دەستیان دا بە جانتای دەستیانەوە و یەکێکیان کتێب و ئەوی تریشیان نەخشەیێکی ئیستانبولی دەرهێنا، دوای بەینێک سەیرکردن و پەنجە بەسەر نەخشەکێشان و بەراوردی لەگەڵ کتێب و قسەکردن لەگەڵ یەک. سەریان هەڵبڕی، ئاغا گوتی:

– ئەوەتا قاوەخانەیکی زۆر باشمان دۆزییەوە.

چووینە ئەوێ دانیشتین و داوای قاوە و نێرگەلەمان کرد. هەردووکیان دەستیان کرد بە نێرگەلەکێشان و دوکەڵ بڵاوکردنەوە بەو ناوەدا، ناچار منیش هەر لە ڕووی ئەوەوە کە لەوان دوا نەکەوم، منیش دەستم کرد بە فووکردن لە لوولەی نێرگەلەکە، بەڵام لەجیاتی وەکو هیی ئەوان بە جوانی بسوتێت و دوکەڵ هەڵبمژم و بڵاوی بکەمەوە، هەر

ئەوەندەم زانی وردە وردە هەموو ئاگر و تووتنەکەم بە ناو قاوەخانەکە خەریکە پەرش و بڵاو دەبێتەوە و ئاویش بەسەرییەوە دێتە خوارەوە.

خانم بۆی ڕێک خستمەوە و گوتی:

– هەندێک لەسەرخۆ بفەرموو وەک جگەرە مژی لێ بدە، بەڵام فووی پیا مەکە.

لە قاوەخانەکە هاتینە دەرەوە و چووینە بازاڕێکی سەرگیراو (قەیسەری)، من ئەو بازاڕەم چاک ئەزانی و کون و قوژبنی زۆر شارەزا بووم. وام زانیوە لەم بازاڕەدا پێویستیان بە کتێب و متێب نابێت.

وەختێک گەیشتینە ناو بازاڕ کابرا لێی پرسیم و گوتی:

– بێزەحمەت ئەم بازاڕانەم ئەوێت ئەوە لە کوێن: بازاڕی جووڵاکان؟ بازاڕی لێفە دوورزەکان؟ بازاڕی کۆنەفرۆشەکان؟

من ئەو بازاڕانەم نەدەزانی و ئەمە کە بۆی هاتبووین گرنگترین بازاڕی ئەو جۆرە شتانە بوو. خانم گوتی:

– ناڕەحەت مەبە با جارێ بچینە دوکانی بووکەشووشەکان، ئەوەندە دوور نییە لەم شوێنەی ئێمە لێین. بووکەشووشەکان زۆر بووکی سەیرن و زۆریش گرانن، با ئێستا بچین سەیری ئەوێ بکەین.

چووینە دوکانی بووکەشووشە، خانم دوو-سێیەکی کڕی. لە ڕێگە کابرای مێردی تاریخی ئەم بازاڕە سەرگیراو و قەیسەرییەی بۆ کردم. کە چەند ساڵە هەیە و ناوی ئەو کەسەشی گوت کە وەختی خۆی بە فرمانی ئەو ئەم بازاڕە دروست کرابوو.

بە ڕێگە پیشاندانی ئەوان بازاڕی هەلاجەکان و لێفە دوورزەکان و کۆنەفرۆشەکانیشم دیتەوە. کە قەت نەم دیبوون.

لای ئێوارە کە لە هیلاکیدا خەریک بووین بکەوین، ئەوانمان گەیاندە ئوتێلەکەیان و خۆمان گەڕاینەوە ماڵی خۆمان.

بەیانی زوو چوومە لایان. پێیان گوتم کە دەیانەوێت بچن بۆ حەمام. منیش پێش خۆمم دان و بردمنە باشترین حەمامی شارەکە، لە

شــوێنێک دانیشــتم چــاوەڕێم کــردن ژن و مێــرد لە دوای چەنــد دەقیقەیەک. بە نارەحەتییەوە هاتنە دەرەوە بە توندییەوە گوتیان:

– ئـێمە داوامـان لـێ کردیـت بمـانبەیتە حەمـامێکی کـۆن، نەک بمـانبەیتە حەمــامێکی تــازەی پێشــکەوتوانە کە هەمــوو دەســتگە و کەلوپەلەکانی هیی وڵاتانی دەرەوەن.

دیسـانەوە خـانم دەسـتی بـردوو کتێـبەکەی دەرهێنـا و سـەیرێکی ناوی حەمامەکانی قەدیمی و تازەی شارەکەی کرد و گوتی:

– باشــترینیان ئەوەتە لەم نزیکــانەیە، بەڵام ئەوەیە کە بە ڕۆژ ژنانەیە و بە شەو بۆ پیاوە.

کەواتە ئێستا من ئەچم، ئێوەش لێرە چاوەڕێم بکەن. لە دوای ئەوە خانممان برد و ئەو چووە ژوورەوە.

مێردەکەی گوتی:

– کەواتە بـا مـن و تـۆش بچینە ئەم قاوەخـانەیە هەنـدێک یـاری دۆمینە بکەین.

دوای ئەوەی خانم هاتە دەرەوە، کابرا گوتی

– کەواتە با ئێمەش بچینە حەمامی پیاوان.

شــەویش چــووین ســواری قـایغ بــووین و کەوتیـنە ماسـیگرتن. چووین و خۆمـان شـت و هـاتینە دەرەوە، ئـاخری بە ڕێگەپێشـاندان و ڕێنمــایی ئەوان ١٥ ڕۆژ هەرچــی کتێبخــانە، مۆزەخــانە، مــزگەوت و جـێگەی بەناوبـانگی وڵاتەکەمـان هەبـوو، کە تـاوەکو ئەو ڕۆژە قەت چــاوم پێیــان نەکەوتبــوو، بە هــۆی ئەوانەوە دیــم. بەتــایبەتی وەک کارخــانەی گســک دروســتکردن و کارخــانەی حەلـوا دروســتکردن، بینینیان بۆ من زۆر شتێکی سەیر و خۆش و تازە بوو.

ئەو ڕۆژە کە ئەو دوانەم بەڕێ کـرد کە بگەڕێنەوە وڵاتـی خۆیـان، لێیـانم پرسـی: – تـۆ خەڵکـی ئیسـتانبول نیـت، دوایـی هـاتووی تیایـدا بژیت؟

بە تەریقییەوە گوتم:

- بەڵێ منیش ماوەیەکە هاتووم بۆ ئێرە.
- کەواتە چەند ساڵە لێرەیت؟
- ٥ ساڵ لەمەو پێش.
- باشە لەم ماوەیەدا لە ئیستانبول بوویت چیت ئەکرد؟
- من کارمەندی دەوڵەتم، لە بەیانییەوە تاوەکو عەسر لەوێ ئیش ئەکەم.

خانم گوتی:

- کەواتە هەر ڕاست ئەڵێیت خەڵکی ئیستانبولیت، چونکە لە کتێبەکە نووسراوە کە خەڵکی ئیستانبول وەکو تۆ وان، بەیانیان ئەچنە سەر ئیش و کاریان و شەویش ئەگەڕێنەوە ماڵەکانیان، زۆریان ناگەڕێن و نازانن کە شارەکەیان چەند شوێنی خۆش و بەناوبانگی هەیە.

مێردی خانم گوتی:

- حەیف کە زستان نەمانتوانی بە چاکی جێگە خۆشەکانی دیکەی ئیستانبول ببینین.

تاوەکو بەر پێپلیکەکانی فڕۆکەکە بەڕێم کردن و بە گەرمی دوعاخوازیمان لەیەک کرد.

دوای چەند ڕۆژێک نامەیان بۆ ناردم، سوپاسێکی زۆریشیان دەکردم و نووسیبوویان کە هاوینی داهاتوو دێنەوە بۆ ئیستانبول و دیسان لەگەڵ خۆیان دەمانگێڕن و دەمانبەنە ئەو شوێنانەی کە لێی بێخەبەرین.

منیش وەرامم دانەوە و زۆر خۆشحاڵیی خۆمم بۆ دەربڕین، هەروەها زۆر بە گەرمییش سوپاسم کردن کە بە هۆی ئەوانەوە ئەو شوێنە خۆشانەی ئیستانبولم بینی، کە تاوەکو ئێستا نەمبینیبوون.

## کۆبوونەوەی ئەنجومەنی ماڵ و مەکتەب

دەعوەت کرابووو بچم بۆ مەکتەبی کچەکەم لە ڕۆژی کۆبوونەوەی دایکانوباوکان و مامۆستاکان.

من دوودڵ بووم لەوەی بڕۆم یان نەڕۆم، چونکە شتێکی ئەوتۆم نەبوو کە لەوێ بیڵێم، ئەگەر هەشمبوایە لە ناو غەڵبەغەڵب و قڕەقڕی ئەو هەموو دایک و باوک و مامۆستایانەدا نەمدەتوانی شتێکی وا بڵێم کە کەس گوێی لێ بێت یان گوێی لێ بگرێت.

لەگەڵ ئەوەشدا ڕۆیشتم بۆ ئەو کۆبوونەوەیە. کە گەیشتمە ساڵۆنە گەورەکەی مەکتەب، پڕپڕ بووبوو، من هەندێک درەنگ گەیشتم. دانیشتم و دانەنیشتم خانمێک دەستی ڕاوەشاند بە توندییەوە گوتی: لە هەموو دەردێک خراپتر ئەوەیە کە درەنگ دێن و درەنگ دەگەنە جێ.

لەبەر ئەوەی زانیم باسی من دەکات گوتم:

– خانم هەقی خۆتە، بەڵام خۆتان ئەزانن تاکسیی بەتاڵ و پاس دەست کەس ناکەون.

خانم بێ ئەوەی گوێ بداتە قسەکەی من، گوتی:

– یەکەم تەگەرەمان بەیانیان درەنگ گەیشتنی قوتابییەکانە بۆ مەکتەب، لەگەڵ ئەوەشدا هەموو ئەزانن سەعات ٩ وانە دەست پێ ئەکات، کەچی بەشی هەرە زۆریان هەر درەنگ دێن.

لەو کاتەدا خانمێک کە چەند کورسییەک لە من دوورتر بوو، هەر لە جێگەی خۆیەوە دەستی بەرز کرد و گوتی:

- بە ڕای من ئەبێت کچە تەلەبەکان و تاوەکو ژن و کچە مامۆستاکانیش وایان لێ بکرێت کە گۆرەویی نایلۆن لە پێ نەکەن و لەجیاتی ئەوە گۆرەویی ڕەشی ئەستوور لە پێ بکەن.

وەختێک ئەو خانمە ئەو قسانەی دەکرد، لە خۆمەوە چاوم بڕیە قاچی. دەستم هەڵبڕی و گوتم:

- منیش لەگەڵ پێشنیاری ئەم خانمەم.

قاچەکانی خانم ناشرینتر و بەدقوارەترین قاچ بوو تاوەکو ئەو ڕۆژە من دیبووم. بە بینینی قاچەکانی ئەو خانمە هەیوانەکەی ماڵی خۆمانم هاتەوە بیر. مەچەکی پێخانم گەڵێک لە سەروو ئەژنۆی قەڵەوتر بوو، لەگەڵ ئەوەشدا کە گۆرەویی ڕەشی ئەستووریشی لە پێ کردبوو، بەو هەموو گۆرەوییە ئەستوورەشەوە ڕەگە شینەکانی واریسی بە چاکی دەبینرا و دیار بوون.

لە کاتێکدا چاوم بڕیبووە پێی خانم، گوتم:

- زۆر ڕاستە ئەبێت هەموو کچەکان گۆرەویی ئەستوور لە پێ کەن.

لە دڵی خۆمدا بە خۆمم گوت: خۆ تۆ قسەت نەبوو بیکەیت، ئەوە بۆچی ئێستا وا سینگت دەرئەپەڕاند.

یەکێک لە باوکەکانی تەلەبەکان هەستایە سەرپێ و بە گەرمییەوە گوتی:

- لە پێش ئەوەی هەموو کاتەکەمان بە تەگەرەی گۆرەویی ڕەشەوە خەسار بکەین، ئەبێت ئەوە بزانن کە تەگەرەی زۆر گەورەترمان هەیە لە گۆرەویی ڕەش. وا بزانم منداڵەکانمان تەگەرەی وایان هەیە لە بابەت خوێندنەکەیانەوە، کە گۆرەوی و ئەو جۆرە شتانە هەر بەراورد ناکرێن لەگەڵی. یەکێک لە تەگەرەی هەرە گەورەی منداڵەکانمان ئەوەیە کە هیچ زمانێکی تر نازانن لە زمانی خۆیان

زیاتر. من ئەوە پەسەند ئەکەم کە منالّەکانمان دەرسەکانیان بە زمانی ئەلّمانی بخوێنن.

من سالّەها لە ئەلّمانیا ژیاوم و ئاگام لەوە بووە و بە چاوی خۆیشم دیومە کە مندالّی ئەلّمانی دەرسیان ئەخوێند.

من لەبەر ئەوەی درەنگ گەیشتووم و تاوەکو بەینێکیش جاروبار خەلّکەکە ئاوڕیان لێ دەدامەوە، ویستم ئەو ناتەواوییەم بشارمەوە بەوەی تێکەلّی گفتوگۆکە ببم، بۆیە هەلّمدایە و گوتم:

– منیش لەو باوەڕەدام و ئەم قسەیە پەسەند ئەکەم. من ئەلّمانیام نەدیوە، بەلاّم کاردەستی و سەنعەتی ئەلّمانیا ئەم ڕۆژانە زۆر لە پێشە و ئەگەر مندالّەکانمان دەرسەکانیان بە زمانی ئەلّمانی نەخوێنن.

کابرایەکی عەینەکلەچاوی زەڕەبینی هەستایە سەرپێ و قسەکانی پێ بڕیم و گوتی:

– ئەم قسانە چ هەقێکی بەسەر ئەم کۆبوونەوەیەوە هەیە؟ ئەوانەی حەز ئەکەن مندالّەکانیان بە زمانێکی تر دەرسەکانیان بخوێنن ئەبێت ئەم داخوازییە بخەنە بەردەستی وەزارەتی زانیاری و ئەو ئەلّمانییەی کە تاوەکو ئێستا مندالّەکانتان ئەیخوێنن بە لای منەوە زۆر تەواوە. هەر ئەوەندە بەسە نەک بو ئەندازەیەک کە ئەم ئاغایانە بەتەماین.

ئەم کۆبوونەوەیەی ئەمڕۆ بۆ ئەوەیە دایکانوباوکانی تەلەبەکان یەکتری بناسنەوە و بەیەکەوە خەریکی هاوکاری بن بۆ ئەوەی لە ئایندەیەکی نزیکدا کۆمەلّگەیەکی بەکەلّک پێک بهێنن.

ئەو کەسەی یەکەم جار داوای خوێندنی زمانی ئەلّمانی کرد هەستایەوە سەرپێ و گوتی:

– بێزەحمەت ئەتوانن پێم بلّێن هەفتەی چەند سەعات زمانی ئەلّمانی فێری مندالّەکان ئەکرێت؟

کابرای عەینەکزەڕەبینی هەلّی دایە و گوتی:

- خوێندنەوەی زمانی ئەڵمانی بەپێی پۆلەکانە، پۆلە باڵاکان هەفتەی ٨ سەعات و پۆلی خوارتر هەفتەی ٦ سەعات ئەیخوێنن.

یەکێک لەوێوە بە بەرزی گوتی:

- زۆر کەمە.

منیش دەنگی خۆمم خستە سەر دەنگی ئەو:

- ئەشهەدوبیللا زۆر...

پیرەمێردێک هەستایە سەرپێ و گوتی:

- من داخوازییەک لە کاربەدەستانی مەکتەب ئەکەم، ئەویش ئەوەیە کە نەهێڵن منداڵەکان یاری فوتبۆڵێن بکەن، چونکە من و ئەوانەی وەکو منن، ناچارین هەموو مانگێک جووتێک پێڵاو بکڕین.

خانمێک هاستایە سەرپێ کە لەوەو پێشیش قسەی دەکرد و لە لێپرسراوی مەکتەبەکە دەچوو، گوتی:

- بەڵام کچەکانی ئێمە یاری فوتبۆڵێن ناکەن.

- باشە کەواتە مەهێڵن کوڕەکانیش بیکەن.

خانمی لێپرسراو گوتی:

- مەکتەبی ئێمە هیی کچانە، ئێمە هەقمان نییە لە ئیش و کاری مەکتەبی کوڕانە قسە بکەین.

پیرەمێرد گوتی:

- بۆچی ئێرە مەکتەبی "ماچکا" نییە؟!

- نەخێر قوربان "ماچکا" لە کوێ و سانەوی دەوڵەتی کچانەی "هور هور" لە کوێ!

- من وام زانیوە بچکۆلەکەم دێت بۆ ئێرە. هەر چۆنێک بێت زۆر تکات لێ ئەکەم کە یاری فوتبۆڵێن چ بۆ کچان بێت و یان کوڕان قەدەغە بکەن.

پیاوێکی گەنج کە لە تەنیشت منەوە دایشتبوو لێی پرسیم:

- باشە ئەمە کەی نمایشنامەکە دەست پێ ئەکات؟

- وەڵڵا من نازانم با لە ئاغای مودیر بپرسین.

- ئاغای مودیر ئەبێت کامیان بێت؟
- گوتم حەتمەن ئەبێت یەکێک بێت لەو ٣ سێ کەسە، بەڵام نازانم کامیانە.

کابرا ڕووی کردە یەکێک لەو سێ کەسە کە سەر و قەڵافەی لە مودیر دەچوو، لێی پرسی:

- ئاغای مودیر، بێزەحمەت ئەوە کەی نمایشنامەکە دەست پێ ئەکات؟

خانمێک کە عەینەکلەچاو بوو گوتی:

- ئاغای مودیر ئەمڕۆ نەخۆشە، لەبەر ئەوە نەیتوانی بێت.

کابرا وەرامی دایەوە و گوتی:

- خوا شیفای بۆ بنێرێت، بەڵام بێزەحمەت ئەتوانیت پێمان بڵێیت کەی نمایشنامەکە دەست پێ ئەکات؟

خانمی عەینەکی بە سەرسووڕمانەوە گوتی:

- نمایشنامەی چی و بە چ بۆنەیەکەوە؟

پیاوە گەنجەکە ڕەنگی تێک چوو تەریق بووەوە و ڕووی کردە من و گوتی:

- کەواتە ئیتر ناوێرم بڕۆمەوە ماڵێ، چونکە کچەکەم ئاگربارانم ئەکات و ئەمکات بە سینەما و هەر ئەمخوات.

گوتم:

- مەگەر چی بووە؟
- کچەکەم بە منی گوتووە لە مەکتەبەکەمان "حەفلەیە" و نمایشنامە پیشان ئەدەن و ئەویش لەو نمایشنامەیەدایە، سەما ئەکات و ئەبوو منیش بچم تاوەکو سەیری بکەم. باش بوو ئەوچاتر کە دایکیشم لەگەڵ نەهات، چونکە سکی پڕە و مانگی خۆیەتی، ئەگەر ئێستا لەگەڵم بوایە ئاخۆ چی بەسەر ئەهێنام.

لەو کاتەدا کە ئێمە ئەم مشتومڕ و قسانەمان ئەکرد، خانمەکەی کە ئەیویست بە قسەی بکەن و گۆرەویی ڕەشی ئەستوور بکەنە پێی

کچەکـان، دانیشـتبوو بە گەرمـی بـۆ خەڵکەکـانی دەورووپشـتی خـۆی باسـی گـۆڕەویی ڕەشـی ئەسـتووری ئەکـرد، کە زۆر باشـن و هەر کەسە بیکاتە پێی بە حەیاوحورمەتە و ... وایە و وایە.

ئەو ئاغایەش کە باسی خوێندنی ئەڵمانی دەکرد کە تەلەبەکان بەوە دەرس بخوێنن ئەویش دانیشتبوو باسی بیرەوەرییەکانی ئەڵمانیای بۆ خەڵکەکانی ئەم بەرو ئەوبەری دەگێڕایەوە.

کابرایەک لە تەنیشتی ڕاستم دانیشتبوو سەیرێکی کردم و گوتی:

- بێزەحمەت ئەتوانیت پێم بڵێیت نیـازی ئەم خـانم و ئاغایـانە چییـە؟ ئەوەتەی مـن دانیشـتووم تـاوەکو ئێسـتا هـیچ لە مەبەسـتیان تێنەگەیشتم.

منـیش ویسـتم خـۆم بە شـارەزا پیشـان بـدەم و دەسـتم کـرد بە باسکردن بۆ پیاوەکە، گوتم:

- ئەو پیاوە پیرە بڕوای وایە یاری فوتبۆڵێن قەدەغە بکرێت و لەجیـاتی ئەوە شـاکار و پـاڵەوانێتیی پیـاوە پیرەکـان بـۆ تەلەبەکـان بگێڕدرێتەوە و باس بکرێت. ئەو خانمەش باسی گۆرەویی ئەستوور و ڕەش ئەکات. ئەو خانمەی تر یەکێکە لە لێپرسراوی مەکتەبەکە، گلەیـی ئەوەی هەیە کە تەلەبەکان بەیانیان درەنگ دێن بۆ مەکتەب و ...

هێشتا ویستم قسە بکەم، کابرا قسەی پێ بڕیم و گوتی:

- ئەگەر بتـوانم بە زووتـرین کـات لەم شـوێنە بچـمە دەرێ، لە هەموو کارێک باشترە.

- ئەتوانیت بڵێیت چی قەوماوە و لەبەرچی؟

- من وام زانیوبو بۆ "سەندیکای" کارەکەران هاتووم. باش بـوو خوا ڕەحمی کرد کە قسەم نەکرد، ئەگینا ئەمویست دەربارەی ئـازادیی تاک و ڕۆڵی کۆمەڵایەتی خوتبەیەک بدەم.

یەکێک لە مامۆستاکان هەستا قسەی کرد و گوتی:

- لە نـاو ٦٧٠ تەلەبەی ئەم مەکـتەبە، ٣٠٠یـان ژیـانێکی زۆر خراپ ئەژین، بە جۆرێک کە ناتوانن کتێبی دەرسەکانیان بکڕن. ئەبێت

ئێمە بۆ یارمەتیی ئەوانە کارێک بکەین کە هیچ نەبێت ڕۆژانە یەک ژەم خواردن بۆ ١٠٠ تەلەبەی وا جێبەجێ بکەین، ئەوەش بەوە ئەکرێت کە هەر یەکەتان لە لای خۆیەوە یارمەتیمان بدات.

خانمێک هەستایە سەرپێ و دەستی درێژ کرد و گوتی:

- ئێمە چیتر ئامادە نین یارمەتی بدەین، کچەکەم هەموو ڕۆژێک نیوەڕۆ پارە لە باوکی وەرئەگرێت و بۆتان ئەهێنێت. تکاشتان لێ ئەکەم کە ئەم یارمەتیی ڕۆژانەیەمان بۆ بکەن بە مانگانە تاوەکو بزانین حیساب و کیتابمان لەگەڵ مەکتەب چۆنچۆنییە و چەندی تێئەچێت.

منیش بە خۆشییەوە قیژاندم:

- منیش دەنگم لەگەڵ خانمە و قسەکانی زۆر بەجێ ئەزانم.

خانمی مامۆستا بە نارەحەتییەوە لە ژنەکەی پرسی کە قسەی دەکرد و گوتی:

- ناوی کچەکەت چییە؟

- گول تەن.

- ها ئەوەی لە پۆلی "٣ب"یە و ژمارەکەشی ٢٤١ە.

ڕووی کردە دایکی کچەکە و گوتی:

- خانم گیان ئەبێت ئاگادارتان بکەم کە ناوبراوی کچتان لە یەک هەفتە زیاترە نەهاتووە بۆ ئەم مەکتەبە ئەوەتەی مەکتەب کراوەتەوە. دیارە نامەی زۆریشمان بۆ ناردن، بەڵام ئێوە هیچ وەرامتان نەداینەوە.

- کەواتە وەکو ئەیڵێیت من درۆ ئەکەم؟

- وەڵڵا چیت عەرز بکەم. بەشکم پارەکە وەربگریت و بۆ خۆی خەرجی ئەکات.

ئێمە هەر چل نەفەر ئەبووین، بەڵام ئەوەندە بە گەرمی و دەنگی بەرز قسەمان دەکرد خەڵک وای دەزانی ئاخۆ چەند کەسین، خانم مامۆستا لەسەر جێگەکەی بەرز بووەوە و گوتی:

-      تکاتان لێ ئەکەم هەندێک بێدەنگ بن و هێمنی کۆبوونەوەکە بپارێزن. ئەگەر کەسێک قسەیەکی هەیە ئەتوانێت بێت لای ئێمە لەسەر شانۆکە و لەوێ قسەکەی بۆ هەموان بکات.

هەموومان بە جارێک دەستمان بەرز کردەوە و ویستمان قسە بکەین. یەکەمین کەس کە ڕێیان دا بێتە سەر شانۆ قسە بکات، پیرەمێردەکە بوو، کە تەمەنی ٧٠-٨٠ ساڵ دەبوو. پیرەمێرد گوتی:

-      خانمەکان، ئاغایان... هەموو کەسێک زیان و خراپەی فوتبۆڵێن ئەزانێت، تاوەکو شەرعیش کە لە کتێبی دینیشدا نووسراوە، یەکەمین کەس بە سەرە بڕاوەکانی شەهیدەکان فوتبۆڵێنی کردووە: یەزیدی مەلعون بووە.

ئیتر پیرەمێرد دەستی پێ کرد و ئەوەندەی قسە کرد کە هەموو دانیشتوون هاواریان لێ هەستا و گوتیان:

-      ئاغا گیان ماوەمان بدەرێ ئێمەش قسەمان هەیە.

دووەم کەس کە چووە سەر شانۆ باسی خواردنی منداڵی کرد و باسی گرانیی زەخیرە و خەڵووزی بەو جۆرە کرد و گوتی:

-      بە ڕای من ئەو کەسانەی حاڵیان باشە، وەختێک خواردن ئەدەن بە منداڵەکانیان کە بیبەن لەگەڵ خۆیان بۆ مەکتەب، هەقە لەجیاتی یەک نەفەر بەشی دوو نەفەریان بدەنێ، تاوەکو تەگەرەی یەک ژەمی نانی گەرم کە بدرێ بەو منداڵانەی کە کەسوکاریان دەستیان کورتە، بەو جۆرە چارەسەر ئەکرێت.

بە زەحمەتێکی زۆر توانیمان ئەو کەسەی ئەم قسانەی دەکرد وا لێ بکەین بچێتەوە شوێنی خۆی و ڕێگەی خەڵکی تر بدات ئەوانیش قسە بکەن، بەڵام هێشتا وازی نەهێنا، ئەم جارە لە جێگەی خۆیەوە دەستی پێ کردەوە و لەبەر ئەوەی زانیم تاوەکو سبەینێش ناگاتە سەرەی من کە قسە بکەم، بۆیە لەسەر جێگەکەم بەرز بوومەوە و گوتم:

- خانمەکان و ئاغایان، قسەیکی ئەوتۆم نییە کە بیکەم، بۆیە لەجیاتی پێشنیار ئەمەوێت ئەم نوکتەیەی مەلا نەسرەدینتان بۆ بگێڕمەوە...

نوکتەکەم بۆ گێڕانەوە، بیرم نەبوو چۆن دوایی هات، گوتم:

- پێی ناوێت، من تەواوی ناکەم، چونکە هەمووتان ئەزانن کە ئاخری چۆن دوایی دێت.

مامۆستاکانی مەکتەبەکە هەموویان بە نیوە تووڕە بوون و ناڕەحەتییەوە سەیریان کردم. ترسام لەوەی ئاخری ساڵ کچەکەم دەرنەچێنن، بۆیە هەر گورج قسەکەم گۆڕی و گوتم:

- ئەگەر منداڵەکانمان نەخوێنن و ئەزیەتکێشانی مامۆستاکانیان بەفیڕۆ بدەن، دیارە گوناهی مامۆستاکان نییە و گوناهەکە بەتەواوی ئەچێتە ئەستۆی دایکەکان و باوکەکان، کە دیار ئەبێت ئەوان گوێیان نادەنێ و یارمەتییان نادەن. من باوکودایکی زۆر ئەناسم کە هەر ناوی مەکتەبی منداڵەکانیشیان نازانن. هەروەها ناشزانن کە لە پۆلی چەندیشن.

بە جارێک مامۆستان دەستیان کرد بە چەپڵەلێدان. یەکێک لە مامۆستاکان گوتی:

- لەگەڵ ئەوەشدا کە نوتق و فرمایشتی جەنابی بەڕێزت زۆر بەکەڵک و زۆر بەبەهایە، ببوورە کاتەکەت تەواو بوو، حەز ئەکەین فەرمایشتتان بۆ کۆبوونەوەی داهاتوو هەڵبگرن و تازە ئەمشەو کۆبوونەوەکە دوایی هات.

کاتێک کە خاریک بووم بڕۆم، مامۆستاکان سوپاسێکی زۆریان کردم و داوای سەرکەوتنیان بۆ کردم، کاتێک گەیشتمە ماڵەوە، ژنەکەم پرسی:

– بۆچی وا درەنگ هاتیتەوە، ئەوە لە کوێ بوویت؟

سەیری سەعاتەکەمم کرد سەعات دەی شەو بوو بۆیە گوتم:

- نارِەحەت مەبە گیانە، من بۆ کۆبوونەوەی مەکتەب دەعوەت کرابووم و خوتبەیەکی جوانیشم دا. ئاخر ئەوەش ناکرێت کە دایک و باوک ئەگەر منداڵەکانیان دەرنەچێت هەمووی خەتاکە بخەنە ملی مامۆستاکان، لەو کاتەدا کچەکەم لە ژوورەکەی هاتە دەرەوە و گوتی:

- بابە گیان زۆر سوپاست ئەکەم، وا بزانم دیسانەوە نەهاتیت بۆ کۆبوونەوەی مەکتەبەکەمان.

ژنەکەم بە نارەحەتییەوە گوتی: بەڵێ ئاغا لەوساوە لە کۆلانان ئەسورِێتەوە و ئێستا ئەفەرموویت لە کۆبوونەوەی باوکودایکان و مامۆستاکان بووە، بەراستی شەرم نەماوە.

ئەگەر لە منیش شەرم نەکەیت، هیچ نەبێت لە کچەکەت شەرم بکە و درۆ مەکە لە لای.

- کچەکەم بەراستمە بە خوا، بەلام تۆ لەوێ نەبوویت تاوەکو قسەی زۆریشم کرد و چەند جار چەپڵەشیان بۆ لێ دام.

- چۆن!؟ بە خوا من لەوێ بووم، بەلام بۆچی تۆ چوویتە کام ناوەندی؟

- مەگەر تۆ ناچیتە ناوەندیی کچانەی دەوڵەتی هورهور؟

- نا بابە گیان من ئەچمە ناوەندیی بایەزید و ئەمساڵ پۆلی شەش تەواو ئەکەم.

ژنەکەم رِووی کردە کچەکەمان و پرسی:

- بۆچی مەگەر تۆ ناچیتە "کالجی مودرن"؟

- هەی هوو کالجی مودرنی چی! مەگەر بیرت نییە ئەو ساڵە لەوێ دەرکرام.

بە نارەحەتییەوە رِووم کردە کچەکەم و گوتم :

- هەی بێ هەست و شعوری بێتەربێت! ئەوە بۆچی تا ئێستا تێماننناگەیەنیت کە لە چ مەکتەبێکیت و لە چ پۆلێکیت؟ بەراستی ئاخر زەمانە، تو خوا وەرە دایک و باوک نەزانن منداڵیان لە کوێ ئەخوێنن و چی ئەخوێنن.

## پەینی شیمائی

لە دوای لێدانی سرووودی میللی دوو وڵات و خوتبە (ونوتیقی) ئاگرین. بەشێکی زۆر پەینی شیمائی نێردرا بۆ عەنبارەکان، کە لە دواییدا دابەش بکرێت بەسەر دێهاتەکاندا.

لە کاتێکدا ئەم خەبەرە لە ڕادیۆ بڵاو کرایەوە لە بابەت گەیشتنی ئەم پەینە و دابەشکردنی بەسەر دێهاتەکاندا تاوەکو سەوزی و شینایەتی و درەخت و میوە و هەموو ئەو جۆرە شتانە بەپیت و بەرەکەت بکات و خۆشی و شادی بخاتە دڵی فەلاح و دێهاتەوە. لەو کاتە سەرۆکی دائیرە یاریدەدەرێکی بانگ کرد و گوتی:

- ئاغای وەزیز فەرمانی دەرکرد کە ئەبێت ئەوپەڕی وریایی بەکار بهێنین بۆ ئەوەی بچووکترین کەمتەرخەمی لە ئیشەکاندا دەرنەکەوێت لە بابەت ئەم پەینەوە، ئەبێت بەوپەڕی نهێنی و ئاگادارییەوە خەریکی ببین و بە زووترین کاتیش بیگەیەنینە دەستی لادێیەکان و بەسەریاندا دابەش بکرێت بێ ئەوەی دەلاڵ و پیاوخراپ پێ بزانن و بکەونە فرتوفێڵ و کڕین و فرۆشتنی لە بازاڕدا.

ئاغای یاریدەر گوتی:

- بەڵێ قوربان ئەمر ئەفەرموویت، هەر ئێستا و دەستبەجێ بە هەموو هێز و توانامان خەریک ئەبم.

ئاغـای یاریـدەر بە پەلە چـووە ژوورەکەی خـۆی و دەسـتی دایە تەلەفـۆن و کەوتە ژمارەلێـدان و قسـەکردن لەگەڵ کارمەنـدەکەی ژێردەستی و گوتی:

- من دەمێکە ئەمەوێت ئیشێکی باش و گرنگت پێ ڕابسپێرم و ئێستا ئەو ئارەزووەم هاتە دی. کارمەند بە خۆشییەوە گوتی:

- فەرموو قوربان هەر ئەمرێک ئەکەیت من ئامادەم و سەرم پێوە نییە.

کابرای یاریدەدەری سەرۆک گوتی:

- تـۆ ئێسـتا ئەم ئیشـە گـرنگە ئەبێـت بگـریتە دەسـت و تـۆ لێپرسراوی بیت. ئەویش ئەوەیە کە کیسە پەینەکانی بۆمان هاتوون بە یارمەتی و وەکو خێر ئەبێت زۆر ئاگاداری بیت. و بە هەر یەکێک لەو لادێیانە ناوەکانیان لە لیستەکاندایە لە ٥٠ کیسە زیاتر نەدەیت و زۆر بە وردی دابەشیان بکەیت.

کارمەند بە گەرمی و خۆشییەوە گوتی:

- ئەمر ئەکەیت قوربان. ئینشائەڵڵا و خوا یار بێت بە زووترین کـات و وەک جەنابـت ئەفەرموویـت، هەمـووی بە وردی و بەپێـی ناوەکان دابەش ئەکرێت و ئەنجامیش هەمووی ئەکرێت بە لیست و ئەخرێتە بەردەستی جەنابی بەڕێزت.

یاریدەدەری سەرۆکدائیرە بە پەرۆشەوە گوتی:

- بەڵام زۆر تکات لێ ئەکەم هەرچەند ئەتوانیت ئاگادار بە لە کاتی بارکردن و لەو کاتەی کە لە عەمبارەکاندایە کە نەکەوێتە دەست دەڵاڵ و پیاوخراپەکان و نەکەوێتە بازاڕ و کڕین و فرۆشتن، کابرای کارمەند بەبڕواوە گوتی:

- قوربـان بـۆ ئەو مەبەسـتە هەر بەتەواوی دڵنیـا بە و خەیاڵـت ئـارام و ئاسـوودە بێـت، بە هەمـوو توانـایەکم ئەو کـارە ئەپـارێزم. انشائەڵڵا بە دڵی جەنابت ئەبێت.

یاریدەدەری سەرۆکدائیرە گوتی:

- وەکو ئەزانیت ڕۆژنامەچییەکان هەموو هەوڵێک ئەدەن تاوەکو کەموکوڕی و عەیبمان لێ بدۆزنەوە، ئەگەر ئەم پەینانە پێش ئەوەی بگاتە دەست دێهاتەکان بگاتە دەست خەڵکی ئاسایی، ڕۆژنامەکان دەستبەردار نابن و ئەیکەن بە ڕۆژی خۆیان و ئابڕوومان ئەبەن.

کارمەند گوتی :

- قوربان وەکو گوتم هەر زۆر دڵنیا بە و ئەمە لە ملی من.

ئاغای یاریدەدەر دیسان بە پەرۆشەوە گوتی:

- ئەوەشت پێ بڵێم نە مەن و نە ئاغای سەرۆک تاقەت و حەوسەڵەی وەرامدانەوە و بەدرۆخستنەوەی ڕۆژنامەکانمان نییە. تکات لێ ئەکەم ئەبێت زۆر زۆر وریا بیت. هەرچەند وریا بیت هێشتا هەر کەمە.

کارمەند هەڵیدایە و گوتی:

- قوربان ئەڵێم ئارام و دڵنیا بە، سەری خۆمی لەسەر دائەنێم.

یاریدەر بە گەرمییەوە گوتی:

- زۆر تکات لێ ئەکەم و لەبەر خاتروماتر ڕازی نابم تاوەکو یەک مسقاڵیش لەو پەینە شیمایییەی دێهاتە خۆشەویستەکانمان بدرێ بە کەس.

- بەڵێنت ئەدەمێ قوربان بە هیچ جۆرێک کاری وا ناقەومێت.

- من زۆر بڕوات پێ ئەکەم بۆیە ئەم کارەم بە تۆ سپارد، ئیتر ئەتوانیت هەر ئێستا بچیت بە لای ئیشەکەتەوە.

کابرای کارمەند کە نەیدەتوانی بەتەواوی ئاگاداری بارکردن و گواستنەوەی ئەو هەموو کیسە پەینە زۆرە بێت. ناردی بە دوای سەرۆکباخەوانی باخێکی گشتی کە ئیش و کاری گوڵکاری و پاراستنی باخەکە بوو، کابرای باخەوان هات و گوتی:

- فەرموو ئەمر بکە.

کارمەند ڕووی تێکرد و گوتی:

- من تۆ ئەکەم بە سەرکار و لێپرسراوی گواستنەوە و بارکردنی کیسە پەینەکانی شیمائی، کە یەکسەر دەست پێ بکەیت و بکەویتە ڕەوانەکردنی و دابەشکردنی بەسەر دێهاتەکانی مەملەکەتەکە بەپێی لیستەکان، زۆر تکات لێ ئەکەم تاوەکو پێت بکرێت و بتوانیت ئاگادار و چاودێری بکەیت، تاوەکو یەک مسقاڵ و پەین خەسار نەبێت و بەفیڕۆ نەڕوات و نەکەوێتە دەست کەس. دیارە بە درێژایی کاتیش لەگەڵتدا لە پەیوەندیدا ئەبم شەو و ڕۆژ.

ـ قوربان بەسەر هەردوو چاو. دڵنیا بە وا بزانە جەنابت خۆت لەوێیت بە هەموو هێز و توانام ئاگاداری ئەبم تاوەکو یەک مسقاڵیش ناهێڵم خەسار بێت یان بکەوێتە دەستی کەس.

کابرای کارمەند گوتی:

- باشە زۆر سوپاست ئەکەم. ئێستا ئیتر ئەتوانیت بڕۆیت و خوات لەگەڵ… بەڵام ڕابوەستە یەک دەقیقە.

- فەرموو قوربان.

- ئەو وەختەی ئەچیتە عەمبارەکە و خەریکی بارکردن ئەبیت، دونیایە، ئەگەر بینیت کیسەیەک دڕابوو پڕ سەتڵێک لە کیسە دڕاوەکە بۆ گوڵەکانی باخە بچکۆلەکەیماڵی خۆمانم بۆ هەڵگرە.

سەرۆکباخەوان گوتی:

ـ بەسەرچاو قوربان، هەر تۆ و هەر ئەوەندە، ئەگەر ئەو کیسەیە نەشدڕابوو بۆت ئەدڕێنم سەتلێک چییە حەز ئەکەیت ١٠ کیسەت بوویت بۆت ئەنێرمە ماڵەوە.

- زۆر سوپاست ئەکەم، بەڵام نا ئەگەر کیسە دڕابوو قەیناکە ئەگینا نامەوێت. بۆیەش وام گوت چونکە ماوەیێکە باخەوانەکەمان داوای ئەو جۆرە پەینەم لێ ئەکات.

- دڵنیابە قوربان بێگومان چۆنت فەرموو ئاوا ئەکەم.

کارمەند دیسان ڕاپەڕیوە و گوتی:

- جارێکی تریش بیرت ئەخەمەوە پێش ئەوەی نەگاتە دەستی دێهاتەکان نابێت کەس هەر پەنجەشی بۆ ببات.

- قوربان دڵت ئارام بێت و خەیاڵت ئاسوودە، بە خوا ئەوەی پەنجەی بۆ بەرێت پەنجەی ئەبڕم.

سەرۆکباخەوان کە کلیلبەدەست و لێپرسراوی عەمبارەکانیش بوو، بە خۆشییەوە لە ژووری کارمەندەکە هاتە دەرەوە و یاریدەرەکەی خۆی بانگ کرد و گوتی:

- ئەم پەینانە تۆ لێپرسراویانیت و هەر خەتا و کەموکوڕییەک لە جێبەجێکردنەکەیاندا ڕوو بدات تۆ گوناهبار ئەبیت. ئێستا ئیتر بڕۆ بە پێی کاری خۆتەوە و لەپێناوی لیستەکان پەینەکان ئەبێت دابەش بکەیت. زۆر وریاش بیت و نەهێڵیت کەسێک لەو دابەشکردنە بۆ قازانجی خۆی کەڵکی لێ وەربگرێت.

یاریدەری سەرۆکباخەوان گوتی:

- قوربان بەسەر سەر و بەسەر چاو، چۆن ئەفەرموویت وا ئەکەم. ئێستا ئەتوانیت بڕۆیت، بەڵام تاوەکو لە بیرم نەچووە با پێت بڵێم، بەیانی زوو کاتی بارۆردنی کیسەکان، یەک کیسە بۆ ماڵی ئەو بێشەرەفە دانێ، یاریدەری سەرۆکباخەوان.

به سەرسووڕمانەوە گوتی:

- کام بێشەرەفە ئەڵێیت قوربان؟ محێدین ئاغا ئەفەرموویت؟

- نا باسی ئەو ناکەم.

- ئەی کامیان؟ ئاغای ڕەزا یان ئیسماعیل ئاغات فەرموو؟

- باش بوو گوتت، ئەبێت بۆ ئەوانیش بنێرین. باشە کەواتە بەیانی بۆ ئەوانیش ٣ کیسە بە جیا دائەنێم. لەگەڵ ئەوانەی خۆیشمان هەمووی ئەیکاتە شەش کیسە.

یایدەری سەرۆکباخەوانەکەش یەکێک لە هاوڕێیە هەر نزیکەکانی بانگ کرد و گوتی:

- به فەرمانی دائیرە ئەبێت ئەم کیسانە دابەش بکرێت و نەهێڵیت ئەمە لە کام حیزبە و ئەوە لە کام حیزبە، بچێت خاتری ئەوانە بگریت کە تۆ لە حیزبی ئەوانیت، ئەوە چاک بزانە خاتر و خۆتر و فەرق و جیاوازی نییە تێگەیشتیت؟

- قوربان چۆن ئەفەرموویت وا ئەکەم.

- دەی دەست پێ بکە لە ئێستاوە و برۆ بەپێی کارتەوە.

زەنگی تەلەفۆنی ئاغای حیلمی، سەرۆکدائیرە لێی دا و تەلەفۆنەکەی هەڵبڕی و زانی کە ئاغای کشاوەرزییە، لە دای قسە و چاک و چۆنی و ڕێز پێشکەشکردندا بە ئاغای وەزیر، وەزیر گوتی:

- ئەڵێن پەینەکە گەیشتووە؟

- بەڵێ قوربان.

- بەشی باخی ڤێلاکەمت هەڵگرت؟

- بەڵێ قوربان ٢٥ کیسە و ئەگەر کەمە جەنابت ئەتوانیت بڵێیت.

- نا کەم نییە. بەڵام ٣٠ تا ٣٥ کیسەی گەورەش دابنێ بۆ باخچەی دۆستان و ئاشنایان.

- بەسەرچاو قوربان ئەمر ئەفەرموویت.

کاتێک کە ئاغای حیلمی، سەرۆکدائیرە تەلەفۆنەکەی بڕایەوە لەگەڵ وەزیری کشاوەرزی. ژمارەی یاریدەرەکەی لێ دا و گوتی هەر ئێستا بگەیتە ئێرە ئیشی پەلەم پێتە. یاریدەر گەیشت.

سەرۆک بە گوێدانەوەوە پێی گوت:

- ٧٠ کیسە بۆ ئاغای وەزیر و دۆستەکانی دابنێ ٤ کیسە بۆ ئاغای حەقی و ٢ کیسەش بۆ ئاغا هین.

- قوربان ئاغا هین کێیە؟

- ئەو ئاغایەی دوو جار تەلەفۆنی کردبوو.

- زۆر چاکە بەسەرچاو.

- بەڵام زۆر وریا بن لە کاتی بارکردندا کیسەکان نەدڕێن.

ـ ئەمر ئەکەیت. من خۆم لەو کاتەدا بەسەریانەوە ڕائەوەستم و زۆر چاودێریی هەموو کارەکان ئەکەم.

ـ بیرم چوو نازانیت خانمی سکرتێرەشم داوای کیسەیەکی کرد. کیسەیەکی گەورەش بۆ ئەو دابنێ.

لیستی دێهاتەکانی کە ئەبوو ئەو پەینەیان بەسەردا دابەش بکرێت، ٨ لاپەڕەی ئەمدیو و ئەودیو بوون.

یاریدەری سەرۆکدائیرە چاوی بە لاپەڕە و ناوەکاندا خشاند و بۆی دەرکەوت ئەگەر بە هەر یەک لەو دێیانە هەشت\یەکی کیسەیەکیان پێ بدات، هێشتا هەر ناگاتە نیوەی ئەو ناوانە لەبەر ئەوەی تەگەرە و قڕەقڕ دروست نەبێت لە ناو خەڵکەکەدا، نەبادا لەجیاتی چاکە بۆیان ببێت بە خراپە، بۆیە دەستی کرد بە دابەشکردنی بەسەر خۆیاندا هەر ماڵە دوو کیسە دوو کیسە. ئەوەی لێشیان مایەوە لە ناو ٢٧ دێی دەوروپشتیان دابەش کرد. بەشی هەر دێیێک لە کیلۆیەک زیاتر نەبوو.

ئاغای یاریدەری سەرۆک وای بە باش زانی کە هەر دێیە بەشی بۆ بخرێتە پاکەتێکی یەک کیلۆییەوە و بۆیان بنێرێت.

بە گەیشتنی پەینەکان بە دێهاتەکان. دێیەک کە پێش ئەوانی تر پێی گەیشتبوو، کوێخا کۆبوونەوەیەکی ڕێکخست، ئەو ڕۆژە لە بەردەمی مزگەوتی دێیەکەدا و چوو لەسەر کورسییەک ڕاوەستا و دەستی کرد بەم قسانە بۆ خەڵکەکە گوتی:

- ئەمڕۆ گەورەترین ڕۆژی ژیانی ئێمەیە، چونکە لەم ڕۆژە پیرۆزەدایە دووەمین بەرهەمی سیاسەتی نووسازی دێهاتەکانمان بەری گرتووە. ئەمڕۆ بەو هۆیە گەورەیەوە و بە گەیشتنی پەینی شیمائی، کە چەندەها وەختە بەتەمای بووین، ئەم کۆبونەوە و شاییە دەگێڕین.

بە خۆشییەوە پێتان ئەڵێم کە هەرچی گرفتاریمان هەیە لە سایەی ئەم پاکەتەوە هەمووی دەکەوێتە ئەو لاوە و بە هیچ جۆرێک نامێنێت.

مانگاکانمـــان ئەوەنـــدەی جـــاران شـــیریان ئەبێـــت و منـــداڵە خۆشەویستەکانمان لە نەخۆشی ڕزگار ئەبن.

کوێخـا دەسـتی بـرد بـۆ گیرفـانی کەوچکێکـی کـوپی دەستشـکاوی دەرهێنا و گوتی:

- ئەم دەرمـانە جـادووییە، بـۆ دەردەکانمـان دەرمـان و بـۆ بێخانووەکانمان خانوو و شیفای بۆ دەردی دڵانمانە. تکاتان لێ دەکەم دەسرەکانتان ئامادە بکەن و بە ڕێکییەک لە دوای یەک ڕیز بگرن.

کوێخا بەبێ جیاوازی و زۆر بە هەستێکی دڵسۆزانە دەستی کرد بە دابەشکردنی پەینەکە و هەریەکە کەوچکە کوپی خۆی بۆ خستە لکی دەسرەکەیەوە.

لە دوای ئەوەی کوێخـا لێبـووەوە، یەکێـک لە دێهاتەکـان پرسـی و گوتی:

- قوربان بەڵام ئەمە چۆن بەکار بهێنین؟

کوێخا تۆزێک ڕاوەستا و گوتی:

- وەڵڵا خۆ خۆیشم لەو بیرەدا بووم، بەڵام بیرم چوو بپرسم کە چۆن بەکار دەهێنرێت.

کوێخا هەردوو دەستی ڕاوەشاند و گوتی:

- لەبەر ئەوەی نازانین چۆن بەکار دێت، تکاتان لێ دەکەم هیچ کەسێکتان دەستی لێ نەدات تاوەکو چۆنێتی دەپرسم. ئەوسا پێتان ئەڵێم پێش نانی شێوان دەخورێت یان لە دواییدا.

## گرانترین تەختی نووستنی دونیا

هەموو ڕۆژەکانی ئەو ماڵەی کە خەریکی فرۆشتن و مەزادکردنی کەلوپەلیان بوون، پڕپڕ بووبوو لە خەڵکی کڕیار، لەو قەرەباڵغییەدا هاوڕێ و دۆستێکی زۆر نزیک و ئاشنام تووش هات. لە دوای سەلام و هەواڵپرسینێکی گەرمی یەکتری، بە خۆشییەوە پرسیم:

ـ تۆ چی ئەکەیت لێرە؟

پێکەنیی و بە شەوقەوە گوتی:

- ئەی تۆ چی ئەکەیت لێرە؟

- من هاتووم سەیری ئەم هەڕاجە بکەم، ئەگەر شتێکی هەرزان و باشم دەست کەوت بیکڕم.

- منیش هەروەها. دوو ساڵە لەوەتەی خانەنشین کراوم سەری خۆمم بەم هەڕاجانەوە قاڵ کردووە.

- چییە ئەڵێیت دوکانی ئەنتیک و کۆنەفرۆشیت کردووەتەوە؟

- نەخێر کاکە گیان دوکانم نەکردووەتەوە، بەڵام لە ماڵەکەمدا تەختی نووستنێکم هەیە یەجگار گرانبەهایە، خەڵکێکی زۆر بۆ کڕینی هەمیشە بە ڕێگەی ماڵەکەمەوەن، بەڵام هەرگیز نیازی فرۆشتنیم نییە.

- باشە تەختی نووستنی گرانبەها هەقی چییە بەسەر هاتنەکانتەوە بۆ شوێنی هەڕاجی؟

- لەبەر ئەوەی بزانم ئەتوانم هیچ تەختی نووستنێک بدۆزمەوە کە لەوەی من بچێت و هەرچەندە نایابیش بێت، بەهاکەی بکاتە بەهای ئەوەی من.

لە کاتێکدا کە سەرقاڵی ئەم قسەوباسانە بووین لەگەڵ هاوڕێکەم. هەراجی کەلوپەل دەستی پێ کرد. لە چەند دەقیقەیەکدا تاقمێکی زۆر جوان و ڕێکوپێکی ژووری نووستنەکەیان فرۆشت بە ١٢ هەزار لیرە. لە دوای فرۆشتنی ئەم تاقمە ڕووم کردە هاوڕێکەم و گوتم:

- باشە تۆ ئەڵێیت چی ئەم تاقمە بەو نرخە چۆن بوو لە لات؟

- خراپ نەبوو، بەڵام تەختی نووستنەکەی من چەند جار لەوە گرانترە.

بەبێ ئەوەی هیچ بکڕین، هەردووکمان هاتینە دەرەوە لە ماڵەکە و بەدەم ڕۆیشتنەوە هاوڕێکەم باسی ژیان و گوزەرانی خۆی بۆ کردم و گوتی:

- لەوەتەی خانەنشین کراوم، ژیانی خۆم و ماڵ و منداڵم ڕۆژبەڕۆژ سەختر بووە و تێکڕا بە کولەمەرگی ئەژین.

- باشە کاکە گیان ئەی بۆ ئەو تەختی نووستنە گرانە نافرۆشیت؟ بە پارەکەی تەگەرەکانت نەهێڵێت کە تۆ ئەو شتە نایابەت هەبێت چۆن وا خۆت داماو ئەکەیت و کەڵکی لێ وەرناگریت؟

هەرچەندە کە وا دەردەکەوێت ئامادە نەبم بیفرۆشم، بەڵام لە دڵدا حەز دەکەم ئەگەر بۆم بفرۆشرێت. لەگەڵ ئەوەشدا وا بزانم کەسی وا پەیدا نابێت کە قەدری ئەو تەختە بزانێت ئەو پارەیەشم پێ بدات کە بەتەمایم.

- وەکو بزانیت تەختی نووستنەکەت چەند ئەهێنێت؟

- ٤٥ هەزار لیرە.

- کەواتە بڵێ خەزنەی دەوڵەت لە دەستی تۆدایە و ئێمە ئاگامان لێ نییە.

- به لای کەمەوە ئەوەندەیە، حەز ئەکەیت با بچین بۆ ماڵی خۆمان سەیری بکە؟

- وەڵڵا هەزار جار، ئەگەر سەغڵەتان نەکەم.

لەگەڵ هاوڕێکەم کەوتینە ڕێ بەرەو ماڵی ئەوان.

خانووەکەی بریتی بوو لە یەک ژوور و یەک هۆڵ و یەک تەوالێت و حەمامێک،

هەرچەندە چاویشم گێڕا شتێکی ئەوتۆم نەدیت کە هەندێک بێتە بەرچاو.

لە هاوڕێکەمم پرسی و گوتم:

ـ دیارە تەختی نووستنەکەت لە شوێنێکی تر داناوە؟

هاوڕێکەم دەستی درێژ کرد گوتی:

ـ نەخێر کاکە گیان ئەمەیە کەبۆم باس کردیت.

سەرم سوڕما لەو پیاهەڵدان و قسانە، چونکە کە بینیم تەختی نووستنێکی ئاسنی کۆنی سواوی بێڕەنگ و ڕوو، خەڕەکەشکاوێک کە هەر بۆ فڕێدان باش بوو، ئەگەر بهاتایە بە خۆڕاییش بە کەسێکی بدایە نەیاندەویست. ویستم لە هەواڵەکە بە پەلە ئاگادار بم بۆیە بە پەرۆشەوە پرسیم و گوتم:

ـ ڕەنگە ئەم تەختی نووستنە زۆر کۆن و تاریخی بێت، ئاخۆ جێنووستنی چ پادشا و سوڵتانێکی کۆن بێت:

ـ نەخێر کاکە گیان وەڵڵا لە من و باوکم زیاتر کەسی دیکەی لەسەر نەنووستووە.

به سەر سوڕمانەوە گوتم:

- کەواتە بێگومان هەندێک شوێنی لە ئاڵتوون دروست کراوە.

- نەخێر ئەوەش نییە. لەبەر ئەوەی کەوا کەوتیتە مەراقەوە کەواتە باباسیت بۆ بکەم.

ـ ئەرێ وەڵڵا زۆر سوپاست ئەکەم بەڕاستی حەز ئەکەم.

هاوڕێکەم هەندێک کۆکی و خۆی گورج کردەوە و گوتی:

- باوکی خوا لێخۆشبووم حەزی ئەکرد ئیشی ئازاد بکەم، بەڵام من ئیش و کاری دەوڵەتیم پێ خۆش بوو. باوکم زۆری هەوڵ دا بەشکم وام لێ بکات ئیشی ئازاد بکەم، بەڵام سوودی نەبوو. لەبەر ئەوە بوو بە دەمەقالێ و قڕەقڕمان، نزیکەی دوو ساڵ قسەمان نەما لەگەڵ یەک.

دوای بەینێک لە زانکۆ دەرچووم و لە یەکێک لە دائیرەکانی دەوڵەت دامەزرام. لەبەر ئەوەی کەسێکی حیزبیی ملقەویم لە پشت نەبوو، هەڵیاندامە شاری قارس و لەوێ دامەزرام.

کە گەیشتمە ئەوێ خواخوام بوو دابمەزرێم. بە دڵنیایی هەندێک دانیشتم کەچی هەر دوای دوو مانگ باوکم نامەیەکی بە کوڵ و دڵی بۆ نووسیبووم، گوتی: ئەبێت بە پەلە بێیتە ئیستانبول بۆ لام. ناچار چەند ڕۆژێک وچانم وەرگرت و کەوتمە ڕێ بۆ لای باوکم. باوکم لە دوای هەندێک گلەیی و شکایەت گوتی: "گوێ مەدەرێ، منیش وەختی خۆی بە قسەی باوکم نەکرد بوومە کارمەندی دەوڵەت. تۆش گوێت نەدایە قسەی من و بووی بە کارمەند. ئێستا بۆیە بانگم کردیت کە ئاشتت بکەمەوە و ئەو میراتەی لە باوکمەوە بۆم ماوەتەوە بیدەم بە تۆ. بەڵام قەرزارم بیت ئەگەر بەوپەڕی وریاییەوە ئاگاداری نەبیت و وەسیەت بێت لێت تاوەکو هەیت وا سەیری بکەیت هەروەک ئاگاداری من ئەکەیت، ئەو میراتەش ئەم تەختی نووستنەیە کە من لەسەری ئەنووم. دوایی بۆت دەرئەکەوێت ئەمە چەند بەبەهایە.

هەر ئەوەشت پێ ئەڵێم ئەگەر منت خۆش ئەوێت، هەرگیز ئەم تەختی نووستنە نافرۆشیت و نایدەیت بە کەس، ئەگینا کە مردم گەردنت ئازاد ناکەم.

منیش بە هەموو دڵ و گیانم وەرامیم دایەوە و گوتم:

- بابە گیان دڵنیا بە و بڕوا بکە تاوەکو من بمێنم لەبەر ئەوەی یادگاریی تۆیە لە چاوم زیاتر ئاگاداری ئەبم.

تەختەکەم دا بە کۆڵی حەماڵێکدا و دوای خواحافیزی لەگەڵ باوکم لە یەک جیا بووینەوە.

هـاوڕێکەم پـێش ئەوەی دەسـت بکـات بە باسـی بەسـەرهاتەکەی خۆی و تەختەی نووستنەکەی باوکی، دەفتەرێکی بچووکی دەرهێنا و گوتی:

ـ هەمـوو حیسـابەکانم لەم دەفـتەرەدا نووسـیوە، ئەو ڕۆژە بـۆ گەیانـدنی تەختـی یادگـاری بە شـوێنەکەم، دوو لیـرە حەمـاڵی، ٤ لیـرە کـرێ ئۆتـومبێلم دا. ئەگەر بە چـاکی سـەیری بکەیـت تاریخەکەشـیم نووسیوە. ئەوەتا مارتی ١٩٣١.

لەبەر ئەوەی بەیانیی ئەو ڕۆژە ناچار بووم بە ڕێگەی دەریـادا لە "ترابـوزان"ەوە بـۆ قـارس بـڕۆم ٥,٧ لیـرەم دا بە کرێپـاس و ٥,١ بە حەماڵی ئەسکەلە، تاوەکو بیبات و بیخاتە عەمباری کەشتییەکەوە، ٥ لیرەش هەقی گواستنەوەی لە ئیستانبولەوە تاوەکو "ترابوزان".

مـاوەی بەینـی ترابـوزان-ئەرزەڕۆم ئەبـوو بە پـاس بـڕۆم، هەقـی هەڵگرتنی تەختەکە ٣ لیرەم دا، ١ لیرەش هەقی گەیاندنی بە ئێسـتگەی شـەمەنەفەر ٥,٢یـش هەقـی شـەمەندەفەر لە ئەرزەڕۆمەوە تـاوەکو قارس ئەویشیان لێسەندم.

بـێ ئەوەی لەبەر سـەرقاڵیی خـۆم بیـرم بکەوێـتەوە، ئەو تەخـتە نەفرەتییە دە ڕۆژە لە عەمباری ئێستگەی شەمەندەفەرەکە بەجێ ماوە، ناچـار لە هەقـی ئەو دە ڕۆژە ٥,٣ لیـرە بـدەم و ٣ لیـرەش تـاوەکو گەیاندمە ماڵەوە دام بە لێخوڕی ئۆتۆمبێل.

کاتێـک لە پەنـایەکی ژوورەکەم دانـا و دەسـتم کـرد بە حیسـاب و پارەژمـاردن، بـۆم ئاشـکرا بـوو تـاوەکو ئەم تەخـتە یادگـارییەم گەیاندووەتە ماڵەوە ٣٢ لیرەی تێچووە.

دوای سـێ-چـوار مانـگ، ڕۆژێـک لەگەڵ سـەرۆکدائیرەکان بـوو بە دەمەقاڵێمـان، ئەویـش یەکسـەر فەرمـانی ڕاگواسـتنمی دەرکـرد بـۆ شـارێکی تـر و تێکڕا دیسـان تەختی یادگاری ٥٤ لیـرەی تـری تێچـوو حەقی گواستنەوەی بۆ ئەو شارە.

هەر گەیشتم، سەیر ئەکەم کارمەندێکی تر هاتووەتە جێگەکەم، لەبەر ئەوە هەر زوو منیان ڕاگواستە شاری سیواس. شاری سیواس زۆر تەگەرەی تیا نەبوو، بەڵام دیسانەوە هەڵگرتن و بارکردن و بردنی تەختی یادگاری بەلایێکی زۆر گەورە بوو.

لەسەر ڕاسپاردەی هەندێک لە هاوڕێکانم تەختی یادگاریم دا بە شەریکێکی (بردن و ڕاگواستن) تاوەکو بۆم بهێنن بۆ شاری "سیواس"، بۆ ئەوەش ٥,٢ دا بەڵام لە دوای تەسلیمکردن بە شەریکەکە و نووسینی وەرگرتنی ڕەسید (وەصل) کابرای مودیر شەریکە ڕووی تێکردم و گوتی:

- بارب‌ەری شەریکەی ئێمە ناگاتە سیواس، ئەگەر واتناوێت تەختەکەت بەریتە شەریکێکی تر لە ئیستانبول، لەوێ شەریکەی وا هەیە کە ڕاستەوخۆ ئەچێتە سیواس و ئێمە بۆت ئەبەینە ئەوێ.

ناچار ڕازیبووم پرسیم:

ـ باشە ئێستا ئەبێت من چەند پارە بدەم؟

هەموی ئەکاتە ٤٠ لیرە. لێرەوە تاوەکو ئیستانبول ٢٥ لیرە و لە ئیستانبولەوە تاوەکو سیواس ١٥ لیرە.

کاتێک تەختی یادگاری گەیشتە سیواس، سێ پایەی مابوو. ناچار لە ئاسنگەرێکم پرسی کە سەیری کرد گوتی:

ـ هەرچەندە ئەم تەختە ئەوە ناهێنێت کە هیچی تیا سەرف بکەیت، بەڵام چونکە تۆ ئەڵێیت هەر ئەبێت چاک بکرێتەوە، من قسەم نییە.

ـ باشە چەندی تێ ئەچێت؟

ـ٢٠ لیرە.

ـ چی ئەفەرموویت؟

ـ گوتم ٢٠ لیرە.

ـ باشە بە چەند لێم ئەکڕیت؟

ـ٢ لیرە.

- ئاخر بابه گیان خەڵک هەندێک ویژدانیشی هەبێت چاکە. کاتێک تەختێک بە سێ قاچەوە بە ٢ لیرە ئەکڕیت ئەی چۆن یەک قاچی بۆ دروست ئەکەیت بە ٢٠ لیرە.

- وەڵڵا هەوەسی خۆتە حەز ئەکەیت دروستی ناکەم.

کە سەیرم کرد هەموو ڕێگەیەک بە ڕوومدا داخرا، بیرێکم کردەوە و لە دڵی خۆمدا گوتم: کوڕە دە قیروسیا، نۆش لەسەر دە بێت، چۆن دڵم دێت دەبا ئەو٢٠ لیرەیە قوربانی قاچێکی بکەم لەبەر خاتری قسەکەی باوکم و ئاخری هەقی قاچەکەم دا و هەقی هێنان و بردنیشی کردیە ١٠ ـ ١٥ لیرە تاوەکو گەیشتەوە ماڵەوە.

دوو ساڵی تەواو لە سیواس مامەوە، دوای دوو ساڵ یەکێک لە ئاشنا نزیکەکانمان بوو بە مودیر عام. لە ئیستانبول بۆیە یەکەم ئیشی ئەوە بوو نەیهێشت لەو شارە دورانە بمێنمەوە هەر زوو ڕایگواستم بۆ ئیستانبول، چاک بیرم دێت کە ئەم جارەش ٢٠ لیرەم دابوو بۆ گواستنەوەی تا ئیستانبول و ئەوەتا وەکو ئەیبینیت هەموویم لەم دەفتەرەدا نووسیوە.

لە ئیستانبول دوای سێ_چوار مانگ ژنم هێنا، وردەوردە ژیانم تۆزێک خۆشی و گەرموگوڕی تێکەوت و دوای ساڵێک مودیری گشتی ئاشنامان خانەنشین کرا.

مودیری گشتی تازە لەبەر ئەوەی زانی من سەر بە مودیری پێشووم و ڕەنگە باش نەبم بۆی. لەبەر ئەوە پێش هەموو شتێک فەرمانی ڕاگواستنمی دەرکرد بۆ "باردو".

ئەم جارەش هەقی گواستنەوەی ئەم تەختە یادگارییە ٤٠ لیرەی ترم ڕەق کردەوە .

گوزەرانمان لە باردو" ڕۆژبەڕۆژ باشتر بوو، ئیشەکەشم زۆر لەوێ بەدڵ بوو. تاوەکو وەزیرەکەمان هات سەری دائیرەکەمانی دا زۆر زۆری پێ خۆش بوو. نامەیەکی سوپاسگوزاریشی بۆ ناردم، بەڵام لە دوای ناردنی نامەکەی ئەویش وازی لە وەزارەت هێنا،

هەرچەند نامەی سوپاسگوزارییەکەم هیچ کەڵکێکی بۆ من نەبوو، هیچیشم لێ دەست نەکەوت، بگرە بۆم گەلێک خراپ بوو، چونکە وەزیری تازە دڵی لێ پیس کردم و وای زانی خزم و سەر بە وەزیری کۆنم، بۆیە منی ڕاگواست بۆ "سیرت" لەگەڵ ئەوەشدا کە من هیچ خراپەیەکم نەبوو، هیچ قسەیەکیشم لەسەر نەبوو، لەو نامە سوپاسگوزارییە زیاتر.

چوونمان بۆ سیرت کارێکی قورس نەبوو، بەتایبەتی کە ئەو کەلوپەلەی لە باردو کڕیبوومان هەموویمان بە نیوەقیمەت هەڕاج کرد. ژنەکەم پێی لێ کردمەوە و گوتی نابێت و ناکرێت و خوا یەکە و نابێت بە دوو، هەر ئەبێت تەختی یادگاری بفرۆشیت، بەڵام من ڕازی نەبووم. هەرچەند گوتی هیچمان نەما بە دەست ئەم تەختە خەڕەکەشکاوەوە، بەڵام هەر گوتم قەت نابێت ئەو کارە بکرێت، چونکە یادگاریی باوکمە و من قەول و بەڵێنم پێ داوە. ئەم جارەش ٣٤ لیرەی تێچوو، گواستنەوەکەی بۆ ژنهێنانەکەشم بە ١٥ لیرە بۆیەم کردبوو.

دوای٣ مانگ لە سیرت بووین، جارێکی تر ڕاگوێزرامەوە بۆ ئەنقەرە و دیسانەوە ئەو کەلوپەلەی لە سیرت کڕیبووم بە نیوەقیمەت هەڕاجمان کرد. لەگەڵ تەختی یادگاری کەوتینە ڕێ بەرەو ئەنقەرە.

دوای مانگێک وەزارەت هەڵوەشایەوە و منیان بە گوناهی ئەوەی وەزارەتی پێشوو پلەی کارەکەمی بەرز کردەوە لەبەر ئەوە منیان ڕاگواستە موشا.

دوای چوونم بۆ موشا، دەستم کرد بە هانابردنە بەر ئەم و ئەو و دەستم کرد بە نامەناردن و پاڕانەوە و دوای ١٥ مانگ منیان ڕاگواستە مەرسین.

ژنەکەم ئەم جارە کردی بە هەرا و گوتی ئەگەر چی بووە ئەم پارچە ئاسنە کۆنە ڕزیوە ئەبێت بفرۆشیت و یاخود فڕێی بدەیت.

بەڵام من ڕازی نەبووم. ژنەکەم قیژاندی و بە ناڕەحەتییەوە گوتی:

ـ تۆ لە ٢ ـ ٣ هەزار لیرەت زیاتر لە خەرەکەشکاوەکەت تا ئێستا سەرف کردووە. ئەو ڕۆژە پیشانی کۆنە فرۆشم دا گوتی لە ٥ لیرە زیاتری پێ نادەم.

ــ وەڵــڵا خــۆ قســەی تــۆیە، بەڵام ئەمە یادگــاریی بــاوکی خــوا لێخۆشبووی منە و ناتوانم هیچی لێ بکەم، چونکە بەڵێنم پێ داوە.

٥,٢ دوو ساڵ و نیو لە مێرسین ماینەوە، دوای ئەوە گڕیان خستە ژێرم کە گوایە لە چایخانە لەگەڵ ئەندامێکی حیزبەکەی دژی حکومەت تاوڵە و دۆمینەم کردووە، لەبەر ئەوە دیسان ڕایانگواستمە کۆنیا.

ژنەکەم کاتی ماڵ بارکردن کێشای بە خۆی و گوتی:

ـ ئاخ تاوەکو ئەم تەختە یادگارییە دوا بڕاوە لە ماڵەکەماندا بێت، هیچ کات ئێمە خێرمان تووش نابێت. ئاو بە ڕەحەتی لە گەروومانـدا ناچێتە خوارەوە. ئاخر بۆ خاتری خوا کەسێک نییە بەم پیاوە بڵێت ئاوت نەبوو، نانت نەبوو، میرات قبووڵکردنت چ بوو؟ ئاخر تو خوا خەڵـک بەمە ئەڵێت یادگاری؟ هەمـوو سـاڵێک ئـێمە ئەبێت لە دەمـی خۆمـان بگـرینەوە و بیـدەین بە بـارکردن و گواسـتنەوەی ئەم تەخـتە ڕەزاگرانە ڕزیوەوە.

ئەگەرچی هەقی ژنەکەم بوو، بەڵام من نەمدتوانی بە هـیچ جۆرێک وەســیەتەکەی بــاوکم بشــکێنم، کە هەر دوای بەخشــینی بە مــن بە مانگێک ئەمری خوای کردبوو.

تەختـی یادگـاری بـوو بە تەوق و چـووە گەردنمـان، نەمانـدەتوانی فڕێی بدەین و نەماندەتوانی بیدەین بە کەس و یان بیفرۆشین.

دوای گەیشـتنمان بە کۆنیـا، ژنەکەم نەخـۆش کەوت، بە ئەنـدازەێک کە هەر دەستم لێ شت. دکتۆرەکـان گوتیـان ئـاووهەوای ئەم شـارەی پـێ ناکەوێت. ڕاپـۆرتی دکتـۆرم پیشـانی کاربەدەسـتان دا لەبەر ئەوە هەر زوو ڕایانگواسـتمە دیـاربەکر. ئەم جـارە ئـاووهەوای دیـاربەکر بە خۆم نەکەوت و نەخۆش کەوتم. ناچار دیسان ئەوێمـان بەجێ هێشـت

و ڕاگوازراین بۆ بورسا. بە درێژایی ئەم ڕاگواستن و هاتوچۆیانە تەختی یادگاری لەگەڵمان بوو، هەر پارەمان لەسەری دادەنا.

کە ڕۆژێک سەیرم کرد تەختی یادگاری لە ماڵەکەمان نەماوە. دوای پرس و پرسیار و لێکۆڵینەوە بۆم ئاشکرا بوو کە ژنەکەم داویتی بە کۆنە ئاسنکڕێک بە ٤ لیرە. شێت بووم و کەوتمە شوێنی تاوەکو کۆنەکڕم دۆزییەوە. ئەویش گوتی:

- وەڵڵا منیش فرۆشتوومە بە کۆنەکڕێکی تر بە ١٠ لیرە، هەرچۆنێک بێت خۆم گەیاندە کۆنەکڕەکەی تریش و بە پەرۆشەوە هەواڵی تەختەکەم پرسی و گوتم ئامادەم ٢٠ لیرەت بدەمێ تەنیا بمدەیتەوە. کۆنەکڕ کە دیی وا شپرزەم گوتی:

- نە بە ٢٠ لیرە نایدەم.

- باشە بە ٣٠ لیرە.

- نایدەم

- ٥٠ لیرە.

- نایدەم.

کۆنەکڕ وا هاتە خەیاڵی کە ئەمە ئەبێت شتێکی زۆر ئەنتیکە بێت، ئاخۆ لە پاشماوەی زەمانی چ پادشا و سوڵتانێکە. بۆیە گوتی:

- هەر نایدەم، ئەگەرچی تازە کڕیومە و هیی خۆمە.

دوای ئەوەی سەرم کرد بە کۆشی چەند ناسیاو و پیاوماقوڵی شارەکەدا، کە ئەوان بچن خەریک بن بەشکم بە فێڵ بیکڕنەوە بۆم لە کۆنەکڕەکە. بۆیان کڕیمەوە بە ٢٥ لیرە و بردمەوە لەگەڵ خۆم بۆ ماڵەوە.

ژنەکەم گوتی:

- یان من لەم ماڵە ئەبم یان ئەم تەختە؟

ـ گیانە شیرینەکەم، ئەم قسە ناخۆشانە چییە؟ ئێمە چەندە بە خۆشی لەگەڵ یەک ئەژین و یەکترمان خۆش ئەوێت، دوو منداڵمان هەیە چ قسەیەکی بێمەعنایە ئەیکەیت؟

- نەخێر ئەمە دوا قسەمە.

- ئاخر چۆن وا ئەڵێیت، ئەم تەختە.....

قسەکەمی بڕی و گوتی:

- هەر ئێستا تەڵاقم ئەدەیت و بڕۆ لەگەڵ تەختی یادگارییەکەت ژیانێکی تازە دەست پێ بکەرەوە.

ژنەکەم منداڵەکانی هەڵگرت و ڕۆیشتەوە ماڵی باوکی و بە هیچ جۆرێک ڕازی نەبوو بێتەوە. ناچار بە دڵێکی گوشراوەوە دوای ماوەیەک تەڵاقم دا من و تەختە یادگارییەکەمماینەوە.

هاوڕێکەم هەناسەیەکی هەڵڕشت و دەستی بەسەر لوولە و قەراغەکانی تەختەکەیدا هێنا و گوتی:

- ئەوەتە تاوەکو ئەمڕۆ ١٨ هەزار و ٥٠٠ لیرەم تیا خەرج کردووە، ئەگەر حیسابی پێش منیش بکەیت، کاتی باوکوباپیرم هەر بەتەواوی لە ٣٥ هەزار لیرە زیاتر ئەکات و ئەوەتە لای کەسیش ١٠ لیرەش ناهێنێت.

بە نارەحەتییەوە گوتم:

- هیچ نەبێت ئێستا ئیتر فڕێی بدە و خۆت ڕزگار بکە لە دەستی. تاوەکو ئێرە و تا ئەم تەمەنە هێناوتە.

- چۆن ئەتوانم فڕێی بدەم. ئەمە تازە لەگەڵ ژیانمە، مەگەر کە مردم لێم جیا ببێتەوە. کوڕەکەم تازە دامەزراوە و ئیشێکی دەوڵەتی چاکی دەست کەوتووە. ئەگەرچی بە دڵم نییە و حەزم ئەکرد ئەگەر بکرایە ئیشێکی تری بکردایە، بەڵام چار نییە، چونکە ئەو وای پێ خۆشە. منیش نیازم هەیە لە پاشان بانگی ئەم تەختە یادگارییەی بدەمێ پاراستنی ئەم یادگارییە بەو بسپێرم و بیدەمە ئەو.

## سمفۆنی بەندی پێڵاو

حوکمـــــدراوە لاوەزەکە کـــــورتەبنەیەکی لە ژووری ژمـــــارە ٤ی زیندانییەکەدا وەک گونێیەکی بەتاڵ چووبوو بەناو یەکدا.

لەگەڵ ئەوەشدا کە زیندانی ژووری ژمارە ٤ سێ ڕۆژ بوو لێوی بەر خواردن نەکەوتبوو، ئەگەر چی لەو ڕووەوە هەستی بە نارەحەتی نەدەکرد، بەڵام ئەوەی ئەوی دڵتەنگ دەکرد تەنیایی بوو. ئەو تەنیاییە یەکجار سەغلەت و خەمباری کردبوو، درێژیی ژووری ژمارە چوار سێ بە دوو پانی و درێژی بوو، بەرزییشی مەترێک و نیو بوو.

ژووری ژمارە چوار پەنجەرەی نەبوو.

ژووری ژمارە چوار ڕووناکی نەبوو.

کاتل مەحکومی لاواز ورد ئەندامیان بۆ ئەو ژوورە برد. پشتێن، سـەعاتی دەست، زنجیرێک کە چەند کلیلی پێوە بوو و قەیتانی پێڵاوەکانی ئەمانەیان هەمووی لێ وەرگرتەوە، چونکە دەترسان نەوەکو هەوڵ بدات بە پشتێنەکە خۆی هەڵبواسێت و بە قەیتانەکە خۆی بخنکێنێت.

تاوەکو ئەو دوو دەرزییە سەرخڕەی بە پشت یەخەی چاکەتەکەوە بوو ئەویشیان لێ سەند لەگەڵ قەڵەمپاندانەکەی.

لەبەر ئەوەی نەوەکـو ئەو شـتە نـووکتیژانە بکـات بە شـوێنێکی خۆیان بە نیازی خۆکوشتن، چونکە زۆر بە تەنگ ئەوەوە بوون ئەو زیندانییە بە زندوویی بمێنێتەوە.

زینـدانی لاوازی وردئەنـدامی ژووری ژمـارە چـوار، لەبەر تـاریکیی ژوورەکە نەیدەزانی بەتەواوی شەوە یان ڕۆژ و لە ٣ سێ ڕۆژ لەوەو پێشـەوە کە هێنابوویـانە ئەوێ ئەم مەسـەلەیە سـەری لـێ شـێواندبوو، نەیدەتوانی ئەم نهێنییە ئاشکرا بکات کە ئایە ئێستا شەوە یان ڕۆژ.

دەموچـاو و سـەروسـەکوتی هەمـووی تـۆزاوی بـوو، دەتگـوت لە خۆڵ هەڵکێشرابوو.

ژووری ژمارە چوار دەرگایەکی بچووکی تۆکمەی هەبوو، کە هیچ درز و کەلێنێکی تیا نەبوو.

پاسـەوانی ژوورەکەش دەقـیقە بە دەقـیقە تیلماسـکە تەخـتەکەی بە دەرگاکەوە دەجووڵاندەوە و چاوێکی پێوە دەنا و دەیویست بزانێت کە زیندانەکە ماوە و نەمردووە. دوای ئەوەی دڵنیا دەبوو لەوی کە مـاوە، بە قایمی شەقەیێکی ناخۆشی لەو تیلماسکەوە دەهێنا و دایدەخستەوە.

زینـدانی لاواز لە سـەرماندا خـۆی خسـتبووە نـاو یەکەوە وا خـۆی گرمـۆڵە کردبـوو. و هەر پێچـی بە خۆیـدا دەدا. بەو حـاڵەش بیـری لە پشیلەکەی دەکردەوە کە وا بە تەنیا لە ماڵەوە بەجێی هێشتووە.

زیندانی لاوازی وردئەندامی ژووری ژمارە چوار، بیـری دەکـردەوە و دەیویسـت چـارەیەک بۆ ئەو مەسـەلەیە بدۆزێتەوە کە لەپڕ دیسـان زیقە و شـەقەی تیلماسـکە تەخـتەکەی پاسـەوانەکە دەهـاتەوە و لەوێـوە سـەیری دەکرد و دەیویست بزانێت لە چیایە.

ئەم کردنەوە و داخستنەی ئەو پەنجەرە تیلماسکە بچووکە سـەری لـێ دەشـێواند بیـر و تەگبیرەکـانی پەرش و بـڵاو دەکـردەوە و نەیدەهێشـت بە چـاکی بیـری لەسـەر شـتێک بگیرسـێتەوە، بەشـکم چارەیەک بۆ ڕزگاربوونی پشیلەکە بدۆزیایەتەوە.

هەروەها زیندانی لاواز بیری لە گوڵدانەکانیش دەکردەوە، کە ئێستا ڕەنگە وشک بووبن لە بێئاویدا، دەیویست بۆ ئەوانەش چارەیەک بدۆزێتەوە کە لەپڕ دیسان شەریغە و زیقە و شەقەی پەنجەرە بچووکەکە هات و خەیاڵی زیندانی پەرش و بڵاو کردەوە. لە دوای داخستن دیسان زیندانی لاواز دەکەوتەوە بیرکردنەوە و خەیاڵلێدان. جاری وا هەبوو خەیاڵی لە شاری پاریس دەدا کە قەتیش نەیدیبوو، بەڵام کابرای پاسەوان نەیهێشت هیچ خەیاڵێکی لای خۆی بمێنێت، ئەوەندە سەری دەکردە سەر بەو دەنگە ناخۆشانەی کە بە داخستن و کردنەوەی پەنجەرە بچووکەکە بۆی دروست دەکرد.

لەو کاتەدا زیندانی لاواز گوێی لە خرتەی کلیلی دەرگاکەی بوو.

دوای ئەوەش ڕووناکییەکی کزی گلۆپێکی ١٠ ڤۆڵت داگیرسا لە ژوورەکەیدا، کە دەوروبەری هەمووی بە تاڵە جاڵجاڵۆکە گیرابوو، ئەوەندەی تر کزتری کردبوو. زیندانی لاواز لە چراداگیرساندنەکە هێشتا حەپەسابوو و نەکەوتبوە خۆی. کە دەرگای ژوورەکەش کرایەوە و پۆلیسێکی ئەمن خۆی کردی بە ژووردا، دەرگا داخرایەوە و زیندانی لاواز لە جێی خۆی ڕاپەڕیی و هەستایە سەرپێ، ئەمنەکە زۆرە زەلامێکی چوارشانە و بەهێز بوو.

تا بەینێک هەردووکیان چاویان بڕیە یەک بەبێ قسە. زەلامە چوارشانەکە دەستی کرد بە کۆکین و چاک و چۆنی و چوار جار کۆکیی، زیندانی لاوازیش دوابەدوای ئەو ئەویش کۆکیی، بەڵام کۆکەی ئەم زۆر قایمتر بوو. کابرای ئەمن جارێکی تر کۆکیی، زیندانی لاواز بۆی سەندەوە و کۆکیی، هەروەک ئەوە بوو کە وەرامی بداتەوە، کابرای ئەمن بۆ جاری سێیەم کۆکیی، زیندانی لاواز دیسان وەرامی دایەوە زۆر بە قایمتر.

ئەم جارە ئەمنەکە دەنگی زۆر بەرز کردەوە و زۆر بە قایمی کۆکیی، بە ئەندازەیەک کە زیندانی لاواز ئیتر بەربەرەکانێی پێ نەکرا و بێدەنگ بوو.

جارێکی تر بە چاکی چاویان بڕیە یەک. زیندانی لاواز وای هەست کرد کە کابرای ئەمن زۆر بە ناشرینی چاوی تێبڕیوە و سەیری ئەکات لەبەر ئەوە ئەویش سەری کز کرد و ئیتر سەیری نەکردەوە.

کابرای ئەمن لە دوای ئەوەی چەند جارێک بە دەوری خۆیدا سوڕایەوە، چونکە ژوورەکە زۆر بچووک بوو نەیەتوانی پیاسەی تیا بکات، بۆیە هەر لە شوێنەکەی خۆی وردە هەنگاوی هەڵدەهێنا. ئەمنەکە ڕووی کردە زیندانی لاواز و گوتی:

- سەلام ئاغا.
- سەلام قوربان.

ئەمنەکە بە دەنگێکی هێمن گوتی:

- ناوت چییە؟
- موتیرا.
- چی ئەڵێیت؟
- قوربان ئەڵێم ناوم موتیرایە.

ئەمنەکە بە دەنگێکی بەرز گوتی:

- چیت گوت؟
- موتیرا.

چەند دەقیقەیەک پڕ هەراسانی لەبەینی ئەو دوانەدا تێپەڕیی. دوایی ئەمنەکە هەردوو دەستی خستە سەر سەری خۆی و ڕووی کردە زیندانی لاواز و زۆر دڵسۆزانە گوتی:

- من یەک هەفتەیە بوومەتە پۆلیس و یەکەمین ئیشی دەستپێکردنم هاتنە لای تۆیە.

کابرای پۆلیسی ئەمن وا قسەی دەکرد دەتگوت لەگەڵ هاوڕێییەکی زۆر نزیکی قسە دەکات.

- بە منیان گوتووە تۆ هێشتا وەرامی هیچ پرسیارێکت نەداونەتەوە و ئەوە من هاتووم و زۆر تکات لێ ئەکەم کە پرسیارەکانم وەرام بدەیتەوە. ئایا وەرامی پرسیارەکانم ئەدەیتەوە؟

هەردووکیان بێدەنگ بوون. ئەمنەکە گوتی:

- ئەبێت ڕابردووی خۆتم بۆ باس بکەیت. ناوت چییە؟

- موتیرا

- ئاغای موتیرا ئەبێت قسە بکەیت. ئەگەر وەرامی پرسیارەکانم نەدەیتەوە، وا بزانم ئیشێکی باش دەربارەم ناکەیت. بێگومان چاک من ناناسیت و تێمناگەیت.

- تکات لێ ئەکەم من بناسە و قسە بکە، ناچارم مەکە بتهێنمە قسە.

زیندانی لاواز هەر دەمی نەکردەوە.

- پاڕانەوەم قبووڵ بکە و ناچارم مەکە بەزۆر بتهێنمە قسە، ئاغا بەڕاستی ناوت چ بوو.

- موتیرا.

ئاغای موتیرا بە پاڕانەوەوە:

- تکات لێ ئەکەم قسە بکە. ئەسڵەن تۆ ناناسم و ئەمە یەکەم جارە تۆ ببینم، هەروەها تۆش یەکەم جارە من ببینیت. ئێستا فەرمانم پێ کراوە لە کاتێکدا ئەگەر وەرامی پرسیارەکان نەدەیتەوە، ئەبێت لێت بدەم، منیش ناتوانم کەسێک نەناسم لێی بدەم.

پۆلیسەکە چەند هەنگاوێک چووە دواوە و گوتی:

- من لە ژیانمدا جوێنم بە کەس نەداوە و لە کەسیشم نەداوە، چونکە دڵێکی زۆر بەڕەحمم هەیە، تاوەکو ئێستا لە منداڵەکانیشم نەداوە.

هەنگاوێکی تر چووە دواوە. زیندانی لاواز و سەرتاپاخۆڵاوییش دوو هەنگاو لێی چووە پێشەوە. پۆلیسی ئەمنەکە گوتی:

- چاوت لێیەتی، تۆ ئامادە نیت هیچ یارمەتییەکم بدەیت. ئەگەر قسە نەکەیت حەتمەن لە ئیش دەرمئەکەن، ئاغا ... بەڕاستی ناوت چییە؟

- موتیرا.

- ئاغای موتیرا، خۆیشت زۆر چاک ئەزانیت ئەگەر لە ئیش دەرمبکەن، جارێکی تر بێئیش و کار ئەمێنم و ژیانم تاڵ ئەبێت، منداڵەکانم بەچی بەخێو بکەم؟

کابرای ئەمن هەنگاوێکی تر ویستی بچێتە دواوە، بەڵام ماوەی نەبوو، گەیشتە دیوارەکە، لەبەر ئەوە دوو هەنگاو هاتە پێشەوە تاوەکو گەیشتە ڕووبەڕووی زیندانی لاواز. گوتی:

- ئایا ویژدانت قبووڵ ئەکات بە ژنێک و دوو منداڵەوە بێئیش بسوڕێمەوە ئاغا ... بەڕاستی ناوت چی بوو؟

- موتیرا.

- بڕوا بکە من دوو منداڵم هەیە و هیچ شتێک بۆ کەسێکی خاوەنماڵ و منداڵ ناخۆشتر نییە لەوەی لە یەکێکی نەدیو و نەناس بدات.

کابرای ئەمن کە نەیتوانی زیندانی لاواز بهێنێتە قسە، هەر لە شوێنی خۆی بە چوارمشقی دانیشت و گوتی:

- ئەگەر ڕاستت بوێت من تۆم لە پێشیشەوە بناسیایە هەر نەمدەتوانی لێت بدەم، چونکە من تاوەکو ئێستا لە کەسم نەداوە، هەرچەندە بێجگە لە دایک و باوکم و خزمەکانم لێدانی چاکیشم خواردووە، بە دەست بێگانە ئاغای ... بەڕاست دیسان لێم تێکچوو.

- موتیرا.

- ئاغای موتیرا، خوا ئاگای لێیە کە چەند هیلاک و ماندوو بووم تاوەکو ئەم ئیشەم دەست کەوتووە. ئەگەر باسی نەگبەتی و دەربەدەریی خۆمت بۆ بگێڕمەوە، لەوانەیە دەست بکەیت بە گریان بۆم. هەروەکو پێت ئەڵێم ئەمە یەکەم ئیشە ئەگەر بە سەرکەوتوویی ئەم ئیشەی تۆیان بۆ جێبەجێ نەکەم، لە سەداسەد دەستبەجێ دەرئەکرێم. تکات لێ ئەکەم مەبە هۆی بەدبەختیی من.

ئەمنەکە هەر وا چوارمشقی لە شوێنی خۆی دانیشتبوو، چەند کۆکەیەکی کرد، زیندانیی لاوازیش کە لە ژوور سەری ڕاوەستابوو، بە توندی وەرامی کۆکەکانی دایەوە و چەند جارێک خۆی کۆکاند.

هەرچەندە ئەمنەکە کۆکەکانی هێمن دەکردەوە و دەنگی نزمتر دەکرد، زیندانی کۆکەکانی خۆی توندتر و بەرزتر دەکردەوە. تاوەکو وای لێ هات ئەمنەکە نارەحەت بوو، هەستایە سەرپێ و گوتی:

- تۆ هیچ هەقت نییە بە کۆکەکانت ئەشکەنجە و ئەزیەتم بدەیت ئاغای.....

- موتیرا.

- ئاغای موتیرا دەستم دامێنت قسە بکە. من لەو خەڵکانە نیم کە لە خەڵک ئەدەن. تکات لێ ئەکەم، دەستت ماچ ئەکەم، ناچارم مەکە لێت بدەم و قسە بکە.

ئەمنەکە هەندێک بێدەنگ بوو، دوایی گوتی:

- من ئێستا بە چاکی ئەتناسم. ئەگەر من لەجیاتی تۆ بوومایە لە خۆمم ئەپرسی: ئایا من لە پێش لێداندا قسەم نەکرد، ئێستا حەز ئەکەم بۆ چاوتروکانێک خۆت بخەیتە جێگەی من، ئایا ئەگەر پۆلیس بوویتایە و تۆیان لە ئیشەکەت دەربکردایە و منداڵەکانت بەبێ نان بمانایە؟ منیان ڕاسپاردووە کە لێت بدەم و جوێنت پێ بدەم، دەم و ددانت پڕ بکەم لە خوێن، بەڵام من ئەم ئیشەم پێ ناکرێت و ناتوانم وات لێ بکەم، لەبەر ئەوە مەعز بۆ خوا قسە بکە.

کابرای ئەمن چونکە هیچ وەرامێکی دەست نەکەوت، دەستی دا بەیەکدا و سەری بەرز کردەوە و گوتی:

- خوای گەورە، تۆ گەورەیت، بەسە، تۆزێک ئازایەتیم بدەرێ و هەندێک دڵم بەهێز بکە کە بتوانم لەم کابرایە بدەم.

کابرای ئەمن ڕووی کردە زیندانییەکە و گوتی:

- ئێستا قسە ناکەیت شتێک بکە، کە نارەحەت و تووڕە بم بەشکم بتوانم تۆزێک تێت هەڵبدەم ئاغای ..... بەڕاست دیسان ناوەکەتم لە بیر چوو.

- موتیرا.

- ئاغـای مـوتیرا تکـای ئەرز و ئاسـمانت لـێ ئەکەم وا بـکە، بەشکم تـووڕە بـم و دەسـەڵاتم بەسـەر خۆمـدا نەمێنێت هەندێک لێت بدەم.

کـابرای ئەمـن مـاوەیەک دەسـتی کـرد بە پـاڕانەوە و خـۆی خسـتە سەر دەست و قاچی زیندانییەکە و گوتی:

- قسە بکە، قسە ناکەیت تورەم بکە.

بەڵام هەر سوودی نەبوو، لەبەر ئەوە ڕاپەڕیی و هەستایە سەرپێ و گوتی: –

– کەواتە ئێستا هەقم ئەدەیتێ کە ناچار بم و لێت بدەم.

کابرای ئەمن دیسانەوە کەوتە پاڕانەوە و لەسەرخۆ گوتی:

- ئەمەوێت لەبەر دەمتدا پێ لەوە بنێم ئەگەر لەم چەند ڕۆژی ڕابـردووە، ئەم ئیشـی پۆلیسـییەم دەسـت نەکەوتـایە ئێسـتا دزێـک ئەبـووم. ئایـا حەز ئەکەیـت و پێـت خۆشـە گـوێ لە حەکـایەتی ژیـانم بگریت؟

لە کاتێکـدا کە هەردووکیـان چوارمشـقی لەسـەر ئەرزی ژوورەکە دانیشتبوون، ئەمنەکە دەستی کرد بە قسەگێڕانەوە و گوتی:

- من لە ژیانمدا تووشی چەندەها بەدبەختی بووم و موسیبەتی بێژمارەیشـم تـووش هـاتووە، ئاغـای ... بەڕاسـتی ببـوورە دیسـان ناوەکەتم بۆ نەهات...

- موتیرا.

- ئاغای موتیرا ئەمەوێت شتێکت پێ بڵێم، بەڵام تـو خـوا بەینـی خۆمان بێت، ئایا تۆ ئەوە ئەزانیت کە لەوەو پێش زۆر لێدانی پۆلیسـم خـواردووە؟ تـاوەکو جارێـک لە مەخـفەری پۆلیس ئەوەنـدەیان لـێ دام کە لە هـۆش خـۆم چـووم. دوای ئەوەی هـاتمەوە هـۆش خـۆم، داوای لێبوردنیـان لـێ کـردم، چـونکە بۆیـان دەرکەوت کە بە سـەهوو منیـان گرتبوو، بەڵام من بێگوناه نەبووم و ڕاستیم لێ شاردبوونەوە.

- تۆش ئێستا شتێکی درۆ بڵێ و لەبەر ئەوەی درۆت لەگەڵ کردووم، بەشکم بتوانم هەندێک لێت بدەم.

هەردوکیان نەختێک بێدەنگ بوون.

- من وەختی زۆرم نییە بۆ قسەدەرهێنان لە تۆ، چونکە ڕێی تێئەچێت بەوەی کە نەرم بووم لەگەڵت، هەر یەکسەر دەرم بکەن، بەڵام ئەمەوێت ئەوە بزانیت کە لەمەو دوا تۆش هەر بەدبەختییەکی بۆم، ئۆباڵم ئەکەوێتە ئەستۆی تۆ.

کابرای ئەمن تاقەتی چوو، ڕاپەڕیی و دەستی دایە پشتەملی زیندانی و وەک گوێنیی بەتاڵ لەسەر ئەرز بەرزی کردەوە و گوتی:

- ڕەنگە تۆ لەبەر ئەوەی بێگوناهیت ئامادە نەبیت قسە بکەیت، بەڵام چونکە من پۆلیسم ناچارم لێت بدەم. لەبەر ئەوە جارێکی تریش تکات لێ ئەکەم کە کارێک بکەیت بەشکم تووڕەم بکەیت، ئایا ناتەوێت یارمەتیم بدەیت، لەبەر منت نەبێت لەبەر خاتری منداڵەکانمت بێت.

کابرای ئەمن بەگوڕ هەردوو دەستی بەرز کردەوە و چەند جارێک هێنای و بردی گوایە بیکێشێت بە سەر و ملی زیندانییەکەدا، بەڵام هەر گورج دەستەکانی بە ئەسپایی هێنایەوە خوارەوە. ئەم جارە کابرا هەردوو دەستی بە ئەسپایی و دڵسۆزانە خستە سەر شانی زیندانییەکە و گوتی:

- ئێستا تۆ قسە ناکەیت، منیش ناتوانم لێت بدەم، کەواتە من وا ئەکەم کە وا بە سەختی لێت ئەدەم، تۆش بە درۆ هاوار بکە. هاوارێک کە بگاتە گوێی هەموویان ئاغای... ئۆف ناوەکەتم بۆ نایەت.

- موتیرا.

- باشە ئاغای موتیرا، هیوادارم بەم تەگبیرە ڕازی بوبیت. ئێستا تۆ هاوار بکە منیش بەم دارە لە دار و لە دیوار و دەرگاکە ئەدەم. یا الله با دەست پێ بکەین.

دیسان هەر بێدەنگ بوو، زیندانی بە قسەی نەکرد.

- کەواتە تۆ ناتەوێت هاوکاریم بکەیت. هەر ئەتەوێت ماڵم کاول بکەیت. من ئامادەم لەجیاتی تۆ هاوار بکەم بەڵام ئەترسم دەنگم بناسنەوە و دوای دەرم بکەن تکات لێ ئەکەم مەبە بە هۆی نانبڕینم.

بەڵام هەر کابرا هیچ وەرامێکی لە زیندانی وەرنەگرت. ئەم جارە ئەمنەکە یەک مستی قایمی پیا کێشا و یەکسەر دای بە ئەرزا، بەڵام هەر زوو پەشیمان بووەوە. یەک-دوو هەنگاو بە دەوریدا هات و چوو، ئەم جارە ئانیشکێکی پیا کێشا و هەڵیدایە سەر ئەرزەکە و گوتی:

- ئاخر دە تۆش شتێکم بۆ بکە و هەندێک تورەم بکە. ئەمنەکە سەیری کرد قەیتانی پێڵاوەکەی خۆی کراوەتەوە، دانەویەوە کە ببیەستێت، کەچی قەیتانەکەی لە ناو دەستیدا پچڕا، دەستی برد بۆ لایەکەی تری و ڕایکێشا کەچی ئەویش هەر پچڕا بە دەستیەوە، ئەویش لەوە توورە بوو و گوتی:

- ئەمەیان بە هیچ جۆرێک تەحەمول ناکرێت، ئاخر کەسێک نییە بەو خاوەنکارخانە بێویژدانانە بڵێت، ئاخر بۆچی قەیتانی پێڵاوەکانتان ئەوەندە بێکەڵکن، وەڵڵا لە پێڵاوکڕین تاقەتم چوو، لێرەوە ئەیکڕم لەو لاوە لە کەڵک ئەکەوێت.

کابرای ئەمن وردە وردە توورە بوو، هەڵچوو و دەستی کرد بە جوێنی خاوەنکارخانەکانی دەستبڕ کە وا فێڵ لە خەڵک ئەکەن شتی خراپیان پێ ئەفرۆشن، کە وا هەموو شتێکی ئەم ڕۆژانە خراپ و فرتوفێڵە، ئەگەر قەیتانی قایم و باش بچنن و دروست بکەن، خەڵک ئەحەسێتەوە. ئەوە ئەم بێشەرەفییە و بێویژدانییە تاوەکو کەی! دە بەسە ئیتر.

کابرای ئەمن وا دەیشیڕاند، کە هەموو لەشی زیندانییەکە هەڵدەلەرزی و موچڕکی پیا دەهات. هەر دەیشیڕاند و دەیگوت:

- بێشــەرەفانەی بێغیرەتــانە، خائینــانی مــیللەت و وڵات. ئەمە چ پـێڵاو و قەیتـانێکە تـاوەکو خەڵـک ئەیەوێـت بیبەسـتێت، کەچـی سـەیر ئەکات پچڕا و بە کەڵک نەما.

دونیـا بە جارێـک لەبەرچـاوی پۆلیســەکە تاریـک بـوو، بە هەمـوو هێـزی شەقازلەیەکیشــی لە زینـدانییەکە دا. دوای ئەو زلەیە ســەیرێکی دەستی کرد و گوتی:

- ئۆخەی کەواتە ئەتوانم لە خەڵک بدەم یاڕەبی شکور کە ئەو توانایەت دامێ.

پۆلیسی ئەمن لە دوای ئەو قسەیە بەر بووە سەر کابرای زینـدانیی لاوازی وردئەنــدام، بە شـــەق و زلە و چەپـــۆک و بەدەم لێـــدان و شەقەکانیشەوە دەیگوت:

- خوایە شکور، ئاخری منیش توانیم لە خەڵک بدەم. خەڵکێک کە ئەسڵەن نایناسـم، نـازانم گونـاهی چییە و چیی کردووە، کەچـی وا بتوانم بیدەمە بەر شەق و زلە.

## مەرگی کارمەندێک

موحەممەد ئاغا کارمەندی چەند ساڵەی دەوڵەت، ئەوەتەی بووبوو بە کارمەنـد پـێش هەمـوو مەئموورەکـان بە ٤٥ دەقـیقە دەگەیشـتە دائیرەکەی.

ئەوەندە ورد و ڕێکوپێک بوو لە ماوەی ئەو هەموو ساڵە ڕۆژێک بۆ چەند سەعاتێکیش دوا نەکەوتبوو. ئەوەندە بە تەنگ ئیشەکەیەوە بوو ئەوەندە گوێی دەدایە دەستوور و نیزامی دەوڵەت، ئەو بەیانییەی موحەممەد ئاغا وەکو هەمیشە گەیشتە دائیرە و چووە ژوورەکەی و پالْتۆ کۆنە ڕەنگچووەکەی بە سنگەکەوە هەڵواسی و جانتا کۆنە ژاکاوە بێڕەنگەکەی لەسەر مێزەکەی دانا، خۆیشی بە سەروسەکوتێکی سیسی ماندوو چووە پشت مێزەکەی، خۆی بەردایە سەر کورسییەکەی، ئەو کورسییەی هەرچەندە موحەممەد ئاغا لەسەری دەجووڵایەوە جیڕەجیڕ و زیقەی دەگەیشتە ئەودیو دەرکی ژوورەکەی.

موحەممەد ئاغا دوای ئەوەی دانیشت، ئینجا دەستی کرد بە هەڵگرتن و دانانی فایل و کاغەزەکانی سەر مێزەکەی، هەروەها دەستیشی کرد بە کۆکین تاوەکو خوا ویستی و هێزی دابوو پێی بۆ خۆی تێر کۆکیی، لە پڕ موحەممەد ئاغا ڕاپەڕیی و بینیی ڕۆژنامەیەک

لەسەر مێزەکەیەتی ، کۆکەکانی ڕاگرت و بە پەرۆشەوە ڕۆژنامەکەی گرت بە دەسەوە، سەیرێکی کرد و لاپەڕەکانی هەڵدایەوە هەر زوو تێگەیشت ئەمە یەکێکە لەو ڕۆژنامانەی دژی دەوڵەتی وەک هەمیشە قسە بە دەوڵەت دەڵێت و هێرشی دەباتە سەر و خراپەکانی ئاشکرا دەکات، میللەتی لێ هان دەدات.

موحەممەد ئاغا سڕ و شپرزە بوو، وا لەرزیی لە ترسان، دەتگوت بۆمبێکی زۆر کوشندە و خەتەرناکی دۆزیوەتەوە لە ژوورەکە و هەر ئێستا دەتەقێتەوە و دەستبەجێش ئەو دەکوژێت، ئەوەندە ترسا و هەراسان بوو.

موحەممەد ئاغا هەستایە سەرپێ و لە پشت مێزەکەی هاتە دەرەوە و جارێکی تر چاوی بڕیە ڕۆژنامەکە کە لەسەر مێزەکەی بوو، بە چاکی سەیری کرد لە ڕاست و چەپ و سەر و ژێرەوە. بەڵێ ڕاستی کردووە، کەواتە بە سەهوو نەچووە ئەم ڕۆژنامەیە دژی دەوڵەتە!

موحەممەد ئاغا لە دڵی خۆیدا گوتی:

- هەبێت و نەبێت ئەمە دوژمنەکانی وایان کردووە و ئەوان ئەم ڕۆژنامەیەیان لەسەر مێزەکەیان داناوە.

چەند بەختی هەبوو کە پێش هەموو کەس هاتووە، ئەگینا لەوانە بوو پیشانی کارمەندەکانی تریان بدایە و بیانگوتایە:

- هاوڕێیان، بە جوانی و بە چاکی سەیری ئەم ڕۆژنامەی دژی دەوڵەتە بکەن کە لەسەر مێزی موحەممەد ئاغامان دۆزییەوە. ماشائەڵڵا ئەمە نیشتیمانپەرست و دیندارەکە بوو. حەیف تاوەکو ئێستا نەماننناسیبوو و چەند هەموومان لێ دڵنیا بووین و بڕوامان پێ ئەکرد.

موحەممەد ئاغا هەوڵی زۆری دەدا چاوەکانی بەسەر نووسینە گەورەکانی ڕۆژنامەکە گیر نەکات و حەزی نەدەکرد داخوازی و ڕەخنەکانی دژ بە دەوڵەت بزانێت چییە، بۆیە هەر زوو کەوتە

بیرکردنەوە بۆ لەناوبردنی ڕۆژنامەکە و بە پەلە و لە دڵی خۆیشیدا هەر بەوەدا دەگەیشت بڵێت: یا ڕەبی شکور کە کەسی دیکە چاوی بەم ڕۆژنامانە نەکەوت لەسەر مێزەکەی، ئەگینا ئەوسا بە چ مەعلوم ئەمنیشیان بە هەم بیروباوەڕی ئەو کەسانەیان نەدەزانی و خودا خۆیشی دەیزانێت کە دوایی چییان بەسەر دەهێنا. موحەممەد ئاغا بیری لەوە کردەوە ئەویش ئەو ڕۆژنامانە لەسەر مێزی یەکێک دابنێت، بەڵام دوایی بیری کەوتەوە نەوەکو دوای جێپەنجەکانی لەسەر ڕۆژنامەکە دەربکەوێت، وەختێک پێی بزانن ئەوە، چونکە هەموو کەس دەزانێت ئەو پێش هەموو کەس دێتە دائیرە. لەبەر ئەوە لەو بیرکردنەوەیە پەشیمان بووەوە و بیری چووە سەر شتێکی تر و گوتی: ئەڵێی چی بیدڕێنم و ورد وردی بکەمەوە و بیخەمە سەتڵی زبڵەکەوە؟

بەڵام هەر زوو ئەو تەگبیرەشی بەدڵ نەبوو و لە دڵی خۆیدا گوتی:

بێگومان ئەوساش هەر دەیدۆزنەوە و دەزانن کە یەکەمین کەس ئەو بووە کە هاتووەتە دائیرە و ئەوە یەکەمین کاغەزی دڕاندووە.

هەروەها موحەممەد ئاغا نەشیدەتوانی ڕۆژنامەکانی بخاتە جانتا دەستییەکەشیەوە، چونکە دەترسا ئەوسا هەر بەتەواوی تیا بچێت.

کەواتە لە هەمووی باشتر ئەوەیە ئەم ڕۆژنامە نەفرەتییانە بئاخنێتە یەکێک لە چەکمەجەکانی مێزەکەیەوە.

دوای ئەو بڕیارە، موحەممەد ئاغا سەرەتاتکێیەکی چاکی کرد و زۆر بە ورد و وریایی سەیرێکی دەوروبەری ژوورەکەی کرد تاوەکو چەند جارێکیش بەملا و ئەولادا هات و چوو، تاوەکو بەتەواوی دڵنیا بوو لەوە کە هیچ کەس هێشتا نەهاتووە. ئینجا چوو ڕۆژنامەکانی بە پەلە قەد کرد و پێچای و خستیە ناو چەکمەجەی مێزەکەیەوە. هێشتا چەکمەجەی دانەخستبوو کە هەستی کرد یەکێک بە ژوور سەریەوە ڕاوەستاوە و دەڵێت:

- موحەممەد ئاغا سەلام، لە چیاییت؟ خۆ شکور باشیت؟

موحەممەد ئاغا تۆزێکی مابوو هەر بەتەواوی ڕۆحی دەربچێت، لە ترساندا کە بینیی سەرۆکی دائیرەکە بە ژوور سەریەوەیە، ئەمە ئەوە چاک و چۆنیی لەگەڵ دەکات. ئەی هاوار ئەوە چۆن بوو ئاگای لێ نەبوو وەختێک هاتە ژوورەوە. ئاشکرایە ئەم ڕۆژنامە نەفرەتییانە سەریان لێ تێک داوە، ئەگینا ئەو لە سەروو ڕاڕەوەکەوە هەنگاوی سەرۆکدائیرە دەناسێت و جیای دەکاتەوە لە هانگاوی خەڵکی تر.

لە پاش وەرامدانەوەی سەلام و قسەوباسی سەرۆکەکە، موحەممەد ئاغا دەرکی چەکمەجەکەی داخست و هەردوو دەستی لەسەر مێزەکە دانا و خۆی چەماندەوە بەسەریدا هەروەک ئەوەی باوەشی پیا بکات.

سەرۆک دائیرە ژوورەکەی موحەممەد ئاغای بەجێ هێشت و چووە شوێنێکی تر، لەوە دەچوو سەرۆکەکە بیەوێت چاودێریی ڕێکوپێکی دائیرەکە بکات.

موحەممەد ئاغا کەوتە مەراقەوە و لە دڵی خۆیدا گوتی:

ـ هەبێت و نەبێت ئەمە سەرۆکەکە شتێکی لە بابەت منەوە بیستووە بۆیە وا بە ئەسپایی هاتە ژوورەکەم، ئەوە ئاشکرایە کە ناحەزەکانم بە سەرۆکەکەیان گوتووە:

ـ قوربان ئەزانیت موحەممەد ئاغا لەبەرچی بەیانیان زووتر لە هەمووو کەس دێتە دائیرە؟ لەبەر ئەوەی لە ماڵەکەی ماوەی ڕۆژنامەخوێندنی نییە و ناتوانێت ڕۆژنامەی دژ بە دەوڵەتی لەسەرخۆ بخوێنێتەوە، بۆیە هەموو ڕۆژێک بەو بەیانییە زوانە دێت تاوەکو بە کەیفی خۆی ئەو ڕۆژنامانە بخوێنێتەوە و بە چاکی لێیان حاڵی ببێت. ئەگەر جەنابت حەز دەکەیت بەیانییەکیان بە ئەسپایی و لەسەرخۆ بفەرمووە ژوورەکەی، ئینجا ئەوسا بۆتان دەردەکەوێت کە قسەی ئێمە ڕاستە یان نا، و ئەمەتا ئاغای سەرۆکیش بە قسەی باوەڕ کردوون و هاتووە بزانێت چی دەکەم. ئاغا هەروەکو خۆی و بەو

چەشنە دانیشتبوو، دەتگوت خەریکە هەموو مێزەکە دەگوشێت تاوەکو بیخاتە باوەشیەوە وا باوەشی پیا کردبوو و خۆی دابوو بەسەریدا. خەیاڵی پەرش و بڵاو بوون، بە ئەندازەیەک کە کارمەندەکانی هاوڕێ و هاوژووری یەک لە دوای یەک دەهاتنە ژوورەوە و سەلام و هەواڵپرسینی دڵسۆزانەیان لێ دەکرد، بەڵام ئەو هەر هیچ خەیاڵی لە لایان نەبوو، وەرامیشی نەدەدانەوە.

- ئاخر بۆچی ئەبێت وام لێ بکەن و بیانەوێت تووشم بکەن، من ئەوە سی ساڵە کارمەندم و تاوەکو ئێستا نەسیحەت و ئامۆژگاریی باوکی خوا لێخۆشبووم لە گوێچکەدا دەزرنگێتەوە کە پێی دەگوتم: "لەگەڵ هەموو کەس باش و دڵسۆز بە، ئیش و کارت هەمیشە بە پاکی و دڵسۆزانە جێبەجێ بکە و هەقت نەبێت بەسەر هیچ کارێکەوە کە بۆنی بەڵا و تەگەرە و ناخۆشیی لێ بێت". و ئەوەتا من تاوەکو ئێستا هەر وا ژیاوم و قەت حەز ناکەم دەوڵەت بگۆڕێت و لەم حیزبەوە بچێتە دەست حیزبی ترەوە، هەقم بەسەر هیچ حیزبێکەوە نییە.

موحەممەد ئاغا دەیزانی کە خۆی و ئەو کەسانەی وەکو خۆی هیچ کات سەر لە ئیش و کاری خودا و دەوڵەت (کە لەو کاتەدا سەر بە چ حیزبێکە) دەرنەدەکرد. هەموو ئارەزووی ئەو ئەوە بوو ئەو ڕۆژە بێت کە پێی بڵێن کارت تەواو، لە دوای ئەو هەموو ماندوویی و هیلاکی و کارە دڵسۆزانەیەی کە کردبووی بۆ دەوڵەت، لەبەر ئەوە هەر ئاواتی ئەوە بوو ئەوڕۆژە ببینێ کە تیایدا تەقاویت دەکرێت و ئیتر دەچێتە ماڵی خۆی.

موحەممەد ئاغا ترس کەوتە دڵی و هیچ بە دووری نەدەزانی لەوانەیە هەر ئێستا سەرۆکدائیرەکە بنێرێت بە دوایدا و پێی بڵێت:

- حەیف و خەسار کە ئەوەندە بڕوامان پێکردیت. لە کاتێکدا تۆ موچە لە دەوڵەت وەردەگریت و بە هۆی دەوڵەتەوە بە ئاسوودەیی دەژیت، کەچی لە ژێرەوە شتی خراپ دژی دەکەیت ڕاپۆرت و

ســـەروتار لە دژی دەوڵەت دەنووســـیت و عەیبوعارەکـــانی ئاشـــکرا دەکەیت و خەڵکی لێ هان دەدەیت، لەبەر ئەوە من ناچارم کە ئەم کـاره دژەقانوونیـــانەت حەواڵەی کاربەدەســـت و پـــارێزەری دەوڵەت بکەم و تۆیان بدەمە دەست، ئەوان ئیشی خۆیان بزانن، دەبوو ئەو کاتە خۆی بخاتە سەر دەستوپێی سەرۆکەکە و پێی بڵێت:

- باوەڕ بفەرموو کە من هیچ کات بەدبینیم نەکردووە بەرانبەر بە دەوڵەت. من ٣٠ ساڵ و وردەیەکە کە لەم دائیرەیە ئیشم کردووە و تەمەنیشـــم لە پەنجـــاوحەوت ســـاڵ تێپەڕیـــوە، مـــن تـــاوەکو ئێســـتا پشـــتیوانیی هەمیشـــەیی دەوڵەت بـــووم گـــوێم نەداوەتە ئەوەی کە حکومەت گۆڕاوە و ئێستا بە دەست چ حیزبێکەوەیە و هەموویانم وەک یەک سەیر کردووە.

لەجیاتی جارێک دە تا ٢٠ جار چوومەتەوە سەر سندوق و دیسان ڕام داوە و هەمـــوو ســـاڵێک پشـــتیوانیی خـــۆمم دەربڕیـــوە بەرانـــبەر دیموکراسی. دەوڵەت؛ بەڵام دەربارەی ئەم ڕۆژنامانە، خوا ئاگادارە کە هیچی لێ نازانم و نازانم کێ لەسەر مێزەکەمی داناوە، سوێندیش دەخۆم وەختی چاوم پێیان کەوت هەرگیز سەیرم نەکردن و حەزم نەکرد بزانم چییان تیادا نووسراوە.

لەو کـــاتەدا کە مـــوحەممەد ئاغـــا ئەم خەیـــاڵانەی دەکـــردەوە، دەرگاوانی سەرۆکدائیرە خۆی کردی بە ژووردا و گوتی:

- ئاغای موحەممەد سەرۆک داوات دەکات.

مـوحەممەد ئاغـا لە کاتیکـدا کە دەســـت و قـاچی دەســـتیان کـرد بە لەرزین لە ترسان، لەسەر کورسییەکەی بەرز بووەوە. ئەو قسانەی کە ویستی بە سەرۆکەکە بڵێت نەوەکو بانگی بکات و باسی ئەو ڕۆژنامانەی لێ بپرسێت، هەموو ئەو قسانەشی لە ترساندا لە بیر چووەوە.

موحەممەد ئاغا گەیشتە بەردەمی مێزی سەرۆک، بە پەرێشانی توانیی لەو هەموو قسانەی کە ئامادەی کردبوو بۆ لەسەرخۆکردنەوە لە بەردەمی سەرۆکەکە، بیهێنێتەوە بیری خۆی.

موحەممەد ئاغا سەلامی کرد. سەرۆکەکە بە ساردی وەرامی دایەوە. و گوتی:

- موحەممەد ئاغا بەپێی ڕاپۆرتێک کە پێم گەیشتووە، تۆ ماوەیەکە کەمتەرخەمی لە کارەکانی دائیرەکەتدا ئەکەیت، خاوەن ئیش و کار و هاتوچۆکەرانی دائیرەکە بە بیانوویەک دەردەپەڕێنیت، گوێ نادەیتە کارەکانیان.

موحەممەد ئاغا لە دڵی خۆیدا گوتی: نەم گوت، ئەوەتا خوا دەزانێت چ چاڵێکیان بۆ هەڵکەندووم؟

موحەممەد ئاغا گوڕی دایە خۆی و دڵی خۆی بەهێز کرد، زمانی خستە کار و گوتی:

- قوربان ئەم قسانە هەموویان درۆن. هەندێک دەیانەوێت خراپ و بەدناوم بکەن، بۆیە ئەو جۆرە قسانەم بۆ ڕێک ئەخەن.

سەرۆک بە هەندێک توندییەوە گوتی:

- تکایە گوناهی خۆت مەخەرە ملی خەڵکی ترەوە، چونکە خۆم تا بە چاوی خۆم بەدکارییەکانتم نەدیت قسەم نەکرد.

موحەممەد ئاغا چاوی ڕەشکەوپێشکەی کرد و سەری گێژ بوو، هەستی کرد لە ناو سەری هەندێک تەپڵ و دەهۆڵی بۆ لێ دەدەن. دەم و زمانی وشک بووەوە. لە دڵی خۆیدا گوتی: خۆم هەر زوو زانیم کە وا دەبێت، بەیانی بۆیە سەرۆک سەری کێشایە ژوورەکەم بەو بەیانی زووە، ئێستاش هیچ چارم نییە لەوە زیاتر کەچی بووە ئەوەی پێ بڵێم. بۆیە بەبێ قسە سەری خۆی شۆڕ کرد لە سەرۆک چووە دەرەوە. لە کاتێکدا کە قسەکانی سەرۆکەکە لە گوێچکەیدا دەزرنگایەوە.

موحەممەد ئاغا لە دڵی خۆیدا گوتی:

ـ باوەڕ ناکەم ئاغای سەرۆک هەر وا بە ئاسانی وازم لێ بهێنێت، بەتایبەتی کە ئەمڕۆ بە مەسەلەی ئەم ڕۆژنامە نەفرەتییەشی زانیوە، لەبەر ئەوە ڕەنگە ئێستا لە تەلەفۆنکردندا بێت لەگەڵ پۆلیس کە بێن و

بمگرن. کەواتە لەوە باشتر نییە کە هەر ئێستا بچمەوە لای جارێکی تر لێی بپارێمەوە بەشکم دڵی نەرم بێت، هیچ نەبێت نەمداتە دەست پۆلیسومۆلیس.

موحەممەد ئاغا دوو-سێ کاغەزی گرت بە دەستەوە و ڕووی کردە ژوورەکەی سەرۆک بە بیانووی ئیمزاکردنی ئەو چەند کاغەزانە. چووە ژوورەوە و بە کەساسییەکەوە لە بەردەمی مێزەکەی سەرۆک ڕاوەستا و گوتی:

- قوربان ئاگام لەوەیە کە نارەحەت و تورەیت، بەڵام باوەڕ بکە کە من هیچ جۆرێک ئاگام لە دانانی ئەو ڕۆژنامەیە نییە لەسەر مێزەکەم.

سەرۆک گوتی:

- باشە ئەگەر ئاگات لەو ڕۆژنامانە نییە، بۆچی خستتە ناو چەکمەجەی مێزەکەتەوە ویستت بیانشاریتەوە؟

- بەڵێ قوربان ڕاست ئەفەرموویت، بەڵام من دامنەناون و ئاگاداریش نیم. باوەڕم پێ بکە تاوەکو نووسینەکانیشم نەخوێندەوە و حەزم نەکرد بزانم چییان تیادا نووسراوە.

موحەممەد ئاغا دیسانەوە گوڕی دایە خۆی و گوتی:

- قوربان من سیوچەند ساڵە لەم دائیرەیە ئیش ئەکەم، هێشتا ڕۆژێک کەسێک پێی نەگوتووم بەری چاوت کلی پێوەیە، هەمیشە پشتیوانیی دەوڵەتم کردووە و کارم بەسەر ئەوەوە نەبووە کام حیزبە یان ئەوانە کێن، بۆ هەموویان "بژی... بژی"م کردووە.

لە کاتی هەڵبژاردندا لەجیاتی جارێک ١٠ ـ ١٥ جار ڕام داوە، چەندەها تەلەگرافی پیرۆزبایی و پشتیوانیم لێ داوە، ئیتر من چۆن شتی وا ئەکەم. سوێند ئەخۆم کە کاتێک من بەدبین نەبووم بەرانبەر بە دەوڵەت، قەتیش حەزم نەکردووە ڕژێم و کاربەدەستان بگۆڕێن.

سەرۆک بە نارەحەتییەوە گوتی:

- زۆر باشە تۆ جارێ برۆ ئەو ڕۆژنامانەم بۆ بهێنە. هەروەها جانتاکەشت لەگەڵ خۆت بهێنە.

موحەممەد ئاغا بە ترسەوە گوتی:

- باشە بەسەرچاو هەر ئێستا ئەچم و ئەیانهێنم بۆ جەنابت، بەڵام ئەی کاشکی بمردمایە و لە دوای ٣٠ ساڵ خزمەت و دڵسۆزی ئەم ڕۆژەم نەدیایە.

کاتێک ئاغای موحەممەد بە ڕۆژنامە و جانتاکەیەوە گەڕایەوە ژووری سەرۆک. سەرۆکەکە ڕۆژنامەکانی لە دەست وەرگرت و هەندێک لاپەڕەکانی هەڵدایەوە و ڕووی کردە یاریدەدەرەکەی کە ئەویش لەو کاتە لەوێ بوو و گوتی:

- چاوت لێیەتی، ئەمە دوو ستوونی درێژنامەی هاووڵاتییە کە شکات لە دائیرەکەمان ئەکەن، لەبەر ئەوە هەر ئێستا ئەبێت بڕۆیت و بۆ ڕۆژنامەکان بنووسیت و بە درۆیان بخەیتەوە.

سەرۆک ئەم جارە ڕووی کردە موحەممەد ئاغا و گوتی:

- ئێستا تۆش فەرموو بڕۆرەوە ماڵی خۆتان و بۆ چەند ڕۆژێک پشوو بدە. وا بزانم قانوونی کارمەند ڕەزامەنی مەجلسی لەسەر ئەدرێت و تۆش تەقاویت ئەکرێیت.

سەرۆک پێکەنیی و گوتی:

- برۆ ئیتر ئەمڕۆ زۆرم ئەزیەت دایت و گاڵتە و فیڵی چاکیشم لەگەڵ کردیت.

موحەممەد ئاغا لە خۆشیاندا هەڵبەزی و دەستی دا بەیەکدا و دەمی گەزی پان بوو و بە پەرۆش و خۆشییەوە ڕووی کردە سەرۆک، بەڵام هەرچەندە خەریک بوو لە خۆشیاندا قسەی بۆ نەهات. دەیویست سوپاسی بکات، دەیویست باوەشی پیا بکات، بەڵام هیچی ئەمانەی بۆ نەکرا، لەوە زیاتر کە بەو دیمەن و حاڵە بگەڕێتەوە ژووری خۆی. چوو لەسەر کورسییەکەی دانیشتەوە وەک شێتی لێ هاتبوو. دەستی کرد بە پێکەنینێکی بە دڵ. چۆن پێنەکەنێت، کە ئەو

لەو بەڵایە گەورەیە ڕزگـاری بـوو، هەروەهـا ئاواتەکەشـی هـاتە دی، چەند ڕۆژێکی تریش تەقاویت دەکرێت.

مـوحەممەد ئاغـا هەنـدێک بێـدەنگ بـوو، هـاتەوە سـەرخۆ و هاوڕێکـانی لـێ کـۆمەڵ بـوون، هەرکەسـەیان شـتێکی پـێ گـوت و پیرۆزبایی لێ کرد، بەڵام موحەممەد ئاغا هیچ وەرامێکی نەدانەوە و هیچ قسەی نەما، چونکە موحەممەد ئاغا لە خۆشیدا ڕۆحی دەرچوو بۆ خۆی مرد.

## شکاتکەر

بە بێزاری و نـاڕەحەتییەوە خـۆی وەک کـۆمەڵە گۆشـتێک هەڵدایە سـەر یەکێـک لەو دوو کورسـییانەی بە تەنیشـت یەکەوە بـوون لە ژووری لێپرسراوی پۆلیسخانە. دەستی برد بۆ گیرفانی و دەسرێکی دەرهێنـا، کە زیـاتر لە سـفرەی نـانخواردن دەچـوو وەک لە دەسـڕ. دەموچـاو سـەر و ملـی چـاک سـڕییەوە لە ئـارەق و ڕووی کـردە قۆمیسەرەکە و گوتی:

- قوربان شکاتم هەیە.

قۆمیسەر بە سەرسامییەوە پرسی:

- چییە گیرفانیان بڕیویت؟
- نەخێر قوربان کەس گیرفانی نەبڕیوم.
- کەواتە ڕێگرەکانی شار ڕێیان پێ گرتوویت؟
- نەخێر ئەوانەش هیچ هەقیان نەبووە بەسەر منەوە.
- کەواتە شکاتت لە کێ هەیە؟

کابرا دەسـتی درێژ کردە سـەر کورسـییەکەی تەنیشـتی کە ژنێکی شۆخی سەر و پرچ جوانی لەسەر دانیشتبوو و گوتی:

- قوربان شکاتم لەم خانمە هەیە.

- شکاتەکەت لە بابەت چییەوەیە؟ بۆچی یەکتر ئەناسن؟ پێش ئێستاش یەکترتان دیوە؟

- بەڵێ جاربەجار.

- لەگەڵ یەکتر هیچ پەیوەندییەکتان هەیە؟

- لەوە ئەچێت.

- ئەم خانمە چی تۆیە؟

- تا دوو سەعات لەوەو پێش دۆستم بوو، بەڵام ئێستا ژنمە.

- باشە ئەتوانیت بە باشی ڕووداوەکەتم تێبگەیەنیت؟

- بەڵێ قوربان، جارێ پێش هەموو شتێک گیرفان و دەستی بڕیوم و هاتوومە لای جەنابتان تاوەکو تەڵاقی بدەم و زەرەر و زیانیشم ببژێرنەوە.

ژنەکەم تاوەکو ئەوسا بێدەنگ دانیشتبوو، هەڵی دایە و گوتی:

- قوربان ماوەم بدەن کە من باسەکەتان بۆ بکەم.

کابرای مێردی بە نارەحەتییەوە قژاندی و گوتی:

- تۆ دەمت داخە.

کابرای قۆمیسەر ڕووی کردە ژنەکە و گوتی:

- خانم تۆ جارێ بێدەنگ بە، ئەبێت ئەم ئاغایە یەکەم جار قسە بکات.

ڕووی کردە کابرا و گوتی:

- بەڵێ فەرموو قسەت چییە؟

کابرا دیسانەوە ئارەقەکەی سڕییەوە و گوتی:

- قوربان ئیشی من کڕین و فرۆشتنی میوە و سەوزە و ئەو جۆرە شتانەیە، بگرە زۆر دوکانەکانی گوزەرەکەی خۆم من ئەو کارەیان بۆ ئەکەم و هەموو لە منی ئەکڕن و بە کۆمەڵ زۆر بۆیان ئەهێنم و بەسەریاندا دابەشی ئەکەم، ئیشی تیجارەتەکەم زۆر زۆر باشە و محەلێکی گەورەم لە یەکێک لەو شەقامە گەورانە هەیە. ئەم

خانمه جاربەجار به بەردەممدا ئەهات و ئەچوو، ئیتر ورده ورده یەکترمان ناسی من بەتەواوی ئاشقی بووم.

کابرای بازرگان دەستی برد ڕەسمێکی له گیرفانی خۆی دەرهێنا و دایه دەست قۆمیسەرەکەوه و گوتی:

- که من و ئەو بووین به ئاشنای یەک، ئەو ئاوەها بوو، وەکو ئەم ڕەسمه بوو. جەنابت ئەیبینی چەند جوانه. سنگ و مەمکی ئاوەدان، چاو و برۆی گەش و مەست و بادەمی. پرچی درێژ و ئاڵتوونی، که هەر پیاوێک چاوی به خاوەنەکەی بکەوێت شەیدا و تەیرانی ئەبێت. قوربان لێت ناشارمەوه هەر بەتەواوی ئاشقی بووم، وەک شێتم لێ هات بۆی، ژن و ماڵ و منداڵیشم هەر بیر نەما لەبەر ئەو.

بیرم کردەوه پلانێک دابنێم که بتوانم هەمیشه نزیکم بێت و زوو زوو بیبینم، چونکه ئەو چاوپێکەوتنانەی تر زۆر کەموکورِ بوون و له ٢٤ سەعاته چەند دەقیقەیەک ئەمم ئەبینی.

ڕۆژێکیان که دیسان هاتوو به لامدا تێپەڕیی و سەلامماں لەیەک کرد. دڵی خۆمم بەهێز کرد و گوتم: ئەوه بۆچی نافەرموویت هەندێک دابنیشیت. تو خوا تکاکەم قبووڵ بکەو زۆر حەز ئەکەم.

تکاکەمی قبووڵ کرد و هاته ناو مەحەلەکەم، لەسەر کورسییەک دانیشت. پرسیم: زۆر حەز ئەکەم بزانم ناوت چییه؟ گوتی: "ڕۆیا". لەگەڵ ناوگوتنەکەی هەندێک خۆی بەناز کرد و هەردوو مەمکی خڕو پڕیشی کەوتنه جووڵان و لەرینەوه، ئیتر منیش بەجارێک هەر شێتوشەیدا بووم. ورده ورده کورسییەکەم برده نزیک کورسییەکەی. لەپڕ لێم ڕاپەڕیی و گوتی: تکات لێ ئەکەم وا نزیکم مەکەوه، کەسێک وا بمانبینێت وا ئەزانێت ئاخۆ من چیم.

منیش به دڵ و گیان وەرامیم دایەوه و گوتم: ئاخر من حەز ئەکەم که هەمیشه نزیکت بم.

کابرای شکاتکەر دەستی دا بەیەکدا و ڕووی کردە قۆمیسەر و گوتی:

- قوربان ئیتر سەرتان نەیەشێنم ئەو ڕۆژە ئەوەندە باسی خۆشەویستی و عاشق و پەرێشانی حاڵی خۆمم بۆ کرد، کە هەر باس ناکرێت. لە ئەنجامدا ئەویش وەرامی دامەوە و گوتی: من سوپاسی ئەو هەموو هەست و خۆشەویستی و عاشقییەت ئەکەم و منیش عەینی هەستم هەیە بەرانبەرت، بەڵام ئەوەش بزانە کە کچێک لە تەمەنی مندا ئەوەندە هاتوچۆی پیاوێکی بێگانە بکات، ئاخۆ خەڵک چی پێ ئەڵێن؟ وەکو بزانیت هەر بەجارێک ئابڕووی ناچێت، ئیتر کەسیش بە چاک و بە خراپ ئاوڕی لێ ناداتەوە؟

قوربان بە پەرۆشەوە منیش پێم گوت:

- باشە لە سبەینێوە وەرە لای خۆم بە سکرتێر داتئەمەزرێنم، لە سبەینێوە وەرە خەریکی ئیش بە.
- بەڵام من تایپومایپ نازانم.
- باشە؛ تایپومایپی ناوێت. تەنیا ئاگاداری حیسابەکان بە.
- بەڵام من هیچ لە حیساب و کتابیش نازانم و تێناگەم.
- کەواتە لەسەر تەلەفۆن دابنیشە و وەرامی خەڵک بدەرەوە.
- هیچ کاتێک چاوەڕێی قسەی وام نەئەکرد کە پێم بڵێیت، چۆن من لەگەڵ هەموو پیاوە دوکاندار و نەدیو و نەناسیاو قسە بکەم.
- باشە هەر هیچ مەکە تەنیا وەرە بۆ ئێرە و من مانگانەیەکی چاکت بۆ ئەبڕمەوە.
- ئەوە چۆن ئەبێت، تۆ ژن و منداڵت هەیە، ناڵێن ئەوە چییە؟
- تۆ هیچ هەقت نەبێت، ئەگەر گەیشتە ئەوەش ئامادەم ژنەکەشم لەبەر خاتری تۆ تەڵاق بدەم.

ئاخری ژنەکەمم تەڵاق دا و ئەویشم بە سکرتێر ڕاگرت لای خۆم، هەموو مانگێکیش مانگانەی چاکم بۆ بڕییەوە.

ڕۆژێک زۆر تووڕە بووم لە دەستی و گوتم:

- باشه که تۆ هیچ ئیشێکم بۆ ناکەیت و پارەی زۆریش وەرئەگریت. دە هیچ نەبێت جاربەجار هەندێک دامەنی کراسەکەت بەرز بکەرەوە تاوەکو ئەم مانگانەیەت حەڵاڵ بێت.

- تۆ زۆر قسەی سەیر ئەکەیت، قەت ئەم قسەیەم لە تۆ چاوەڕێ نەئەکرد، چۆن مەحەلەکەت بەو جۆرە کاراند بەدناو ئەکەیت. ئەو کارانە لە دوکاناندا ناکرێت، ئەگەر لە خانوو و ماڵ بێت قەیناکا.

- کەوایە ڕێم ئەدەیت بێمە ماڵەکەتان؟

- نا نا بۆ خاتری خوا قسەی وا لە دەمت نەیەتە دەرەوە، بە خوا دایکم و براکانم پارچە پارچەم ئەکەن. ئەوە ئەگەر یەک ئاپارتمان هەبوایە باش بوو.

کابرای بازرگان و شکایەتکەر لە کاتێکدا هەناسەی سوار بووبوو، لە تووڕەییدا قسەکەی درێژە پێ دا و گوتی:

- من لە قسەکەی تێگەیشتم کە ئەبێت گوایا ئاپارتمانێک بە کرێ بگرم، یاخود پێ لە جەرگی خۆم بنێم و هەر لە دوورەوە هەناسەی بۆ هەڵبکێشم. ناچار چووم ئاپارتمانم بە کرێ گرت و هەفتەی دوو جار لەگەڵی ئەچووین بۆ ئەوێ، بەڵام بە درێژایی ئەو کاتانەی ئەچووین بۆ ئەوێ، ئەچوو لە پەنایەک دائەنیشت و دامەنی کراسەکەی تا سەروو ئەژنۆ بەرز ئەکردەوە.

کابرا ئارەقەی سڕییەوە و ڕووی کردە قۆمیسەر و گوتی:

- قوربان ئیتر ئەتوانیت حاڵم ئەو کاتە بزانیت. تاوەکو ڕۆژێک ئیتر ئەم وەزع و دیمەنەم پێ هەڵنەگیرا و بە ناڕەحەتییەوە پێم گوت:

- گیانە شیرینەکەم، تۆ بەم کردەوانەت بەتەواوی شێتم ئەکەیت. گوتت سکرتێری نازانم، گوتم باشە. گوتت حیسابداری نازانم، گوتم باشە، گوتت ئاپارتمان بە کرێ بگرە، ئەوەتا چووم بە کرێم گرت بۆت... ئیتر دە تۆش ...

قسەکانی پێ بڕیم و گوتی:

- یەعنی ئەفەرمووی چی بکەم؟

-	ئەفەرمــووم وەک شــەیدا و مەســت و ســەرخۆش یەکتــری بگرینە باوەش.
-	ئەم قسانە بە هـیچ جۆرێک جێبەجێ نـاکرێن و نـابن، چـونکە دوایــی کــێ ئامــادە ئەبێــت بمهێنێــت کە بزانێــت لەگەڵ پیــاوی تــر ڕامبواردووە؟
-	پێویست نییە بە تەمای کەسی تر بیت بتهێنێت، من ئامـادەم بتهێنم.

شەرتەکانیم هەموو قبووڵ کرد، دوای ئەوەی ئاپارتمانم کڕی بۆ دایکــی، ئۆتــۆمبێلم کــڕی بــۆ بــراکەی، پــارەیەکی یەکجــار زۆرم بــۆ شاییەکەمان سەرف کرد، بە خۆشییەوە کە ئیتر ئەو بوو بە هیی من و ئاواتەکەم هاتە دی.

دوای بەزمورەزمی شایی، کە چووینە ژوورەکەمان گوتی:

-	تــو خــوا بێــزەحمەت هەنــدێک بــڕۆ دەرەوە تــاوەکو جلەکــانم ئەگۆڕم.
-	ئەمەوێــت یارمەتیــت بــدەم، ئیتــر ئــێمە ژن و مێــردین بــۆچی بچمە دەرێ؟
-	نا تو خوا ئەمەوێت بە تەنیا بم.

منیش لەسەر قسەی چوومە دەرەوە، بەڵام پێنج دەقیقە بوو بە ١٠ دەقیقە، ١٠ دەقیقە بو بە ١٥ دەقیقە... ئەویش هەر هیچ دەنگی نەبوو.

لە پشت دەرگاکەوە بانگم کرد و گوتم:

-	عەزیزەکەم... چاوەکەم... خەریکی چیت لێ نەبوویتەوە؟
-	خەریکم جلەکانم دائەکەنم پەلەی چیتە؟
-	هەندێک پەلە بکە بەڕاستی تاقەتم چوو.
-	ئەوەتا هەر ئێستا تەواو ئەبم.
-	ئەگەر پێویستت بە من هەیە با بێم یارمەتیت بدەم.
-	نەخێر سوپاست ئەکەم.

لە کاتێکدا خەریک بووم پەرێشان ئەبووم، چونکە لەش و لارە نازەنینەکەی ئەهاتە بەرچاوم، گوتم:

- شیرینەکەم ئێستا خەریکی چیت؟
- ستیانەکەم دائەکەنم.
- دە ڕێم بدە با من بۆت دابکەنم؟ باشە ئێستا خەریکی چیت و چی دائەکەنیت؟
- خەریکم شتەکەم دائەکەنم گیانەکەم.
- ئاخر دە تۆ دەرگاکەم لێ بکەرەوە.

لەگەڵ ئەم قسانە تاقەتم نەما و یەک پاڵم بە دەرگاکەوە نا و چوومە ژوورێ، بەڵام کە چووم چاوم پێ کەوت بە حەپەساوی لە شوێنی خۆم ڕەق ڕاوەستام. بەڕاستی هەموو شتێکی ڕۆیای من وەکو خەوی لێ هات.

ئەو ڕۆیایەی کە منی لە ژیان و ژن و ماڵ و منداڵ کردەوە، منی لەو بەرزییەوە خستە چاڵەوە، ژنێک بوو بەرانبەرم ڕاوەستا بێ پرچ و بێ برۆ. لە هەموو گرنگتر بێ سینگ و مەمک، لە نارەحەتیدا قیژاندم بەسەریدا و گوتم:

- ئەی کوا ئەو پرچە ئاڵتوونییە جوانەت؟
- ئەوەتا لەسەر لێواری تەختی نووستنەکە.
- ئەی کوا برژانگی دڵڕفێنت؟
- ئەوەتا لە تەنیشت ستیانەکەمەوەیە.
- ئەی ئەو مەمکە بلوورییانەت کوا؟
- مەگەر نایانبینیت، ئەوەتان لای قاچتەوە.
- ئەی ئەو برۆ جوانانەت چی لێ هات؟

قیژاندی بەسەرمدا و گوتی:

- بابە گیان تۆ ماوەت نەدامێ، من دەست و دەموچاوم شت و تۆ نەتهێشت خۆم ئامادە بکەمەوە.

کابرای شـکاتکەر بە نـاڕەحەتییەکی زۆرەوە سـەیرێکی قۆمیسـەری کرد و گوتی :

- بەڵـێ قوربـان ئەمە هەمـوو بەسـەرهاتەکەمە و ئێسـتا مـن شـکاتم هەیە و داوای هەقـی خـۆم ئەکەم لەم خـانمە ڕووگەنمیـیە جۆفرۆشە.

١٩٩٢\٧\١٧

لەندەن